لە سالآنی ڕابردوودا  شاری سلێمانی لە بواری ژێرخانی ئابوری بەرەو پێشچوونێکی بەرچاوی  بەخۆوە بینیوە ,  کە نزیکەی لە  ٨٣,٢ ٪ ی خانووەکان بەستراونەتەوە بە تۆڕی ئاوەڕۆی گشتیەوە , وە لە  ٨٥,٥٪ بەستراونەتەوە بە تۆڕی ئاوی خواردنەوە. لەگەڵ  ئەوەشدا, لە ماوەی سالآنی داهاتوو بە پێی ئەو  پلانەی بۆی دانراوە هەنگاو بە هەنگاو بەشەکانی تری کە ماوە پێویستە بە یەکەوە ببەسترێتەوە , ئەوەی پەیوەستە بە گواستنەوەی گشتی , کە هێشتان لە قۆناغی سەرەتادایە , نەبوونی هیچ جۆرە ئامرازێکی گواستنەوەی گشتی یە لە کاتی ئێستادا. گواستنەوەی گشتی خزمەتگوزاریەکە پەرە دەدات بە بواری گەشت و گوزار و خاڵێکی ئەرێنیە و کاردەکاتە سەر ژینگەی سروشتی و ئاستی ژینگە . لە قۆناغی داهاتووشدا , تیشك دەخرێتە سەر (سلێمانی , پایتەختی رۆشنبیری)  وە کاری لە پێشینەیی ( ئەولەویەت ) بریتیە لە دروست کردنی تۆڕی گواستنەوەی گشتی و فەراهەم کردنی هەرچیەك پەیوەست بێت بە ئامرازی گواستنەوەی گشتی. پارێزگای سلێمانی پێویستی بە بەستنەوەی تۆڕی گواستنەوەی گشتی هەیە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی سلێمانی بۆ ناوەندی شار و شوێنەکانی تایبەتە بە کەلتورە سەرنجراکێشەکان , وە هەروەها ناوچەی فێستیڤاڵی کەلتوری و تەکنیکی وەکو هەنگاوێکی سەرەتایی بۆبەستنەوەی تۆڕی گواستنەوەی گشتی بۆ هەموو ناوچەکانی پارێزگاکە.

### لێهاتوویی و توانایی خۆجێ یەتی و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا

سلێمانی بەرزترین ئاستی پەروەردە و رۆشنبیری تۆماردەکات لە هەرێم , وە لە کاتی ئێستادا شارەزای ئەکادیمی ناوخۆیی جۆرا وجۆری هەیە , بەلآم هێشتا پێویستی بە شارەزا و توانا و لێهاتووی جۆراوجۆر و پیشەیی تر هەیە لە قۆناغی داهاتوودا بۆ پاڵپشتی کردن و بەدیهێنانی دیدگا و پەرەپێدانی ئامانجەکان . بۆ نموونە پسپۆڕی ئەکادیمی وەها هەیە کە شارەزاییەکی باشی هەیە لە بواری ڕۆشنبیری , زانستی شوێنەوار و گەشت و گوزار بەلآم هێشتان پێویستی بە بەرەو پێش چوون هەیە . لە لایەکی ترەوە لاوازی هەیە لە پەیرەو و پرۆگرامەکانی پەروەردە و ( مەنهەجی خوێندن ) لە ڕووی داهێنان و بەشداری کردنی هاوچەرخ کە هانی پێشەنگی وداهێنان و شیکاری کردن و زۆرترین سود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیا دەدات ئەگەر ئەکادیمی بێت یان پیشەیی . لەگەڵ  ئەوەشدا پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی پێویست  تر و لە پێشینە تر هەن بۆ بەرەو پێشچوون و پەرەپێدان بە تواناکان .

### ڕزگاربوون لە پاشەڕۆ  و خۆڵ و خاشاك :

ڕێژەی ٧٩ ٪ دانیشتوان خزمەتگوزاری کۆکردنەوەی پاشەڕۆ و خۆڵ و خاشاکیان پێدەگات , لە کاتێکدا ٢١ ٪ خێزانەکان خۆیان ڕزگارِ دەکەن لە پاشەڕۆ ی مالآن لە ڕێگای فڕێدانی خۆڵ  و پاشەڕۆ لە شوێنە کراوەکان  بە پێی (پلانی پێشکەوتووی ستراتیژی پارێزگای سلێمانی ٢٠١٦- ٢٠١٨ ).

خزمەتگوزاری کۆکردنەوەی پاشەڕۆ  بریتیە لە خزمەتگوزاری شارەوانی کە پێویستی بە پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی  زیاتر هەیە لە قۆناغەکانی داهاتوودا لە ڕووی  گشتگیری و ڕێکخستن و شمولیەتی جێبەجێ کردنی (  واتە بەجۆرێك بێت کە سەرجەم قەزا و ناحیە و شار و شارۆچکە و گوندەکان بگرێتەوە ) وە ژمارەی ئە و پاشەڕۆیانەی کە ڕۆژانە کۆ دەکرێتەوە , سەرەڕای جیاکردنەوەی پاشەڕۆی ترسناك , وەکو پاشەڕۆی پیشەسازی و پزیشکی و مالآن , لە کۆتاییشدا  چۆنێتی مامەڵە کردن لەگەڵ یان دا , ئەم کەرتەش دەچێتە ئەو  بوارانەن کە دەتوانرێت لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە هان بدرێت بۆ جێ بە جێ کردنی ئینجا چ لە بواری کەرتی تایبەت بێت یان هاوبەش لە نێوان حکومەت و کەرتی تایبەت.

This project is funded by the European Union

Covenant of Mayors for Climate & Energy

**باری یاسایی :**

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە لە رێکەوتی ٢٠١٤/٤/٣٠ , پاڵپشت بە بڕیاری هەموارکراوی ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٩ بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق . ژمارەی ئەو کورسیەکانی تەرخان کرابون بۆ پارێزگای سلێمانی بریتیە لە ٣٢ کورسی و کێبرکێ کردن لە نێوان ١٦٢ پاڵێوراو لە هەردوو رەگەزی نێر و مێ وە نوێنەری جۆرەها لایەنی سیاسی و نەژادی و ئایینی تیادا بوە . ئەنجامی هەلبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا ٣٢ کورسی دیاری کرد و تیایدا بەرێز دکتۆر هەڤاڵ ئەبوبکر دەست نیشانکرا وەکو پارێزگاری سلێمانی دوای بە دەست هێنانی زۆرترین دەنگ . وە پارێزگار رۆڵی کارگێڕی هەیە لە پارێزگا و مافی بەرێوەبردنی پارێزگای هەیە کە گشت کارگێریەکانی قەزا و بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکان و فەرمانگەکان دەگرێتە ئەستۆ. لە کاتێکدا ئەنجوومەنی پارێزگا رۆڵی چاودێری و بەدواداچونی ئەدائی فەرمانگە کانی ناو پارێزگا دەبینێت .

**تەواوکاری رێکارە نیشتمانیەکان :**

پلانی کاری ووزەی بەردەوام تیشك دەخاتە سەر گواستنەوە و خانووبەرە و خزمەتگوزاری گشتی , ئەو سێ پێکهاتەیە هاوتەریبە بە دیدگای کوردستان ٢٠٢٠, دیدگای کوردستان ٢٠٢٠ تیشك دەخاتە سەر بەرێوەبردن و ئیدارەدانی ئاو و گرنگی هەبوونی توێژینەوە و پرۆژە بۆ باشترکردنی خزمەتگوزاری ئاوەرۆ لە هەرێم . هەروەها, یەکێك لە ئامانجەکانی بریتیە لە دروستکردنی ناوچەیەکی ئابووری سەرکەوتوو کە بە لەبەرچاو گرتنی پاراستنی ژینگە ,وە لەبەر ئەوەی گۆرانی کەش و هەوا کاریگەری نەرێنی هەیە بۆ سەر هەوا , ئاو و خاك , رێکارەکان لە رێگەی دروست کردنی ئەنجومەنێك بۆ پاراستن و باشترکردنی ژینگە دەبێت , ئەمەش بە پێی ئەو یاسایەی لە ساڵی ٢٠٠٨ دەرکراوە و لە ساڵی ٢٠١٠ هەموارکراوەتەوە (تعدیل) , بەو پێیەش دەسەڵاتی ئەنجومەنی پاراستنی تەندروستی گشتی و سەرچاوە سروشتیەکان لابران لە چارەسەرکردنی بایۆلۆجی و چەکە کیمیاییەکان . زیادکردنی هۆشیاری ژینگەیی , پەرەپێدانی دروست کردنی تواناکان و دەست پێکردن بەو رێکارانەی کە هەڵسەنگاندن دەکات بۆ کاریگەریە ژینگەییەکان وە دانانی ستراتیژێك بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆرانی کەش و هەوا , پشگیری کردنی گروپەکانی پاراستنی ژینگە و باشترکردنی ژینگەی شارستانی , ئەو پێکهاتانەن کە دەبێت بە دەست بهێنرێن لە رێگەی پاراستنی سەلامەتی و پاکێتی ژینگە وە بۆ نەوەی ئایندە بۆ ئەوەی بە هەمان شێوە سوودی لێ وەربگرن. (وەزارەتی پلان دانان , دیدگای کوردستان , ٢٠٢٠, لاپەرە (٣٥٣٧))

ستراتیژی گەشەپێدانی پارێزگا بۆ پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵانی ٢٠١٦ و ٢٠١٧ و ٢٠١٨ , شەش ئامانجی سەرەکیان هەیە وەك لە دیگای ٢٠٢٠ دا هاتووە.

ستراتیژی گەشەپێدانی پارێزگا لەگەڵ پلانی کاری ووزەی بەردەوام هاورِان لەسەر سێ ئامانج بەم شێوەی خوارەوە:

زیادکردنی توانایی کارگێری ودارایی , فەراهەمکردنی خزمەتگوزاری گشتی و دروستکردنی ژینگەیەکی سەرنج راکێش بۆ وەبەرهێنان (پارێزگای سلێمانی , پلانی ستراتیژی پارێزگای سلێمانی ٢٠١٦-٢٠١٩).

پرۆژەی بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP)/ بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەی خۆجێیەتی (LADP ) رێککەوتنی ماوە درێژی واژوو کردووە لەگەڵ وەزارەتی پلاندانی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو هاوشانی سەرەکی . هەر سێ پارێزگاری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دووپارتی ئەوەیان کردەوە کە بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP) تەوەرەی سەرەکی دەبێت لە کاری پارێزگاکان و بەرێوەبەرایەتیە تەکنیکیە دیاریکراوەکان. وە ئەوەشیان بەستنەوە بە پشگیری و هاوکاری و پێدانی شارەزایی بە بەرێوەبەرایەتیە تەکنیکیەکان لە هەر پارێزگایەك لەو پارێزگایانە بە گوێرەی پێویست . بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP) سوود وەردەگرێ لە شارەزایی پسپۆری چەندین هاوبەشی ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بەگوێرەی داواکاری و ئەو (تفویض)ەی پێیان دراوە وەکو ئاژانسی UN-HABITAT, رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ILO, رێکخراوی یونسێف UNICEF و رێکخراوی تەندروستی جیهانیWHO.

## تەواوکاری لەگەڵ پلانی دەسەڵاتی ناوخۆیی وکاری پەیوەندیداری تر:

بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچە خۆجێیەتیەکان (LADP ) دەستی کردووە بە دانانی ڕێککەوتن نامەیەك لە چوارچێوەی ڕەزامەندیان لەسەر پەیوەندی نێوان پارێزگا پەیوەندارەکان و بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP) لە جیاتی ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جێ بە جێ کردنی بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچە خۆجێیەتیەکان (LADP ) کە لە لایەن یەکێتی ئەوروپا وە پارەی بۆ تەرخانکراوە. ئەم ڕێککەوتننامەیە وەکو بەڵگەنامەی سەرەکی رێککەوتن و پابەندبوونی گشت لایەنە پەیوەندارەکان ئەژمار دەکرێت بە ئامانجی ئاسانکاری کردن , بەرەوپێشبردن , رێکخستن , هەماهەنگی و جێ بە جێ کردنی ئەم چالاکیە دیاریکراوانەی کە پێوەی پەیوەستکراون لە دۆکیومێنتی بەرنامە کە دا .

تیمی پلانی کاری ووزەی بەردەوام (SEAP) زنجیرەیەك وۆرکشۆپ و کۆبوونەوەی لەگەڵ هاوبەشانی حکومی ئەنجامداوە بۆ بەرەوپێشبردنی ستراتیژی کاری تیمەکە , کە ئەو نوێنەرانەی ئەنجوومەنی پارێزگا کە دیاری کرابون لەو هەموو کۆبوونەوە و وۆرکشۆپانە ئامادەییان هەبوە .

## کورتە باسێك دەربارەی پارێزگای سلێمانی

سلێمانی دەکەوێتە باکووری خۆرهەلاتی عێراق لەسەر سنووری عێراق و ئێران لە هەرێمی کوردستان , لە باکوری ڕۆژئاوی شاری سلێمانی , بەنداوی دوکان دەکەوێتە سەر ڕوباری زابی بچووك. سلێمانی ناسراوبوە بەوەی کە پایتەختی میرنشینی بابان بووە پێش دامەزراندنی شارە تازەکە لە ساڵی ١٧٨٤ . ئەم شارە دامەزرێنراوە لە ڕێکەوتی ١٤ ی تشرینی دووەم ١٧٨٤ لە لایەن شازادەی کوردی ئیبراهیم پاشای بابان , هەر ئەویش بوو ناوینا (سلێمانی) کە پەیوەست بوو بە ناوی باوکی (سلێمان پاشا). لە ساڵی (١٧٨٥ ) دروستکردنی بازاڕی بازرگانی و کۆشکی دەسەڵاتداری تەواوکراوە . دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەری دەستیان کرد بە گواستنەوە بۆ شارە نوێیەکە و شاری سلێمانی مایەوە وەکو پایتەختی میرنشینی بابانیەکان تاکو ساڵی (١٨٥١) .

فرۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتی تێدایە بە ناوی (فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی) دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای شارەکە لە ڕێکەوتی ٢١ ی تەمموزی ٢٠٠٦ کراوەتەوە . سلێمانی بنکەیەکی گەشت و گوزاریە بۆ گەشتیاران لەسەرتا سەری عێراق , ژمارەی گەشتیارانی گەیشتە ٦٠.٠٠٠ هەزار گەشتیار لە ساڵی ٢٠٠٩ , بوونی تاڤگەکانی ئەحمەد ئاوا , بەداوی دوکان و بەنداوی دەربەندیخان , وای لە شارەکە کردووە کە ببێتە جێگەی بایەخ و شوێنێکی گەشتیاری بۆ گەشتیاران لە هاویندا, وە هەروەها بوونی ژمارەیەکی زۆر ئوتێلی هاوچەرخ وەك ئوتێلی شاری جوانی گراند ملینیۆم , ئوتێلی های کریست و ئوتێلی ئارین کە دەڕوانێتە پارکی ئازادی , چیای ئەزمەڕ و ئوتێلی سلێمانی پالاس لە ناوجەرگەی شار .

سلێمانی بەوە ناسراوە کە شاری ڕۆشنبیریە و چەندەها نوسەر و ڕۆمان نووسی تیایدا هەڵکەوتوە . دیارترینیان هونەرمەندانی لە بواری هونەر و رۆشنبیری و گۆرانی ووتن بریتین لە (نالی , مەولەوی , مەحوی , کوردی , پیرەمێرد , گۆران و فایەق بێکەس و شێرکۆ بێکەس ).

## ڕوانین لە ئایندە :

دیدگای ( رۆیا ) سلێمانی بریتیە لە ((سلێمانی (پایتەختی رۆشنبیری) هاوڵاتیان تیایدا خۆشگوزەران بن و ژینگەیەکی گەشە سەندو جێی سەرنج بێت بۆ وەبەرهێنان پاڵپشت بە سەرچاوە پێشەنگەکان کە بەکاربهێنرێت بە باشترین شێوە بە پێی بنەماکانی یەکسانی کۆمەلایەتی.))

This project is funded by the European Union

Covenant of Mayors for Climate & Energy

## لایەنەکانی ڕێکخراوەیی و دارایی

### هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی و نیشتمانی :

هەماهەنگی ڕێکدەخرێت لە نێوان حکومەت و وەزارەتەکان بە شێوەیەکی ڕێك وپێك لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی ڕۆژانە و کۆبوونەوەی مانگانە. بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان دوو شێوازیان هەیە بۆ پەیوەندی کردن , پەیوەندی ستوونی لەگەڵ وەزارەتەکانیان و پەیوەندی ئاسۆیی لەگەڵ پارێزگا .دەتوانن پارێزگا و وەزارەتەکان ئاگادار بکەن لە کار و داواکاریەکانیان لە هەمان کاتدا. بەڕێوەبەری گشتی کە خزمەتگوزاری گشتی دابین دەکات لەوانەیە پارە لە وەزارەتەکەی یان لە پارێزگا وەرگرێت.

## پێکهاتەی ڕێکخراوەیی دارێژراو/ دیاریکراو بۆئامادەکردن وجێبەجێ کردنی پلانی کاری ووزەی بەردەوام (SEAP)

پێکهاتەی کارگێڕی پارێزگا هەروەك لەسەرەوە نیشاندراوە , زیادکردنی هەموو بەڕێوەبەرایەتیە پەیوەندارەکان بۆ پێکهاتەکە دەبنە پاڵپشتیەکی مەزن بۆ پلانی کاری ووزەی بەردەوام (SEAP). لە پارێزگا دوو لیژنە پێك هێنراون , لیژنەی ئاڕاستەکردن و ڕێنوێنی (Steering Committee) بە سەرۆکایەتی جێگری پارێزگار و بە لەخۆگرتنی بەڕێوەبەری پلادانان و بەدواداچون و زۆربەی بەڕێوەبەرە گشتیەکانی پارێزگا وژمارەیەك لە ئەکادیمی زانکۆ و پسپۆر لە ووزەی نوێوەبوو . لەگەڵ لیژنەی تەکنیکی , کە ئەندازیارەکانی گشت بەڕێوەبەراتیەکان دەگرێتە وە .
جێگری پارێزگار لایەنی هەماهەنگ (منسق) دیاری دەکات بۆ گفتوگۆکردنی کار لەنێوان بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP)و دوو لیژنەکە .

**وێنەی ژمارە (٢)، پەیکەری کارگێڕی پارێزگا**



## گونجاندنی پەیکەری کارگێڕی پارێزگای پارێزگای سلێمانی و فەرمانگە خزمەتگوزاریەکانی سەر بە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

| بەش | فەرمانبەرەدە ستنیشا نکراوەکان | ئیمەیل | ژمارەی تەلەفۆن |
|---|---|---|---|
| پارێزگای سلێمانی<br>بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان و بەدواداچون<br>بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی<br>بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان<br>بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری | خاتوو تابان جبار - بەڕێوەبەری پلاندانان و بەدواداچون<br>بەڕێز سەرچل ئەنوەر - بەڕێوەبەری کاروباری یاسایی<br>بەڕێز نەورۆز رەئوف - بەڕێوەبەری گرێبەستەکان<br>بەڕێز هیوا علی - بەڕێوەبەری ژمێریاری | tabanplan@yahoo.com<br>__________<br>__________<br>ali58@ yahoo.com | 07701511568<br>07701571959<br>07701418531<br>٠٧٧٠٥٠٣٤٤٥٨ |
| بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەر | بەڕێز بەختیار طاهر - بەڕێوەبەری ئاوی دەوروبەر<br>بەڕێز زەبەنگ بەهائەدین- ئەندازیاری ئاو و سەلامەتی (WATSAN). | bakhtvarsswd@yahoo.combaha<br>den@yahoo.com | 07701522262<br>07701569936 |
| بەڕێوەبەرایەتی ئاو/ئاوەڕۆ (ئاوی قورس) | بەڕێز سەربەست عوسمان - بەڕێوەبەری ئاو و ئاوەڕۆ<br>خاتوو ئاڤان نوری - جێگری بەڕێوەبەر و لێپرسراوی دیزاین | qader@rocketmail.comavan<br>878@vahoo.com | 07701531117<br>07701534094 |
| بەڕێوەبەرایەتی کارەبا | بەڕێز کاروان ئیبراهیم - ئەندازیاری کارەبا | karwan742009@hotmail.com | 07701547035 |
| بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە | بەڕێز خۆگر عەزیز- سەرۆکی پلان دانان | Plan.suly@gmail.com | 07709854646 |
| بەڕێوەبەرایەتی ژینگە | بەڕێز دیار غەریب - بەڕێوەبەری ژینگە<br>خاتوو ئیخلاص ئەلماس - بەرپرسی تاقیگە و توێژینەوە | Salas diyar@gmail.com<br>Akhlasalmas74@yahoo.com | 07701929766<br>07711831909 |
| بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی | بەڕێز ئاسۆ جەزا - بەڕێوەبەری خاك و خاشاكی پتەو<br>بەڕێز میران احمد – بەرپرسی پێشوتری ماستەر پلان | Aso732000@gamil.coom<br>miranarchitect@gmail.com | 07701585538 |
| بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیەکان | بەڕێز نەوشێروان حەمە - بەڕێوەبەری پلان دانان و بەدواچون | Nawshirwan1967@gmail.com | 07701582061 |
| بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ | بەڕێز ڕزگار حەسەن - بەڕێوەبەری پلان دانان<br>بەڕێز ساسان عبدالغنی - سەرۆکی بەشی باخچەی ڕووەکی<br>بەڕێزان محمد ئاغا و بەڕێز جەلیل شمس الدین- سەرۆکی کاروباری تەکنیکی | rzgarhsn@yahoo.com<br>rzgaragha55@gmail.com<br>ialilsh@hotmail.com | 07701418571 |
| بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوان | بەڕێز جمال رشید عارف - بەڕێوەبەری بەشی دارستان | Jamalrashed14@yahoo.com | 07701902951 |
| بەڕێوەبەرایەتی باخچەکان | بەڕێز سامان کریم علی - بەڕێوەبەری پڕۆژەکان<br>بەڕێز کامەران حەمەصالح - بەڕێوەبەری بەشی باخچەکان | Saman 782013@yahoo.com<br>Kamaran aw@yahoo.com | 07702147255<br>07701535250 |
| بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی | بەڕێز تاریق محمد نوری - بەڕێوەبەری نەخشەدانانی ئاوەدانی | Tariq arch@yahoo.com | 07701545525 |
| بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ | بەڕێز سەباح تاهیر سعید – رائیدی پۆلیسی هاتووچۆ<br>بەڕێز کاروان سدیق – رائیدی پۆلیسی هاتووچۆ | Sabahsaeed77@gmail.com<br>Karwan.2010@yahoo.com | 07707734545 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 07701511845 | Karimagha59@yahoo.com | بەڕێز کەریم ئاغا باوە – سەرۆکی بەشی پۆستە و گەیاندن | بەڕێوەبەرایەتی پۆستە و گەیاندن |
| 07701525323 | Rebin5323@gmail.com<br>Fahmi33mahmud@gmail.com | بەڕێز ڕێبین جەمال – بەڕێوەبەری هەواری شار<br>بەڕێز فهمی محمد – ئەندازیاری کارەبا- پارکی هەواری شار | بەڕێوەبەرایەتی پارکی هەواری شار |
| 07701536525 | suliamar@gmail.com | بەڕێز محمود عثمان معروف – بەڕێوەبەری ئامار | بەڕێوەبەرایەتی ئامار |
| 07701562212 | gdgwaters@yahoo.com | بەڕێز عباس علی احمد – بەڕێوەبەری ئاوی ژێرزەوی | بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی |
| 07701543747 | | بەڕێز کمال – ناسراو بە کەمال موختار | ژووری بازرگانی |
| 07701928004 | rozhanfaraidun@gmail.com | دکتۆر ڕۆژان فەرەیدون- بەڕێوەبەری تۆڕی زەمینی | تۆڕی زەمینی- ڕێکخراوی ناحکومی (NGO) |
| 07701918131 | Barhamiamal@gamil.com | بەڕێز بەرهەم جەمال – خاوەنی کۆمپانیای دۆست | کەرتی تایبەت- کۆمپانیای دۆست (چارەسەری گازی ئۆتۆمبیل) |
| 0770 355 2020 | | خاتوو ڤیان خان | بەرپرسی پەیوەندیە گشتیەکان- پارێزگای سلێمانی |
| 0770 1515 383 | Kurdokama160@gmail.com | بەڕێز کوردۆ کەمال شفیق | بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبان |
| 07707 1575 533 | sozan ameen@yahoo.com | خاتوو سۆزان مستەفا<br>دکتۆر عادل<br>دکتۆرڤیان | بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی |
| 0770 1522 403 | - | بەڕێز فەرەیدون | بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی |
| 0771 8222 843 | Rozhen.mohammed@spu.edu.iq | دکتۆر ڕۆژان کەمال | زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی (SPU) |
| 0770 1913 564 | shwance@yahoo.com | بەڕێز شوان جاف | ڕێکخراوی ناحکومی (NGO)- COFE |

**بەشداریکردنی خاوەن بەرژەوەندان و هاوڵاتیان**

زۆربەی خاوەن بەرژەوەندان بەشداریان کرد لە پلانی کاری ووزەی بەردەوام (SEAP) , سەرەڕای بەشداریکردنی ئەندازیارانی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە جۆراوجۆرەکانی وەکو بەڕێوەبەرایەتی (ئاو, کارەبا, شارەوانیەکان)لەگەڵ هەندێك بەڕێوەبەرایەتی تر کە بەشداریان کرد لە پەرەپێدانی پرۆژەکان و پشگیری کردنی ئێمە بە دابینکردنی داتایپێویست , وە هەروەها زانکۆکان ڕۆڵی مەزنیان هەبوو لە پشگیری کردنی پلانی کاری ووزەی بەردەوام (SEAP), هەردوولایەنی ئەکادیمی و قوتابیان. ئەکادیمیەکان لە کۆبوونەوەکان و وۆرکشۆپەکان بەشداریان کرد بۆ پێدانی بیرۆکە و ڕوانینی نوێ لەسەر پرۆژەکە . قوتابیەکانیش بەشداریان کرد لە پێشبرکێی پرۆژە بەردەوامەکان کە گەشە دەدەن بە زۆربەی پرۆژەکانی تەواو پەیوەستن بە پلانی کاری ووزەی بەردەوام (SEAP) وە لەوانەیە ببنە پاڵپشتیەکی گەورە بۆ پاراستنی ژینگە لە گۆڕینی کەش و هەوا .

### ئاماژە بۆ پلانی بەرەو پێشبردنی هۆشیاریی هاولاتی

### بوودجە

### سەرچاوەی پارەپێدانی چاوەڕوانکراو بۆ بەرهەمهێنان لەچوارچێوەی پلانی کاری تۆ

لەوانەیە دەرفەتەکانی پارەپێدانی چاوەڕوانکراو بە دەست بهێنرێت بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەکان لە هەردوولایەنی وەبەرهێنانە ناوخۆییەکان و بەخشەرە نێودەوڵەتیەکان . شتێکی ڕونە کە هەندێ بەڵێندەری ناوخۆیی ئامادەن وەبەرهێنان بکەن لە هەندێ پرۆژەی بچووك کە پەیوەست بێت بە خزمەتگوزاری گشتی و هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە. لە هەمان کاتدا, هەندێ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی ناحکومی لەم بوارە کاردەکەن و هەمان پلانیان هەیە.

### بەشی سێ یەم : لیستی دەردانی سەرەکی

### لیستی دەردراوە غازیە سەرەکیەکان (BEI):

هەڵدەستێ بە دیاریکردنی بڕی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی دەردراو بەهۆی بەکارهێنانی ووزە لە ناوچەکانی دەسەلاتی ناوخۆیی لە ساڵی سەرەکیدا. وە ڕێگادەدات بە دیاری کردنی سەرچاوەی مرۆیی سەرەکی بۆ دەردانەکانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن , بە گوێرەی ئەمە کاری لەپێشینەی بریتی دەبێت لە کەمکردنەوەی پێوانە کان (پارێزگاران ٢٠١٠). فراوان کردنی لیستی دەردراوە غازیە سەرەکیەکان (BEI) بە بایەخێکی یەکلاکەرەوە. ئەوەش لەبەرئەوەی لیست دەبێتە ئامرازێك ڕێگا بە دەسەلاتی ناوخۆیی دەدات بۆ پێوانەکردنی کاریگەری کارەکانی پەیوەندیدارە بە گۆڕانی کەش و هەوا وە . لیستی دەردراوە غازیە سەرەکیەکان (BEI) نیشانی دەدا لە کوێ دەسەلاتی ناوخۆییی لە خاڵی سەرەتادایە وە لیستی چاودێری دەردانە یەك لە دوای یەکەکان بەرەو پێشچوون نیشان دەدەن بەرەو ئامانج . لیستی دەردانەکان پێکهاتەی زۆر گرنگن بۆ هاندانی گشت لایەنی ئارەزوومەند بۆ بەشداریکردن لە ئامانجی کەم کردنەوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە تەن , وە ڕێگایان پێ بدرێت بۆ بینینی ئەنجامی هەوڵ و تێکۆشانیان. (پارێزگاران ٢٠١٠).

### ڕێبازی توێژینەوە

ئەم بەشە باسی بنەماکانی ڕێبازی توێژینەوەی کۆکردنەوەی زانیاری دەکات , کە لیستی جۆرەکانی سەرچاوەی دەردان دیاری کراوە , لەسەر بنەمای داتاکان بۆ شیکردنەوە و ئەژمارکردنی ڕێگاکانی بەکارهێنراوە . هەروەها باس لە ڕێگای بەکارهێنراو لە ئەژمارکردنی لیستی دەردراوە غازیە سەرەکیەکان (BEI) دەکات و لە هۆکاری ئەوەی کە دەردانەکان (پێوانەیی) ئەژماردەکرێت , لەگەڵ توێژینەوەی لیژنەی حکومی نێودەوڵەتی پەیوەست بە گۆڕانی کەش و هەوا (IPCC) و گونجاو لەگەڵ سیستمی ڕاگەیاندنی تایبەت لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی گۆڕانی کەش و هەوا.

دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن ئەژماردەکرێ لە ڕێگای بەکارهێنانی ووزە لە ناوچەی دەسەلاتی ناوخۆیی ئینجا چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێت بەهۆی سووتانی سووتەمەنی لەناو دەسەلاتی ناوخۆیی یان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بێت بەهۆی سووتانی سووتەمەنی پەیوەست بە کارەبا یان بەکارهێنانی لە گەرمی/ ساردی لە ناوچەکەدا , دەردراوەکانی میپان و ئۆکسید نیترۆن ئەژمار ناکرێن , دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە ئەنجامی بەردەوام بەکارهێنانی تۆپەڵی سەرەکی (biomass)/ سووتەمەنی سەرەکی (biofuels) , هەروەها دەردان لە کارەبای سەوزی باوەرپێکراو بە (٠) سفر مەزەندە دەکرێ .

فاکتەرەکانی دەردانی پێوانەیی پشت دەبەستێ بە ڕێنماییەکانی لیژنەی حکومی نێودەوڵەتی پەیوەست بە گۆڕانی کەش و هەوا (IPCC) ٢٠٠٦ (IPCC , ٢٠٠٦) .

**ساڵی سەرەکی**

ساڵی سەرەکی ئەو ساڵەیە کە تیایدا بەراورد دەکرێت بە دەستکەوتەکانی کەمکردنەوەی دەردانەکان لە ساڵی ٢٠٣٠. ساڵی سەرەکی بریتیە لە ساڵی ٢٠١٥.

## ئامانجی هەر تاکێك

**دەسەڵاتی ناوخۆیی ئامانجی داناوە وەکو (هەر تاکێك)**

لەو بەڵگەنامەیە , دەردانە سەرەکیەکانی ساڵی ٢٠١٥ دابەش دەکرێت بەسەر ڕێژە و ئامانج بۆ ساڵی ٢٠٤٠ لەسەر ئەم بنەمایە ئەژماردەکرێ.

## داتای چالاکی

داتای کارو چالاکیەکانی مرۆڤ دیاریدەکە کە ئەنجام دەدرێ لە ناوچەی دەسەڵاتی ناوخۆیی , بۆ نموونە :

- سووتەمەنی بەکاردەهێنرێ بۆ هاتووچۆ (MHh fuel)
- بەکارهێنانی کارەبا لە باڵەخانەکان (MHh E)
- بەکارهێنانی گەرمی لە باڵەخانەکان (MHh heat)

## کەرتەکان بۆداتای چالاکی

- باڵەخانەی پارێزگا , دامەزراوەکان / ئامێر.
- بالاخانەی خزمەتگوزاری , دامەزراوەکان / ئامێر.
- بەکارهێنانی کارەبا لە باڵەخانەی نیشتەجێ بوون , بەکارهێنانی سووتەمەنی بۆ گەرمکردنەوە.
- ڕووناك کردنەوەی گشتی دەسەڵاتی ناوخۆیی.
- گواستنەوە لە سنوری پارێزگا , خێرایی پیاڕۆیی پارێزگا , پیاروۆی گشتی , گواستنەوەی تایبەت و بازرگانی .
- پیشەسازی
- کشتوکال
- هی تر وەکو پاشەڕۆ ی پتەو.

## ڕێکارەکان

ئەم ڕێبازە پێویستی بە کۆمەڵێك ڕێکار هەیە :

- دیمانەکردن لەگەڵ فەرمانبەرانی سەرچاوەی داتا و هەڵسەنگاندنی داتای بەردەست .
- کۆکردنەوە و کار لەسەرکردنی چەندیەتی داتا.
- دامەزراندنی پێوەر.
- کۆکردنەوەی زانیاری جۆری بە بەکارهێنانی پێداچوونەوەی بەڵگەنامە و چاوپێکەوتنەکان/ وۆرکشۆپەکان لەگەڵ پارێزگا.
- هەڵبژاردنی کۆمەڵەی داتا دیاری دەکرێ لەسەر بنەمای پێوانەکانی کە لەگەڵ پارێزگا لەسەری ڕێکەوتن , وە ئەوانەی چالاکیانە بەشداریانکردووە لە پێشکەشکردنی داتا .

This project is funded by the European Union

Covenant of Mayors for Climate & Energy

## سەرچاوەکان

پارێزگای سلێمانی

وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی سەرچاوە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## ڕێبازی توێژینەوە

دیاری کردنی داتای پێویست بۆ دەردانی سەرەکی.

دیمانەکردن لەگەڵ نوێنەرانی سەرچاوەی داتاکان.

هەلبژاردنی داتای پەیوەندیدار بۆ لیستەکە.

هەڵسەنگاندن و ڕەواییی داتای کۆکراوە.

پشکنینی ئاستی تەواوی و ڕاستی داتای کۆکراوە.

پۆلێن کردنی داتای کۆکراوە.

## هۆکاری دەردان

هۆکارەکانی دەردان هاوکۆلکن لەگەڵ دەردانەکانی ئەژماردەکرێ بۆ هەر یەکەیەکی چالاکی . دەردانەکان مەزەندە دەکرێن بە لێکدانی هۆکاری دەردان لەگەڵ هاوتای داتای چالاکی. نمونەکانی هۆکاری دەردان ئەمانەن:

- بڕی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن $CO_2$ بلاْودەبێتەوە لە بەکارهێنانی سووتەمەنی ;[t $CO_2$/MWhfuel]
- بڕی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن $CO_2$ بلاْودەبێتەوە لە بەکارهێنانی کارەبا.;[t $CO_2$/MWhe]
- بڕی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن $CO_2$ بلاْودەبێتەوە لە بەکارهێنانی گەرمی..[t $CO_2$/MWhheat]

## هۆکاری دەردانی کارەبا

بۆ دەست نیشان کردنی هۆکاری دەردانی کارەبا , پێویستە چارەسەری ئەمانەی خوارەوە بکرێن:

١. هۆکاری دەردانی کارەبای نیشتمانی بەکاردەهێنرێ لە ناوچەی دەسەلاتی ناوخۆیی , بەلاْم یەکە سەرەکیەکانی کەدەردانی کارەبا بەرهەم دەهێنن تەنیا جەخت لەسەر خاکی هەندێ لەوانە دەکەنەوە . ئەم یەکە بەرهەمهێنە سەرەکیانە زۆربەی کات ژمارەیەکی زۆر دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بەکاردەهێنن (لە حاڵەتی کارگەی سووتەمەنی بەردینەی گەرمایی) بەلاْم بەرهەم هێنانی کارەبایی مانای وانیە بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی کارەبای دەسەلاْتە ناوخۆییەکان بەرهەم دەهێنرێت , بەڵکو پێویستیان بە ناوچەیەکی زیاتر هەیە , بە مانایەکی تر , ئەم کارەبایەی کە بە تەواوی بەکاردەهێنرێ لە دەسەلاْتی ناوخۆیی لە کارگەی جۆراوجۆر بەرهەم دێت ئینجا چ ناوخۆیی بێت یان دەرەوەی دەسەلاْتی ناوخۆیی. لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم کارەبایەی کە لەو کارگە جیاوازانە دێت دووەم

ئۆکسیدی کاربون دەردەدرێت. بۆ دیاریکردنی ئەم ڕێژەیە بۆ هەر تاکێکی خێزان , ئەمە ئەرکێکی سەختە و بەندە لەسەر چەندین هۆکار جگە لەوەش , لە ڕاستیدا دەسەڵاتی ناوخۆیی ناتوانێ زاڵ بێت بە سەر دەردانی ئەو جۆرە کارگانە . لەبەر ئەم هۆیە , وەبە ڕەچاوکردنی جەخت کردنەوەی پەیمانی پارێزگارەکان (Covenant of Mayors) لەسەر لایەنی بەکارهێنان , ڕادەسپێرن بە بەکارهێنانی هۆکاری دەردانی نیشتمانی یان ئەوروپی وەکو خاڵی دەستپێك بۆ دیاریکردنی هۆکاری دەردانی ناوخۆ (پارێزگاران ٢٠١٠).

٢. هۆکاری ئەم دەردانە ڕەنگدەداتەوە لە تێکرای دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن ($CO_2$) کە پەیوەستە بە بەرهەم هێنانی کارەبای نیشتمانی . هۆکاری دەردانی نیشتمانی بەرز و نزم دەبێت ساڵ بە ساڵ لەبەر تێکەڵەی ووزەی بەکارهێنراو لە کۆمەڵەی کارەبا . ئەو بەرز و نزمیە دروست دەبێت بەهۆی گەرمی و ساردی و بوونی ووزەی نوێوەبوو , بارودۆخی بازاڕی ووزە , هینان و ناردنی ووزە و هی تر. ئەو بەرز و نزمیە سەربەخۆ ڕوو دەدەن لە ئەنجامی گرتنەبەری ڕێکارەکان لە لایەن دەسەڵاتی ناوخۆیی , کە ڕادەسپێردرێن بە بەکارهێنانی هەمان هۆکاری دەردان لە لیستی دەردراوە غازیە سەرەکیەکان (BEI) و (MEI) , بۆیە جیاوازی لە ئەنجامی لیستی دەردان زۆر هەستیار دەبێ بۆ ئەم فاکتەرانەی کە دەسەڵاتی ناوخۆیی هیچ کاریگەری لەسەر نیە. (پارێزگاران ٢٠١٠).

٣. لە عێراق , هۆکاری دەردان نوێ نەکراوەتەوە لەوەتەی ڕاگەیەندراوە (٠,٨٢) تۆن دووەم ئۆکسیدی کاربۆن/ مێگاوات لە کاتژمێرێکدا $t\ CO_2/MWh$

٤. هۆکاری دەردان مەزەندە دەکرێ بە (٠,٨٢) تۆن دووەم ئۆکسیدی کاربۆن/ مێگاوات لە کاتژمێرێکدا $tCO_2/MWh$ وەکو بنەمایەك بۆ ئەژمار کردن.

## دەردانەکان لە کیرۆسین (نەوت) و سووتەمەنی گاز.

- بەکارهێنانی ووزە لە گەرمکردنەوە.
- ئەژمارکردنی دەردانەکانی گازی پەنگخواردەوەبوی گەرمی (GHG) بۆ بەکارهێنانی سووتەمەنی بۆ مەبەستی گەرمکردنەوە دەتوانرێ ئەژمار بکرێ بەو هاوکێشەیەی خوارەوە بە پێی ڕێنماییەکانی لیژنەی حکومی نێودەوڵەتی پەیوەست بە گۆڕانی کەش و هەوا (IPCC) وە خەملاندنی کە سووتان نمونەییە:

$$EFC = EFf \times Fuel \times NCV \times D \times 10^{-6}$$

بەو شێوەیە:

EFC: دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن $CO_2$ بۆ سووتانی سووتەمەنی لە ساڵ $t\ CO_2$.

Fuel: بڕی سووتەمەنی بەکارهێنراو لە جۆری (گاز) بە لیتر لە ساڵێکدا

Eff: هۆکاری دەردانی سووتەمەنی (گاز) = ٧٤.١ $t\ CO_2/TJ$ و بۆ کیرۆسین ٧١.٩ $t\ CO_2/TJ$

NCV: نرخی تەواوی گەرمی لە گاز کە یەکسانە بە 43.33TJ/Gg و بۆ کیرۆسین 43.8TJ/Gg

D: خەستی گاز یەکسانە بە ٠,٨٤٣٩ کگم/ لیتر , خەستی لە کیرۆسین یەکسانە بە ٠,٧٩٥ کگم/ لیتر.

$10^{-6}$: بۆ وەرگێڕانی لە گێگا گرام ( Gg) بۆ کیلۆ گرام (Kg).

(نرخەکان بەدەست هێنراون لە خشتەی ١.٢, خشتەی ١.٤,بەشی یەکەم, بەرگی دووەم, لیستی ڕێنماییەکانی لیژنەی حکومی نێودەوڵەتی پەیوەست بە گۆڕانی کەش و هەوا (IPCC), ٢٠٠٦)

هۆکاری گۆڕین لە نێوان لیتر بۆ کیلۆوات کاتژمێر kwh دەگەڕێتەوە بۆ (بەرنامەی ئەوروپی بۆ چاودێری و هەڵسەنگاندن / ناوچەی ئابووری ئەوروپا(EEA/EMEP) ٢٠٠٩/ ڕێنماییەکانی لیژنەی حکومی نێودەوڵەتی پەیوەست بە گۆڕانی کەش و هەوا (IPCC), ٢٠٠٦)

خشتەی ژمارە (١) هۆکاری گۆڕینی سووتەمەنی کیلۆوات کاتژمێر/ لیتر KWh/L

| سووتەمەنی | هۆکاری گۆڕینی کیلۆوات کاتژمێر/ لیتر KWh/L |
|---|---|
| بەنزین | ٩.٢ |
| گاز | ١٠ |
| کیرۆسین (نەوت) | ٩.٧ |

هۆکاری دەردانی سووتەمەنی (لیژنەی حکومی نێودەوڵەتی پەیوەست بە گۆڕانی کەش و هەوا (IPCC), ٢٠٠٦)

خشتەی ژمارە (٢) هۆکاری گۆڕینی سووتەمەنی/ مێگاوات لە کاتژمێرێکدا t/MWh

| سووتەمەنی | هۆکاری دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن / مێگاوات لە کاتژمێرێکدا t/MWh |
|---|---|
| بەنزین | ٠.٢٤٩ |
| گاز | ٠.٢٦٧ |
| کیرۆسین (نەوت) | ٠.٢٥٩ |
| غازی شل (LPG) | ٠.٢٢٧ |

## دەردانەکان لە بەرهەمهێنانی کارەبا (بە کارەبا کردن)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG)

ئەژمارکردنی دەردانەکانی گازی پەنگخواردەوەبوی گەرمی (GHG) لە بەکارهێنانی ووزە لە کەرتی خزمەتگوزاری دەدۆزرێتەوە بەو هاوکێشەی خوارەوە:

$E\ CO_2 = ET \times NEFE$

بەم شێوەیەش :

$ETCO_2$ : دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە تۆن لە بەکارهێنانی کارەبا لە ساڵێکدا $T\ CO_2$

ET : ووزەی تەواوی بەکارهاتوو لە کەرتی خزمەتگوزاری بە کیلۆوات کاتژمێر KWh

NEFE : هۆکاری دەردانی کارەبای نیشتمانی (٠.٨٢) $[t\ CO_2/MWh]$

فاکتەری دەردانی ووڵات ناتوانرێ بە دەست بهێنرێ لە کاتی دەردان لە کاتێکدا کۆتا هۆکاری دەردانی ووڵاتی عێراق ڕاگەیاندراوە بە ٩٠٣ مێگاوات لە کاتژمێرێکدا $tCO_2/MWh$ بۆ ساڵی ٢٠١٢ , بۆ دووربوون لە ناڕاستی ڕاپۆرتەکە بریتیی یە لە ڕێبازی توێژینەوە (لیژنەی حکومی نێودەوڵەتی پەیوەست بە گۆڕانی کەش و هەوا (IPCC), ٢٠٠٦) . لەو توێژینەوەیە هۆکاری دەردانپێشبینی باشتر دەکات لە ٢٠١٥ ی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەژمار دەکرێت بە ٠.٨٢ مێگاوات لە کاتژمێرێکدا $tCO_2/MWh$.

## دەردان بە هۆکاری گواستنەوە

ئەژمار کردنی دەردانی گازی پەنگخواردەوەبوی گەرمی (GHG) بۆ بەکارهێنانی سووتەمەنی بۆ هۆکاری گواستنەوە دەتوانرێ ئەژمار بکرێ بە گوێرەی هاوکێشەی خوارەوە بە پێی ڕێنماییەکانی لیژنەی حکومی نێودەوڵەتی پەیوەست بە گۆڕانی کەش و هەوا (IPCC):

$EFC = EFf \times Fuel \times NCV \times D \times 10^{-6}$

بەم شێوەیەش :

EFC: دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن $CO_2$ بۆ سووتانی سووتەمەنی لە ساڵ $t\ CO_2$.

Fuel: بڕی سووتەمەنی جۆری (گاز) بە لیتر بەکارهێنراو لە ساڵێکدا

Eff: هۆکاری دەردانی سووتەمەنی (بەنزین/گاز) بە $tCO_2/TJ$ بەنزین $tCO_2/TJ$٦٩.٣ و گاز ٧٤.١ $tCO_2/TJ$

NCV: نرخی تەواوی گەرمی لە بەنزین یەکسانە بە 43TJ/Gg و گاز 43.TJ/Gg

D: خەستی بەنزین یەکسانە بە ٠.٧٤٠٧ کگم/ لیتر, خەستی لە گاز یەکسانە بە ٠.٨٤٣٩ کگم/ لیتر.

$10^{-6}$ : بۆ وەرگێڕانی لە گێگا گرام ( Gg) بۆ کیلۆ گرام (Kg).

(نرخەکان بەدەست هێنراون لە خشتەی ١.٢, خشتەی ١.٤,بەشی یەکەم, بەرگی دووەم, لیستی ڕێنماییەکانی لیژنەی حکومی نێودەوڵەتی پەیوەست بە گۆڕانی کەش و هەوا (IPCC), ٢٠٠٦)

This project is funded by the European Union



## ڕێبازی توێژینەوەی لیستی دەردانی سەرەکی بەبەکارهێنانی ووزەی گەرمکردن و ساردکردن بۆ کەرتی نیشتەجێ بوون

لە هاویندا ئاوو هەوای سلێمانی گەرمە وە لە زستاندا سارد و شێدارە , لە کاتێکدا لە مانگی تەمموز و ئاب پلەی گەرمی دەگاتە ٥٠ پلەی سیلیزی وە لە کانوونی دووەم دەگاتە ٢ پلەی سیلیزی, لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر جیاوازە, پلەی گەرمی لەناوچە کوێستانیەکان دەگاتە -٥ بە بەراورد بە ناوچە دەشتاییەکان . لە شارەکە سیستمی فێنکەرەوە و گەرمکەرەوە نیە , ئامانجی خەڵکی شارەکە تەنیا گەرمکردنی یەك ژوورە لە شوقەکان یان خانووەکان , لە کاتێکدا هەندێ لە خانووەکان سیستمی گەرمکەرەوەی ناوەندی بەکاردەهێنن . زۆر کەمە بەکارهێنانی سیستمی A/C بۆ ساردی/ گەرمی یان گەرمکەرەوەی کارەبایی سەرەڕای بەکارهێنانی سووتەمەنی وەك کیرۆسین (نەوت). بنکەی زانیاری (داتا بەیس) داندراوە لە پارێزگای سلێمانی بۆ بەکارهێنانی سووتەمەنی کیرۆسین (نەوت) بۆ گەرمکردنەوە.

### موەلیدەی گازی کارەبایی

### بەکارهێنانی سووتەمەنی بۆ موەلیدەی گازی یەدەك (BDG)

عێراق بە زۆری پشتی بەستووە بە سووتەمەنی فۆسیل (پاشەڕۆ ) بۆ بەرهەم هێنانی ووزە , سەرەڕای پەرەپێدانی ئەم دواییەی ووزەی بەرهەمهاتوو پێداویستی هەمووان پرناکاتەوە سەرچاوەی باوەڕ پێکراوی کەمە و کاری پاشەکەوت کردنی بریتیە لە ئەزموونی ڕۆژانەی هاوبەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان. موەلیدەی ووزەی گازی کەسی بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەیسەندووە بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە .

ڕێژەی دانیشتوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیادیکردووە بۆ نزیکەی ٥,٥ ملیۆن لەگەڵ ١,٨ ملیۆن پەنابەر بۆ ساڵی ٢٠١٥ وە داواکاری بۆ کارەبا زیادیکردووە . وا مەزەندە کراوە کە ٥٥,٠٠٠ بۆ ٨٠,٠٠٠ موەلیدەی گازی کەسی لە عێراق , نزیکەی ٢١ تۆن وات لە کاتژمێرێك (TWh) یان ٣٠ ٪ لە کۆی کارەبای بەرهەم هاتووی کارەبا دابین دەکەن. کارپێکەرەکان زۆربەی کات مۆڵەتیان پێ دەدرێت لە لایەن ئەنجوومەنی پارێزگای خۆجێیەتی , بەڵام بە شێوەیەکی خراپ ڕێکخراون . کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر موەلیدەی کەسی هەیە لە سلێمانی ئەو موەلیدەانە دەبنە هۆی پیس بوونی ژینگە و دروست کردنی ژاوەژاو لە هەوادا , لەسەر حسابی تەندروستی ناوخۆیی . بەڵام بە دابین کردنی کارەبای زۆر پێویست . لە ئەنجامدا موەلیدەەی گازی کەسی لە پێشەوەی هەمووانە , پیس بوونی ژینگە لە شارەکانی عێراق زۆر زیاترە لە ڕێنماییەکانی خۆجێیەتی و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی.

ئەو پیسبوونی ژینگەیە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر هەناسەی مرۆڤ سیستمی دەمار و بەرگری نەخۆشی . سەرەڕای ئەوەش جێگیر دەبن یان لە ڕێگای هەوا یان باران بلاّو دەبنەوە دەبێتە هۆی ترشە لۆکی و پیس بوونی ئاو و خاك.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە سلێمانی ڕۆژانە تووشی پچرانی کارەبا دەبێت کە ئەژماردەکرێ بە نزیکەی ٤,٤٨ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا . حکومەت داتابەیسی تەواوی نیە بۆ موەلیدەی گازی یەدەك (BDG)و بە شێوەیەکی ڕێك تۆمارنەکراوە کەرتی تایبەت بووەتە دابینکەری سەرەکی بۆئەم خزمەتگوزاریە بەڵام بە بێ بوونی چاودێریەکی فەرمی لە لایەن حکومەت . بۆئەوەی یاسایەك دابین بکرێت بۆ ئەژمارکردنی بەشی دەردانی کۆکردنەوەی پەرەپێدانی بەکارهێنانی سووتەمەنی بۆ موەلیدەی گازی یەدەك (BDG) داتابەیسی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو سەرچاوە بەکاردێت هەر لەوێشەوە دەتوانرێ ماوەی پچرانی کارەبا حیساب بکرێ بە کیلۆوات لە کاتژمێرێکدا KWh .

### بەکارهێنانی سووتەمەنی ئەژمار دەکرێ بە گوێرەی ئەمانەی خوارەوە :

موەلیدەی گازی یەدەك (BDG) پشت دەبەستێ بە زۆر فاکتەر: توانای موەلیدەی گازی یەدەك کردنی گازی موەلیدەکان (BDG) بە کەیفی ئەی KVA, ڕێژەی قورسایی (بار) بۆ توانای موەلیدەی گازی یەدەك (BDG) ساڵی ئیش پێکردن و بارودۆخی بزوێن- چاککردنەوە . ئەم لینکەی خوارەوە کاریگەری توانای موەلیدەی گازی یەدەك (BDG)لەسەر بەکارهێنانی سووتەمەنی لەگەڵ ڕێژەی قورسایی ڕوون دەکاتەوە www.dieselserviceandsupply.com

بۆ نموونە: بۆ موەلیدەیەکی ٢٥٠ کیلۆوات KW ئەمانەی خوارەوە بەکار دەهێنێ:

| موەلیدەی گازی یەدەك (BDG) | ٤/١ قورسایی (بار) | ٢/١ قورسایی (بار) | ٤/٣ قورسایی (بار) | باری تەواو (حمل كامل) |
|---|---|---|---|---|
| ٢٥٠ کیلۆوات | ٥.٧ (گالۆن/ کاتژمێر) | ٩.٥ (گالۆن/ کاتژمێر) | ١٣.٦ (گالۆن/ کاتژمێر) | ١٨ (گالۆن/ کاتژمێر) |

بۆ هەلسەنگاندنی دەردانی گازی پەنگخواردەوەبوی گەرمی (GHG)، پێویستە هەندێ هۆکار پێناسە بکرێن و بگرێنە ئەستۆ بۆ یارمەتیدان لە ئەژمارکردنی دەردانی گازی پەنگخواردەوەبوی گەرمی (GHG) بە ڕاوێژکردن لەگەڵ بازرگان و دابینکەری موەلیدەی گازی یەدەك (BDG) بۆ پارێزگاریکردن و زیاتر کار پێکردنی موەلیدە بۆ ماوەیەکی درێژ پێشنیار بکرێت کە زۆرترین بەشی بار لەخۆبگرێت بریتی بێت لە ٧٠٪ ی توانای موەلیدەی گازی یەدەك (BDG).

وا مەزەندە دەکات کە ٧٥٪ ڕێژەی بار، کە پێویستی بە ١٣.٦ گالۆن / کاتژمێر بۆ کارپێکردنی ١٨٧ کیلۆوات. (یەك گالۆن = ٣.٧٨٥٤١ لیتر).

بۆیە بۆ باری هەر یەك کیلۆوات لە کاتژمێرێکدا KWh مەزەندە دەکرێت ٠,٢٧٥ لیتر بەکاربهێنرێ ئەمەش لە لایەن بازرگانانی موەلیدەی گازی یەدەك (BDG) پشتڕاست کراوەتەوە کە ١ کیلۆوات = ٠.٢٧٥ لیتر لە گاز ئەم هاوکێشەی بەکاردەهێنرێ بۆ گۆڕینی ووزەی بەرهەم هاتوو لە لایەن موەلیدەی گازی یەدەك (BDG) لە داتای بەردەست بۆ بەکارهێنانی سووتەمەنی.

## دابین کردنی ووزە لە ڕێگای موەلیدەی گازی یەدەك (BDG)

وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان تاکە سەرچاوەی بەرپرسە بۆ دابین کردنی داتای پێویست بۆ بەکارهێنانی ووزە لە پارێزگای سلێمانی , بۆیە ئەم ووزەیەی بەکاردێت لە لایەن موەلیدەی گازی یەدەك (BDG) ئەژمار دەکرێت لە تێکەڵەی داتای دابینکراو لە لایەن بازرگانانی سووتەمەنی دابینکراوی موەلیدەی گازی یەدەك (BDG) و بنکەی زانیاری (داتابەیسی) وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان . لەم توێژینەوەیە دا بەکارهێنانی ووزە لە وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو بنکە دادەنرێت بۆ کارپێکردنی ١٩ کاتژمێر و گۆڕینی بۆ ٢٤ کاتژمێر بۆ دوورکەوتنەوە لە ناڕاستی موەلیدەی گازی یەدەك (BDG) , داتای سووتەمەنی بریتیەلەکۆی گشتی سووتەمەنی کە بەکاردەهێنرێ لە سلێمانی لەگەڵ بەکارهێنانی موەلیدەی گازی یەدەك (BDG) هەرچەندە هێشتا داتای سووتەمەنی کە دراوە لە ١٠٠٪ دروست و تەواو نیەوە چەند بەشێکی ووزە لە دەرەوەی شار دابین دەکرێت لە مەزەندەی خۆمان بۆ ئەژمار کردن ئێمە داتای سووتەمەنی وەکو بەکارهاتووی تەواو ئەژماردەکەین.

دەردانی گاز لە ڕێگای موەلیدەی گازی یەدەك (BDG) ووزەی بەکارهاتوو لە موەلیدەی گازی یەدەك (BDG) وەکو ووزەی بەکارهاتووی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە ڕۆژانە ٥ کاتژمێر دەپچڕێت . مەزەندەکانی بەدەست دەهێنرێن لە بڕگەکانی سەرەوە (سووتەمەنی بەکارهێنانی موەلیدەی گازی یەدەك (BDG)& ڕێسای لیستی دەردانی سەرەکی) لە خۆ دەگرێت، بە واتای ١ کیلۆوات = ٠.٢٧٥ لیتر لە گاز



وێنەی ژمارە (٣) بەکارهێنانی سووتەمەنی بۆ موەلیدەی گازی یەدەك

هاوکێشەی پێشتر بەکاردەهێنرێت بۆ گۆڕینی ووزەی مەزەندەکراوی موەلیدەی گازی یەدەك (BDG) بۆ سوتەمەنی

سووتەمەنی = ووزەی بەکارهاتوو لە موەلیدەی گازی یەدەك (BDG) بە مێگاوات لە کاتژمێرێکدا (MWH) × ٠.٢٧٥ × ١٠٠٠

حیساب کردنی دەردانی گازی پەنگخواردەوەبوی گەرمی (GHG) بۆ بەکارهێنانی سووتەمەنی بۆ موەلیدەی گازی یەدەك (BDG)دەتوانرێ ئەژمار بکرێ بە گوێرەی هاوکێشەی خوارەوە بە پێی ڕێنماییەکانی لیژنەی حکومی نێودەوڵەتی پەیوەست بە گۆڕانی کەش و هەوا (IPCC):

$EFC = EFf \times Fuel \times NCV \times D \times 10^{-6}$

بەم شێوەیەش :

EFC: دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە تۆن بۆ سووتانی سووتەمەنی لە ساڵێکدا $t\ CO_2$

Fuel: بڕی سووتەمەنی جۆری (گاز) بە لیتر بەکارهێنراولە ساڵێکدا

Eff: هۆکاری دەردانی سووتەمەنی (گاز) بە $t\ CO_2/TJ$ گاز ٧٤.١ $t\ CO_2/TJ$

NCV: نرخی تەواوی گەرمی لە گاز یەکسانە بە43. TJ/Gg

D: خەستی گاز یەکسانە بە ٠.٨٤٣٩ کگم/ لیتر.

$10^{-6}$ : بۆ وەرگێڕانی لە گێگا گرام ( Gg) بۆ کیلۆ گرام (Kg).

(نرخەکان بەدەست هێنراون لە خشتەی ١.٢, خشتەی ١.٤,بەشی یەکەم, بەرگی دووەم, لیستی ڕێنماییەکانی لیژنەی حکومی نێودەوڵەتی پەیوەست بە گۆڕانی کەش و هەوا (IPCC), ٢٠٠٦)

## باڵەخانە و دامەزراوەکان

## کەرتی کارەبا

بەکارهێنانی کەرتی کارەبا لە کارەبای پارێزگای سلێمانی توخمێکی سەرەکیە لە کرداری کەمکردنەوەی دەردان زانیاری لەسەر بەکارهێنانی کارەبا لە بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی بەدەستهێنراون ئەو جۆرە داتایانە پێکدێن لە چینی دیاریکراو بە گوێرەی سیستمی پسووڵەی باوەڕپێکراوکە دەردەچێ هەردوو مانگ جارێ لە چەندین ماوەی ڕێکخراو.

خشتەی ژمارە (٣) بەکارهێنانی کارەبا لە پارێزگای سلێمانی بە گوێرەی کەرتەکان بۆ ساڵی ٢٠١٥

| دەردان 2015 $tCO_2$ | کارەبا بە MWH | کەرت |
|---|---|---|
| ٤,٣١٨ | ٦,٨٧٠ | پارێزگا |
| ٣,٢١٢,٣٠٤ | ٣,٩١٧,٤٤٤ | نیشتەجێ بوون |
| ٤٢٢,٧٠٠ | ٥١٣,٨٨٤ | خزمەتگوزاری پارێزگا |
| ٢٠٦,٥٧٠ | ٢٥١,٩١٥ | خزمەتگوزاری بازرگانی |
| ١,٢٨٧,٦٤٧ | ١,٥٧٠,٣٠١ | پیشەسازی |
| ٧١,٦١٦ | ٨٧,٣٣٦ | کشتوکاڵی |
| ٥٠,٣٥٨ | ٦١,٤١٣ | ڕوناکی گشتی |
| ٥,٢٥٥,٥١٣ | ٦,٤٠٩,١٦٢ | کۆی گشتی |

## شیکردنەوەی بەکارهێنانی کارەبا بۆ هەر ناوچەیەك

لە وێنەی ژمارە (٥), کەرتی نیشتەجێ بوون ٦١ ٪ ی بەکارهێنانی کارەبای پارێزگای سلێمانی نیشاندەدا لە دوای ئەویش کەرتی پیشەسازی ٢٥٪, کەرتی خزمەتگوزاری ١٢٪ و کەرتی ڕووناکی گشتی و کشتوکالی هەریەکەیان ١٪ خۆی نیشان دەدات.

## بەکارهێنانی ووزەی پارێزگا:

| | | مێگاوات لە کاتژمێرێکدا ٢٠١٥ (MWH) | دەردان 2015 $tCO_2$ | کار هەروەك هەمووکات BAU بە مێگاوات لە کاتژمێرێکدا 30٢٠ ( MWH) | دەردان بەرامبەر بە کار هەروەك هەمووکات BAU 2015 $tCO_2$ |
|---|---|---|---|---|---|
| | کارەبا بە مێگاوات لە کاتژمێرێکدا | ٤,٤٩٣ | ٣,٦٨٤ | ٧,٢٧٨ | ٥,٩٦٨ |
| سووتەمەنی بۆ مۆلیدەی گازی یەدەك (BDG) مانگانە بە لیتر | ٢٣٧,٧٥٠ | ٢,٣٧٧ | ٦٣٤ | ٣,٨٥٠ | ١,٠٢٧ |
| سووتەمەنی بۆ گەرمکردنەوە بە لیتر | ٥٤,٥٤٠ | ٥٤٥ | ١٤٥ | ٨٨٣ | ٢٣٥ |
| | کۆی گشتی | ٧,٤١٥ | ٤,٤٦٣ | ١٢,٠١١ | ٧,٢٣٠ |

## کەرتی نیشتەجێ بوون

بە شیکردنەوەی بەکارهێنانی ووزە لە کەرتی نیشتەجێ بوون , خشتەی ژمارە (٤) , لە بنەڕەتدا وا نیشاندراوە کە کارەبای سلێمانی لە ڕۆژو شەوێکدا ٢٤ کاتژمێر هەیە بە بێ هیچ پچرانێك لەگەڵ مەزەندەکردنی بەردەوام بەکارهێنان بەهەمان شێوە. کاتێك ئێمە بەراورد دەکەین لەگەڵ ئەنجامەکانی ولاَتانی دراوسێ ی وەکو ئوردن , کەتێکڕای بەکارهێنانی ڕۆژانەی ووزەی کارەبای بریتیە لە ٨.٨ کیلۆوات لە کاتژمێرێکدا یان لوبنان تێکڕای بەکارهێنانی ڕۆژانەی ووزەی کارەبای بریتیە لە ٩ کیلۆوات لە کاتژمێرێکدا, ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کەتێکڕای بەکارهێنانی ڕۆژانەی ووزەی کارەبای هەر ماڵێك لە پارێزگای سلێمانی بریتیە لە ٢٢ کیلۆوات لە کاتژمێرێکدا. کەچی بەکارهێنانی ڕۆژانەی ووزەی کارەبای هەر ماڵێك لە کەلار بریتیە لە ٣١ کیلۆوات لە کاتژمێرێکدا و کفری و ڕزگاری ٢٨ کیلۆوات لە کاتژمێرێکدا ڕۆژانە ووزەی کارەبا بەکاردەهێنن , دوکان و چەمچەماڵ ٢٤ کیلۆوات لە کاتژمێرێکدا ڕۆژانە ووزەی کارەبا بەکاردەهێنن وە پێباز و شارەزوور و سلێمانی ١٩ , ٢١ , ٢٠ کیلۆوات لە کاتژمێرێکدا ڕۆژانە ووزەی کارەبا بەکاردەهێنن .

ئەم ژمارانە نیشانمان دەدات کە داواکاری زۆرە لەسەر بەکارهێنانی ووزەی کارەبا کە پێویستە بە هێواشی چارەسەری بۆ بدۆزینەوە ئەگەر بزانرێ کە کارەبای بەکارتوو ڕۆژانە لە ماڵەکاندا بریتی بێت لە ٦١٪ سەرەڕای ئەوەش ساڵانە داواکاری لە بەکارهێنانی ووزەی کارەبا زیاد دەکات لە ٥٪ بۆ ٩٪ ئەمەش وادەکات ماوەی بێ کارەبایی زیاد بکات لە کاتی ئێستادا ڕۆژانە دەگاتە (٥ ) کاتژمێر .

لەم ڕاپۆرتەدا داواکاریی ڕاستەقینە بۆ کارەبا ڕەچاو دەکرێت وەك ووزە کە بەردەستە ٢٤ کاتژمێر وا دەکات کۆی گشتی بەکارهێنان بریتی بێت لە ٣,٩١٧,٤٤٥ مێگاوات لە کاتژمێرێکدا .

خشتەی ژمارە (٤) بەکارهێنانی کارەبا لە کەرتی نیشتەجێ بوونی پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی ٢٠١٥ لەگەڵ تێکڕای بەکارهێنانی کارەبا لە خێزان لە ڕۆژێکدا.

| قەزا | تێکڕای ژمارەی بواری دەستێوەردان | بەکارهێنانی کارەبا بە مێگاوات لە کاتژمێرێکدا MWh | تێکڕای بەکارهێنانی ڕۆژانەی کارەبا لە خێزانێکدا بە مێگاوات لە کاتژمێرێکدا MWh |
|---|---|---|---|
| سلێمانی | ٢٣٤,١٧٣ | ١,٨٢١,٨٦٠ | ٢١ |
| شارەزوور | ٦٧,٩٦٤ | ٤٩٢,٨٤٨ | ٢٠ |
| ڕانیە | ٧٠,١٢٩ | ٤٨٤,١٢٠ | ١٩ |
| دوکان | ٢٨,٠٢٨ | ٢٤٧,٤٥٦ | ٢٤ |
| چەمچەماڵ | ٣٦,٩٩٧ | ٣٢١,٠٢٨ | ٢٤ |
| کەلار | ٣١,٢٨٧ | ٣٥٦,٩٣١ | ٣١ |
| کفری | ٨,٥٥٤ | ٨٦,٦٣٢ | ٢٨ |
| ڕزگاری | ٩,٣٩٨ | ٩٤,٥٥٠ | ٢٨ |
| پێباز | ٢,٥٠٦ | ١٢,٠٢٢ | ١٣ |
| کۆی گشتی | ٤٨٩,٠٣٦ | ٣,٩١٧,٤٤٥ | ٢٠٨ |

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەت لە پارێزگای سلێمانی سیستمی گەرمکەرەوە و فێنکەرەوەی ناوەندی نیە لە کاتێکدا گەرمکەرەوە و فێنکەرەوە برێکی زۆر لە وزەی دەوێت بۆ باڵەخانەکان . سەرچاوەی سەرەکی وزە بۆ فێنکردنەوە پشت دەبەستێ بە کارەبا بەڵام بۆ گەرمکردنەوە پشت دەبەستێ بە هەردوو هۆکاری کارەبایی و بەکارهێنانی سووتەمەنی وەکو کیرۆسین (نەوت) .

تۆمارەکانی کارەبای بەکارهێنراو لە سلێمانی ئاستیان ناجێگیرە و بەرزو نزمی بەخۆوە دەبینی لەگەڵ نەبوونی متمانە لە تۆمارەکان ئەگەر تۆمار و ڕێکارەکان بە باشی چاودێری و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرابایە ئەوا چارەسەر و ڕێکارەکان ئاسانتر بو , پاشان مەسەلەیەکی ڕاستەقینە هەیە لە بەکارهێنانی وزە ئەویش ئەوەیە کە دەبوو جیاوازی نیشان بدات لە بەکارهێنانی کارەبا بە گوێرەی بارودۆخی کەش و هەوا .

بۆ ئەوەی بگەینە ناوەرۆکی ڕاستی و جێ بە جێ کردنی پلانەکان بۆ پارێزگاری کردن لە گواستنەوەی وزە بۆ گەیشتن بە بەرزترین چوستی , پێویستمان بە کۆکردنەوەی زانیاری دروستە بۆ نیشاندانی هۆکارەکانی کە کاردەکاتە سەر وزەی بەکارهاتوو و دروست کردنی تۆڕی زیرەك بۆ کۆکردنەوەی هەندێ زانیاری لەسەر ڕەفتاری بەکارهێنەر , توێژینەوەی جۆری جیاواز لە ڕەفتارەکانی وەکو تایبەتمەندی ڕێژەی کۆمەلایەتی , نیشتەجێ بوون و ئابووری ئامرازی بەسوود دەبن بۆ یارمەتیدانی دروستکەری پلانەکان و وزە بەرهەم هێنەکان لەسەر دەستنیشان کردنی کردەوەکانیان.

پێوانەی پاشەکەوت کردنی وزە بوونی نیە , بەڵام لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی نهێنی کاردەکەن بۆ کەمکردنەوەی گەورە لە گەشەکردنی داخوازی زۆری ووزە زیانی ژینگەیی و تێچووی گشتی.

پێویستی بۆ توێژینەوەی ڕاستەقینە لەسەر ئامێری ماڵان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان نموونەیی دەبێت بۆ پێوانەکانی کاریگەری ئامرازی پێویست لەسەر بەکارهێنانی ووزە وە پشگیری کردنی لایەنی جێبەجێکەری بواری ووزە بۆ وەرگێڕانی باری ڕاستەقینە بۆ ڕێکاری کەمکردنەوەی بەرهەمی ووزە و یارمەتیدان لە گەشەدان بە بەرنامەی دەستپێشخەری کە بەشداری دەکات لە گەشەپێدانی ئابووری . هەروەها نیشانی دەدات کە توانایی ئابووری بەچاکتر دەزانێ کارایی پێویست دابنرێ بۆ توانایی ووزە بۆ ئامێرە جۆرا و جۆرەکانی ناو ماڵ (سەلاجە , موجەمیدە (بەستەر), سپلیت , جلٚ شۆر و ڕووناکی) و پشگیری بکات لە کەمکردنەوەی

پسووڵەی کارەبا . دامەزراندنی سیستمی دانانی پێوەری ووزە و دانانی ستاندەری نیشاندانی کەمترین ووزە بۆ ئامێرەکانی ماڵان کە دەبێتە هەنگاوێکی گرنگ و پشتگیری کردن لە زیادکردنی بەکارهێنانی ووزە لە کاتی پێویست  و بەکارهێنانی وزەی نوێوەبوو .

لە ووتوێژ کردن لەگەڵ  لیژنەکانی ئاڕاستەکرا و تەکنیکیدا ڕونە کە لەکاتی ئێستا ڕووبەڕووی چەندین بەربەست دەبنەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پێویستی بە چەند هەنگاوێکی گرنگ هەیە بۆ چارەسەرکردنی بەلاّم سنوردار نیە بۆ ئەوانەی خوارەوە :

- باشترکردنی توانا لەسەر یەکەکانی حکومەت و یەکەکانی ووزە لە پێناو گەشەپێدانی پلانی توانا لە بەکارهێنانی ئامێری کارەبایی (EE) وە  جێ بە جێ کردن و چاودێری کردنی بازاڕ.
- پشگیری ڕێکخراوەیی وجێ بەجێ کردنی دیاری کردن  و پێوانەکردنی توانایی ووزە لە ئامێری کارەبایی (EE)
- باشترکردنی هۆشیاری بەکارهێنراو بۆ تایبەت مەندیەکانی بەکارهێنانی ووزە لە ئامێر و پێوانەکان و دیاری کردن و تێچووەکان و سوودەکانی بەرهەمە کاراترینەکان .
- زیادکردنی توانای بەرهەم هێنەرلەسەر بەرهەم هێنان و بازاڕگەری ئامێری توانایی ووزە (EE) .
- بەکارهێنانی هیتەری کارەبایی لە ماڵەکان و گۆڕینی بە هیتەری ووزەی خۆر (Solar) هەنگاوێکی گرنگە بۆ چارەسەرکردن.



## کەرتی خزمەتگوزاری

کەرتی خزمەتگوزاری دابەش دەبێت بۆ دوو بەشی سەرەکی بەشی حکومی و بازرگانی کە هەریەکەیان بەو شێوەیە ڕوون دەکرێنەوە:

| به  مێگاوات لە کاتژمێرێکدا MHw | کارەبای بەکارهێنراو لە کەرتی خزمەتگوزاری |
|---|---|
| ٢٥١,٩١٥ | کەرتی حکومی |
| ٥١٣,٨٨٤ | کەرتی بازرگانی |
| ٧٦٥,٧٩٩ | کۆی گشتی |

## کەرتی حکومی

لەگەڵ  ئەوەی کەرتی دەسەڵاتی ناوخۆییی ٨٪ ی کۆی گشتی کارەبای سلێمانی بەکاردەهێنێ , پێکهاتەیەکی گرنگ لە بەکارهێنان نیشاندەدا , ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە جێ بە جێ کردنی پلانی کار و بەرەوپێش بردنی توانایی بەکارهێنانی ووزە لە باڵەخانەکان , وە ڕابەرایەتی نموونەیی دەکات لەسەر توانایی بەکارهێنانی ووزە لە باڵەخانەکان , بەرەوپێشبردنی  توانایی بەکارهێنانی ووزە بۆ خاوەنی باڵەخانەکان لەسەرتاسەری کۆمەڵگا , ستاندەر  و باشترکردنی بەکارهێنانی ووزە.
سەرەڕای ئەمەش, دەسەڵاتی ناوخۆیی دەتوانێ پشگیری زیادکردنی توانایی باڵەخانەکان بکات لە رێگەی کارکردن لەگەڵ  کۆمەڵێکی کۆمەڵگا و ڕەچاوکردنی پلانی خۆویست و ڕێکخراوەیی.
زۆر گرنگە دەسەڵاتی ناوخۆییی ئامێر و سەرچاوەکانی وەك کۆدی ووزە دابین بکات بۆ دانانی ستاندەر ی کەمترین توانای ووزە بۆ تەکنەلۆژیای باڵەخانەکان و دیزاینی پێکهاتەکان کە ئەوانە لە خۆ دەگرێت: داپۆشینی باڵەخانەکان , گەرمکەرەوە , هەواگۆرکێ, و سیستمی ساردکردنەوە و هەواسازی (HVAC ) و خزمەتگوزاری سیستمی ئاو گەرمکردن .... هتد.
ئەوەش بەدی دەهێنرێ بە دانانی بەرنامەی دیاریکراوی داڕێژراو بۆ یارمەتیدانی فەرمانبەرانی ناوخۆیی بۆ باشترکردنی توانایی ووزە و کەمکردنەوەی دەردانی گازی پەنگخواردەوەبوی گەرمی (GHG) و  بۆ چەندین جۆری باڵەخانە لە کۆمەڵگا لەگەڵ  سوودە داراییەکانی چوستی ووزە بۆ هەموو خاوەن باڵەخانەکان کە دەتوانن هاوکاری کۆششی دەسەڵاتی ناوخۆیی بکەن بۆ کەمکردنەوەی نرخی ووزە و کەمکردنەوەی دەردانی گازی پەنگخواردەوەبوی گەرمی (GHG).
ڕۆڵی گروپەکانی تری کۆمەڵگا زۆر گرنگە لە پشتیوانی کردنی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری دەربارەی ژینگە و هاندان بۆ گۆڕینی ڕەفتار و پاشەکەوت کردنی ووزە بۆیە زۆر گرنگە بوونی کۆدی ووزەی باڵەخانە وەکو ئامێرێکی ڕێکخراو کە کەمترین پێوانەکانی توانای ووزە دیاریدەکات بۆ کەرتی باڵەخانەی بازرگانی و نیشتەجێ بوون, وە داواکردنی تایبەتمەندی توانایی ووزەی دیاریکراو بۆ تەکنەلۆژیای باڵەخانەکان . لەگەڵ  جێبەجێ کردنی تەواوی ئەم کۆدە , کۆدی ووزەی باڵەخانە دەتوانێ پشگیری پاشەکەوت کردنی تێچوی ووزە بکات لەگەڵ سوودەکانی تەواوکاری گونجاو لەگەڵ کارەباییەکی متمانە پێکراو , باشترکردنی باشی هەوا , کەمکردنەوەی دەردانی گازی پەنگخواردەوەبوی گەرمی (GHG) و زیادکردنی ئاسودەیی وە گەشەپێدانی کۆمەلایەتی و ئابووری.

## کەرتی بازرگانی

کارەبای کەرتی بازرگانی ٤٪ ی کۆی گشتی بەکارهێنانی کارەبا پیشاندەدا. هەرچەندە ئەم ڕێژەیە کەمە , وا پێشبینی دەکرێت ئەو ڕێژەیە زیاد بکات لەبەر زیاد بوونی داواکاری کارەبا لە کەرتی بازرگانی . هەرچەندە ئەوانە ژمارەی بەرزنین , باشتردەبوو ئەگەر  باشتر پێداچوونەوەی  بۆ بکرایە بۆ دڵنیابوون لەو  پلانانەی کە ڕێزیان دەگیرێ لە پرسی بەکارهێنان بۆ دوورکەوتنەوەی زیادبوونی کتوپڕ بەهۆی زیادبوونی داواکاری لە داهاتوو لەسەر ئەو کەرتانە.

## کەرتی کشتوکاڵ

کارەبای کەرتی کشتوکال بە ڕێژەیەکی کەم مەزەندە دەکرێت هەروەکو لە  ١٪ ی کۆی گشتی کارەبا پارێزگای سلێمانی نیشاندەدا. هەرچەندە ئەوانە ژمارەی بەرزنین, باشتردەبوو ئەگەر  باشتر پێداچوونەوەی  بۆ کرابوایە بۆ دەستەبەرکردنی ئەو سیاسەتانەی کە ڕێزیان دەگیرێ لە پرسی بەکارهێنان بۆ دوورکەوتنەوەی زیادبوونی کتوپڕ بەهۆی زیادبوونی داواکاری لە داهاتوو لەسەر ئەو کەرتانە.

## کەرتی پیشەسازی

کارەبای  کەرتی پیشەسازی بە ڕێژەیەکی زۆر مەزەندە دەکرێت هەروەکو لە  ٢٥٪ ی کۆی گشتی کارەبای پارێزگای سلێمانی نیشاندەدا . خۆی وانیشاندەدا کە کەرتێکی گرنگە لەبەر زۆری داواکاری کارەبا هەرچەندە ئەو کەرتە ئارەزوومەندانەیە لە پلانی کاری ووزەی بەردەوام (SEAP) ئەو کەرتە داوای ڕێنمایی گرنگ دەکات بۆ دەستەبەرکردنی بەکارهێنانی چوست و کەم دەردان.

## کەرتی ڕووناك کردنەوەی گشتی

ڕووناك کردنەوەی گشتی پێکدێت لە ڕوناکی شەقام و  ڕوناکی هاتوچۆ, لە کاتێکدا ڕوناکی شەقامەکان زۆرترین ڕێژەی ووزە بەکاردەهێنێ لەبەر بەکارهێنانی گلۆپی پاڵەپەستۆ بەرز .  بە گوێرەی ئەو داتایەی کەدابین کراوە لە لایەن پارێزگای سلێمانی بە پشگیری وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی , ئەو خشتەی خوارەوە کورتەیەکە لە تێکڕای زانیاری ڕووناك کردنەوەی گشتی  کە بە شێوەیەکی سەرەکی شەقامە گشتیەکان ڕووناك دەکەنەوە. ئەو زانیاریە بارودۆخی پارێزگا نیشان دەدات بۆ ساڵی ٢٠١٥.

سیستمی گۆڕینی سەرەکی بەکاردێت لە ڕووناك کردنەوەی گشتی بە لەخۆگرتنی خانەی ڕوناکی پێشتر وا دادەنرا کە ببێتە چارەسەرێکی باش , ئێستا هەروەك تەکنەلۆژیا پێشەنگە , بەکارهێنانی کاتدانەرەوەی گەردوون ناسی (Astronomical timer) بووەتە جێگای متمانە و خۆبەدوور دەگرێ لە زۆر کرداری هەڵەی خانەی ڕوناکی لە ڕۆژانی هەوراوی وە هەروەها بژاردەی زۆر زیاترت دەداتێ بەهۆی پێدانی ئەگەری زیاتر بۆ ڕێکخستنی کاتدانانەوەی ئیش پێکردن و کوژانەوە بە گوێرەی ڕۆژهەلاتن و ڕۆژئاوابوون.

تاقیکردنەوە ئەنجام دراوە بە بەکارهێنانی ڕوناکی کاراتری وەکو LED لە پڕۆژەی ئەزموونی کە نیشانیدەدا ووزەی زیاتر پاشەکەوت دەکات بۆ نموونە گۆڕینی گلۆپی ١٥٠ بە گلۆپی سۆدیۆمی پاڵەپەستۆی بەرزی HPS ٤٠٠ واتی واتە بۆ هەر گلۆپێك ٢٥٠ وات ووزەمان بۆ پاشەکەوت دەکات کە حیساب دەکرێت بۆ هەر گلۆپێکی ١ مێگاوات لە کاتژمێرێکدا بۆ ساڵێك بریتیە لە ٤٠٠ وات. ئەو کردارە دەتوانرێ بە شێوەیەکی ئاسان جێ بە جێ بکرێ بۆ گشت ڕووناکیە گشتیەکان.

سەرەڕای ئەوەش , ئەگەری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زیرەکی نوێ لە گلۆپی LED هەیە کە دەتوانرێ بەرنامەرێژی بکرێت بۆ کارپێکردنی لە باری تەواوی ئاسایی , کەکرداری پێدانی ڕوناکی ڕێکدەخات لە کاتژمێرە دیاریکراوەکانی کارپێکردن وەکو دوای نیوەشەو و پێش ڕۆژهەلاتن . ئەو تایبەتمەندییە زۆر گرنگە و تەمەنی ڕوناکی شەقامەکان زیاد دەکات و ووزەی بەکارهاتوو کەم دەکاتەوە لە شەقامەکان لە کاتە پێویستەکان وە بەشداری دەکەن لە کەم کردنەوەی دەردان . بە بەکارهێنانی ئەو تەکنەلۆژیایانە , بۆ کەمکردنەوەی ووزەی بەکارهاتوو بەو شێوەی خوارەوە گونجاو دەبێت:

کۆی گشتی ووزەی بەکارهاتوو لە ڕووناك کردنەوەی گشتی بریتیە لە ٤٨,٦١٨ مێگاوات لە کاتژمێرێکدا کە یەکسانە بە ٦١,٤١٢ مێگاوات لە کاتژمێرێکدا لە ساڵی ٢٠١٥ بە مەزەندەکردنی کاتی پچران, داتای ووردەکار بۆ ووردەکاری ڕووناك کردنی شەقام بەردەست نیە بۆیە تێکڕای بەکارهێنانی ساڵانەمان بەکارهێنا کە بریتیە لە ١٥١٩ کیلۆوات لە کاتژمێرێکدا بۆ هەر ساڵ و بۆ ژمارەی ٤٠٤٢٩  گلۆپی شەقامەکان.

بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ لە گلۆپی LED, گلۆپ دەتوانرێ کز بێت دوای نیوەشەو ئەوەش دەبێتە هۆکار بۆ پاشەکەوت کردنی ووزە و تەمەنی گلۆپی LED درێژ دەکات. کاتدانەرەوەی گەردوون ناسی (Astronomical timer) یارمەتی دەدات لە ڕێکخستی کارپێکردنیڕوناکی شەقام بە گوێرەی خۆرئاوابوون و بەرەبەیان کە دەتوانێ ٣٦٥ ڕۆژ پاشەکەوت بکات لە هەر ساڵێکداوە هەروەها خۆی بەدووردەگرێت لە بێ سوودبەکارهێنانی لە ڕۆژانی هەوراوی و خانەی ڕوناکیپچراو. ئەو هەموو سوودانە دەتوانرێ بە پلانی پێشکەوتوو, ڕێکخراو و چاودێریکراو بەدەست بهێنرێ.

پارێزگا سەرکەوتووانە لە  ٢٪ ی گلۆپیHP شەقامەکانی گۆریوە بۆ LED وەکو پرۆژەی بەرهەمدارلە کەمکردنەوەی ووزە. ئەو پلانە بەردەوام دەبێ بەلام پێویستی بە تەکنیکی ڕێکخراو هەیە بۆ باشترکردنی ئەنجامی شارەزایی و کرداریەکان.

## کەرتی ووزە:

### بەکارهێنانی سووتەمەنی بۆ گەرمکردنەوە و پیشەسازی و چێشت لێنان

وەزارەتی ووزە و سەرچاوە کانزاییەکان ووردەکاریەکانی بەکارهێنانی سووتەمەنی دابینکردووە بۆ هەموو پارێزگای سلێمانی کەدانیشتوانەکەی حیساب دەکرێ بە ٢,٠٥٨,٨١١ کەس.

### بەکارهێنانی سووتەمەنی بۆ گەرمکردنەوە

خشتەی ژمارە (٥) بەکارهێنانی سووتەمەنی کیرۆسین (نەوت) لە سلێمانی بۆ ساڵی ٢٠١٥

| جۆری سووتەمەنی | کیرۆسین (نەوت) / پارێزگا |
|---|---|
| بە لیتر | ٢٠١,٠٩٢,٠٧٨ |
| مێگاوات لە کاتژمێرێکدا | ١,٩٥٠,٥٩٣ |
| دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە تۆن $t\ CO_2$ | ٥٠٥,٢٠٤ |

بە بەراوردکردنی بڕی کیرۆسینی (نەوت) بەکارهاتوو لە سلێمانی لەگەڵ  پارێزگاکانی تر دەبینین بڕی بەکارهاتوو زۆرە, هۆکاری مەزەندەکراو بۆ ئەم بڕە زۆرە بریتی یە لە بەکارهێنانی سووتەمەنی لە پیشەسازی.

هیچ داتایەك بەردەست نیە لەسەر ڕێژەی بەکارهێنانی سووتەمەنی لە لایەن پیشەسازی بۆیە ئێمە ڕێگای تایبەت دەگرینەبەر بۆ ئەژمارکردن پالپشت بە ژمارەی دانیشتوان.

- بەرزکردنەوەی هۆشیاری هاولاتیان و هاندانیان بۆ گۆڕینی یەکەی ڕوناکی بە دانەیەکی چالاکتری ووزە.

| کەمکردنەوە | |
|---|---|
| مێگاواتلەکاتژمێرێکدا<br>MWh /a | دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە تەن<br>$TCO_2/a$ |
| **257964** | **1019068** |
| بەشداری کردن بە رێژە ٪ | |
| 10 % | |
| خەرجی بە دۆلار $ | |
| **1.000.000** | |
| ساڵی جێبەجێ کردن | |
| | |
| نیشاندەری ئەنجامدانی سەرەکی | |
| جووڵەی نەرمی ئۆتۆمبیلەکان لە رێگا فەرەبالغەکان | |
| یەکەکانی پێوانە | |
| ژمارەی ئۆتۆمبیلەکانی بەکاردەهێنرێن | |
| پێشینەی کار | |
| | |
| بواری دەستێوەردان | |
| پلانسازی شار | |
| بنچینەی کار | |
| دەسەڵاتی ناوخۆیی | |
| ئامرازی پلانی کار | |
| پلانی رێکخستنی بەکارهێنانی زەوی | |

| تێچووی بە دۆلار $ | کەمکردنەوەی وزە بە ٪ | کەمکردنەوەی وزە | | سیناریۆی کار هەر وەك هەموو کات (BAU) | | پێوانە و ڕێکارە سەرەکیەکان | ژمارەی کار | کەرتەکان و بواری کار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە تۆن $TCO_2$ | مێگاوات لە کاتژمێرێکدا MWH | دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە تۆن $TCO_2$ | مێگاوات لە کاتژمێرێکدا MWH | | | |
| 39.980.325 | % 67 | 54570 | 66549 | 99487 | 81580 | **ڕوناکی گشتی شەقامەکان** | | |
| | | | | 81580 | 99487 | نوێکردنەوە و گۆڕینی سیستمی ڕووناك کردنەوەی شەقام | 28.00 | |
| | | | | | | دانانی تیمی تەکنیکی | 28.01 | |
| 10,000 | | | | | | پەرەپێدان بە پلانی کارگێڕی و چاککردنەوە | 28.02 | |
| 10,000 | | | | | | پەرەپێدان بە ماستەر پلانی ڕووناك کردنەوەی شەقام | 28.03 | |
| 10,000 | | | | | | پەرەپێدان بە پرۆگرامی راهێنان | 28.04 | |
| 10,000 | | | | | | پەرەپێدان بە تایبەتمەندی و پێوانە | 28.05 | |
| 10,000 | | | | | | ئەنجامدانی راهێنان بە ستافی کردارەکانی کارپێکردن و چاککردنەوە | 28.06 | |
| | | | | | | جێبەجێ کردنی ماستەر پلانی ڕووناك کردنەوەی شەقام | 28.07 | |
| | | | | | | جێبەجێ کردنی پلانی بەڕێوەبردن و چاککردنەوە | 28.08 | |
| | | | | | | جێبەجێ کردنی نوێکردنەوە و گۆڕینی ی ڕوناکی گشتی بە قۆناغ , هەر قۆناغێك تازەکردنەوەی (٥٠٠٠) گلۆپی شەقام لە خۆدەگرێت بەو شێوەی خوارەوە: | 28.09 | |
| 39,277,470 | | 49872 | 60820 | | | گۆڕینی گلۆپی جیوە و سۆدیۆم (HPS) بە گلۆپی بەتوانای جۆری LED بە ئیشپێکەری زیرەك و پاراستنی بەرز و نزمی وزە. | 28.10 | |
| 217,618 | | 4698 | 5729 | | | گۆڕینی خانەکانی ڕوناکی لە ستوونەکانی فیدەر بە کاتدانەرەوەی گەردووناسی | 28.11 | |
| 435,287 | | | | | | دابین کردنی پاراستنی بەرز و نزمی وزە لە ستوونەکانی فیدەری سەرەکی | 28.12 | |
| | | | | | | بەدواداچوونی گەشەپێدان و پێوانەکان لە کاتی خوڵی | 28.13 | |
| | | | | | | گۆڕینی گلۆپی شەقام بە گلۆپی LED لەسەر شەقامی بازنەیی ٦٠ مەتری (پردی ئەبو سەنا بۆ پردی وەلوبە) | 28.1٤ | |
| | | | | | | گۆڕینی گلۆپی شەقام بە گلۆپی LED لەسەر شەقامی بازنەیی ٦٠ مەتری (پردی جوارتا بۆ پردی وەلوبە) | 28.1٥ | |
| | | | | | | گۆڕینی گلۆپی شەقام بە گلۆپی LED لەسەر شەقامی بازنەیی ٦٠ مەتری (پردی جوارتا بۆ پردی ئەبو سەنا) | 28.1٦ | |

## گواستنەوە

بەکارهێنانی ووزە لە کەرتی گواستنەوە لە خوارەوە لیستەکراوە لەگەڵ سیناریۆی کار هەروەك هەموو کات (BAU)

کرداری پێشکەوتووی خوارەوە پەیوەستە بە گواستنەوە

| کەرت | سیناریۆی کار هەر وەك هەموو کات (BAU) | | کەمکردنەوەی ووزە | |
|---|---|---|---|---|
| | مێگاوات لە کاتژمێرێکدا MWH | دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە تۆن $TCO_2$ | مێگاوات لە کاتژمێرێکدا MWH | دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە تۆن $TCO_2$ |
| خێرایی پیاڕۆیی پارێزگا | 267,259 | 70,269 | 432960 | 113836 |
| گواستنەوەی گشتی | | | 0 | 0 |
| گواستنەوەی بازرگانی و تایبەت | 4,346,455 | 1,105,520 | 7041257 | 1790942 |
| کۆی گشتی | 4,613,714 | 1,175,789 | 7,474,217 | 1,904,778 |

**پێداچوونەوە و نوێکردنەوە و جێبەجێ کردنی ماستەر پلانی ئێستا بۆ شاری سلێمانی بۆ لەخۆگرتنی تایبەتمەندی بەردەوامی.**

ماستەرپلانی شاری سلێمانی لە سەر ڕووبەری ٧٣٢ کم٢ لە ساڵی ٢٠٠٩ لە لایەن کۆمپانیایەکی ئەڵمانی ئامادەکراوە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ لەژێر سەرپەرشتی شارەوانی سلێمانی لەگەڵ ڕوانینبۆ پێخستنی شار.

ئامانج لێ ی ئامادەکردنی پلانە بۆ بەکارهێنانی زەوی بۆ شار لەگەڵ پلاندانی گشتی بۆ تۆڕەکانی ژێرخان. کێشەی سەرەکی کە ڕووبەڕووی شارەوانی دەبێتەوە لە ماوەی جێ بە جێ کردنی پلان تاکو ئێستا بریتیە لە نەبوونی پلانی ژێرخانی شار بە تایبەتی لە تۆڕی گواستنەوە و کارگێڕی هاتووچۆ. سەرەڕای ئەوەش, هیچ پلانێکی تێروتەسەڵ نیە بۆ بەکارهێنانی زەوی لە ناوچە شارستانیەکان.

ڕێژەی دانیشتوانی شار بە گوێرەی ساڵی ٢٠١٦ بریتیە لە (٩٠٦.٥٨٣) کەس, ((تێبینی: ڕێژەی تەمەن لە نێوان (١٥-٦٤) بریتیە لە ٦٤.٩ ٪)).

قەبارەی خێزان بریتی یە لە (٤.٦). ((تێبینی: ژمارەی مێ بۆ هەر ١٠٠ نێرێك بریتیە لە ١٠١.٧ )).

ژمارەی ئۆتۆمبیل/ خێزان بریتیە لە (١.٥).

ژمارەی باڵەخانە بە نزیکی بریتیە لە (١٧٣.٣٦٠) بالاخانە.

ڕێژەی ناوچەی سەوزایی بریتیە لە ١٠ ٪.لەوەتی ساڵی ٢٠١٣, شارەکە بووەتە (پایتەختی رۆشنبیری) ی کوردستانی عێراق.

سەرچاوەی ئاوی بە شێوەیەکی سەرەکی دەریاچەی دوکانە کە (٧٠ کم) دوورە لە باکوری ڕۆژئاوی شارەکە.

تاکو ئەمرۆ شارەکە وێستگەی چارەسەرکردنی ئاوی قورسی نیە. پاشەڕۆ ی قورس کۆدەکرێتەوە لە لایەن کۆمپانیا خۆمالیەکان پاشان لە شوێنی فرێدانی پاشەڕۆ فرێ دەدرێت بە بێ بوونی هیچ کردارێکی دووبارە بەکارهێنانەوە و بە بێ بوونی زەوی دروستانە.

## باسکردنی کارەکە

- کۆکردنەوەی داتا و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێستا.
- دارشتنی ستراتیژی گەشەپێدان و پێشبینیەکان.
- جێ بە جێ کردنی تایبەتمەندی بەردەوامی لە پلانی گەشەپێدان بە مەبەستی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ووزە, کەمکردنەوەی داواکاری ووزە و ئاو, هاندانی یەکە سەوزەکانی گواستنەوە و بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ووزەی نوێوەبوو .
- ئامادەکردنی ماستەرپلانی نوێ بۆ شارەکە بە ڕەچاوکردنی بەردەوامی پەیوەست بە بەکارهێنانی زەوی, ژێرخان و گواستنەوە.
- ئامادەکردنی پلانی گواستنەوە بە مەبەستی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیل و بەرەو پێشبردنی گواستنەوەی گشتی.
- ئامادەکردنی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی (EIA) .

## ئامانجە گشتیەکان

- دروستکردنی ژینگەیەی خاوەن و بەردەوام بگونجێ لەگەڵ سروشت.
- کەمکردنەوەی بارگرانی هاتووچۆ و بەرەو پێشبردنی یەکەی گواستنەوە هاورێ لەگەڵ ژینگە.
- پێداچوونەوە بە ماستەرپلانی ئێستا و ئامادەکردنی ماستەرپلانی نوێوەبوو وە ڕەچاوکردنی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ووزە و بەرەو پێشبردنی گەشەپێدانی بەردەوامی.
- زیادکردنی ناوچەی سەوزایی و بەرەو پێشبردنی کشتوکاڵی شاری لە ناوچەی ماستەر پلان نزیك لە دانیشتوان.
- پێخستنی شار بۆ ئەوەی گەشەبکات بە شێوەیەکی تەریب و لێکچوو لەگەڵ ناسنامەکەی کە بریتیە لە پایتەختی ڕۆشنبیری.
- پێشخستنی شار بۆ ئەوەی ببێتە بنکەیەك بۆ ((پەروەردە, تەندروستی و وەرزش)) ئاسانکاری بکات بۆ هەموو عێراقیان و هەرێم.

لە حالەتێکدا ئەگەر هاتوو ئامادە نەکرا بۆ پێداچوونەوەی ماستەر پلان و وەك خۆی بەجێهێڵدراو و مایەوە, لە داهاتوویەکی نزیکدا, کێشەی زۆرمان تووش دەبێت سەبارەت بە گواستنەوە, تۆڕی ژێرخان, پلانی بەکارهێنانی زەوی, خەڵك کە دەژین یان سەردانی شارەکە دەکەن .... هتد.

بۆ نموونە سەبارەت بە تۆڕی گواستنەوە, ئەمرۆ شارەکە تۆڕی جەنجاڵ و قەرەباڵغی هەیە لەبەر نەبوونی کارگێڕی هاتووچۆ, تۆڕی گشتی خراپ, بەکارهێنانی ئۆتۆمبیل لە ئاستێکی بەرزدا .... هتد. بۆ نموونە, ئێمە (٣٥٠.٠٠٠) سێ سەد و پەنجا هەزار ئۆتۆمبێلی ژمارەکراومان هەیە لە شاردا کە نزیکەی (٢.٠٠٠.٠٠٠ لتر/ لە ڕۆژێکدا) دوو ملیۆن لیتر گاز و بەنزین لە ڕۆژێکدا بەکاردەهێنن, وە نزیکەی (٢٥.٠٠٠) بیست و پێنج هەزار تەکسیمان هەیە لە شار بە بێ هیچ ڕێکخستنێك کە زۆربەی کاتی خۆیان لە ڕێگاکان بەفیرۆ دەدەن بۆ سوارکردنی نەفەر.
سەبارەت بە بابەتی ژێرخان و ژینگە, شارەکە لەوانەیە ڕووبەڕووی کێشەی گەورە ببێتەوە لەبەر خراپی پلانی ڕێکخستن لە چارەسەرکردنی پاشەڕۆ ی رەق (شارەکە ڕۆژانە ١.٥٠٠ تۆن لە پاشەڕۆ ی رەقی هەیە کە فرێدەدرێن بە بێ هیچ چارەسەرکردنێك), نەبوونی کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی قورس (شارەکە ڕۆژانەی نزیکەی ٢٢٠.٠٠٠ مەتر دووجا ئاوی قورسی هەیە کە دەرژێنە چەمەکانەوە بە بێ هیچ چارەسەریەك یان دووبارە بەکارهێنانەوەیان) وە لەبەر زۆر بەکارهێنانی بەنزین و گاز هەروەك لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا.
سەبارەت بە بەکارهێنانی زەوی, شارەکە پێویستی بە دووبارە ڕێکخستنەوەی پلانی داهاتووی هەیە بۆ بەکارهێنان و بەڕێوەبردنی ئەو زەویانە بە باشترین شێوە بۆ زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی و کردنەوەی شوێنی بەتاڵ و کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیل, بارگرانی هاتووچۆ و درێژی تۆڕەکانی ژێرخان کە دەتوانرێ بوونی هەبێ لە شێوازی شارێکی پتەو.

سەبارەت بە خەڵکی کە خۆبەخشی سەرەکین لە مەسەلەکە, هەموو ئەو فاکتەرانەی کە لە سەرەوە باسکراون کاردەکاتە سەر ژیانیان لە شارەکەدا. بۆ نموونە, جەنجاڵی و قەرەباڵغی هاتووچۆ دەبێتە هۆی بەفیرۆدانی کات, هۆکارەکانی ئابووری , بەکارهێنانی ووزە, وە کێشەکانی ژینگەیی کاریگەری دەبێت لەسەر کێشەی تەندروستیەکان, کێشەی ئابووری, وە کەمترین کات کارکردن, .... هتد.

## دەستەی بەرپرسیار

بەڕێز یوسف یاسین / سەرۆکی شارەوانی سلێمانی.

بەڕێز احمد محمد/ ئەندازیاری پلاندانان.

<table>
<tr><th colspan="7">کەمکردنەوە</th></tr>
<tr><td colspan="4">دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە تەن<br>$TCO_2/a$</td><td colspan="3">میگاواتلەکاتژمێرێکدا<br>MWh /a</td></tr>
<tr><td colspan="4">٢٧٠٩١</td><td colspan="3">١٠٨٨٠٠</td></tr>
<tr><td colspan="7">بەشداری کردن بە ڕێژە ٪</td></tr>
<tr><td colspan="7">٪ ١.٤٢</td></tr>
<tr><td colspan="7">خەرجی بە دۆلار $</td></tr>
<tr><td colspan="7">٣.٤٠٠.٠٠٠</td></tr>
<tr><td colspan="7">ساڵی جێبەجێ کردن</td></tr>
<tr><td></td><td></td><td></td><td></td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td colspan="7">نیشاندەری ئەنجامدانی سەرەکی</td></tr>
<tr><td colspan="7">ژمارەی ئۆتۆمبیلەکان لە هەر ڕۆژێکدا</td></tr>
<tr><td colspan="7">یەکەکانی پێوانە</td></tr>
<tr><td colspan="7">ئۆتۆتۆمبێلەکان</td></tr>
<tr><td colspan="7">پێشینەی کار</td></tr>
<tr><td></td><td></td><td></td><td></td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td colspan="7">بواری دەستێوەردان</td></tr>
<tr><td colspan="7">باشترکردنی گواستنەوە و کەمکردنەوەی جەنجاڵی</td></tr>
<tr><td colspan="7">بنچینەی کار</td></tr>
<tr><td colspan="7">دەسەڵاتی ناوخۆیی</td></tr>
<tr><td colspan="7">ئامرازی پلانی کار</td></tr>
<tr><td colspan="7">ڕێکخستنی پلاندانانی بەکارهێنانی زەوی</td></tr>
</table>

## پاصی گواستنەوە/ پاصی خێرا لە ڕێگاکانی قەرەباڵغی ئاسایی

خزمەتگوزاری پاصی خێرا جۆرەڕێگایەکی جێگیرە کە هەمیشە هاوڵاتیان لە گەراجی وەستان و سواربوون لە ناوچەکانیقەراغ شار هەڵدەگرێت و دەیانبات بۆ ناوچەی بنکەی شار. ئەو خزمەتگوزاری گواستنەوەیە عادەتەن بۆ مەودایەکی دوورو درێژ کاردەکات لە ڕۆژانی شەممە تاکو پێنج شەممە, بە گوێرەی خشتەی کاتی ڕێبوار.
ئەو ڕێگایانە وەستانیان تێدا سنوردارە, بە تایبەتی گەشتکردنی بێ وەستان لەسەر ڕێگاخێراکان (بەکارهێنانی هەر ڕارەوەکی خێرایی ئۆتۆمبیلی نەفەرهەلگری زۆر HOV), وە کۆتایی پێدەهێنێت لە ناوچەی ناوەڕاستی پیشەسازی شار. کرێی خزمەتگوزاریگەشت لەوانەیەهاوشێوەی کرێیوەستان و سواربوونبێت, کەمێك زیاترە لە نرخی خزمەتگوزاری ڕێگای جێگیری ناوخۆیی باو.
پلاندانانی گونجاو گرنگترین هەنگاوە کە دەبێت ڕەچاو بکرێت پێش بەکارهێنانی پاصی خێرا, پێش دانانی پلانی ڕێگاکە پلاندانەرەکەپێویستە داتای دانیشتوانی و ناوچەیی کۆبکاتەوە.

کۆکردنەوەی داتا,بریتیە لە کرداری ڕووماڵکردنیشوێنی سەرەکی و شوێنی مەبەست, نەخشەکێشانی زۆربەی بنکە سەرەکیەکانیدامەزراندن, وە خزمەتگوزاریە سەرنجراکێشەکان, ڕووماڵکردنی بەکاربەرە شاراوەکان بۆ دیاریکردنی خشتەی کات و ئاڕاستەکان, وە پێویستە بە شێوەیەکی نموونەییخزمەتگوزاری پێشکەش بکرێتبە ڕێککەوتن لەگەڵ یەك یان زیاتر لە گەراجی وەستان و سواربوون.
پێویستە بە وریایی پلان دابنرێت بە تایبەتی بۆ ئەو ناوچانەی کە داواکاری گواستنەوەیان زۆر لەسەرە لە کاتە پێویستەکان. وە پێویستە لە کاتی پلاندانانرەچاوی قەبارەی پاس بکرێت, پێویستە پاصی گەورەتر دەستنیشان بکرێت بۆ ڕێگاکە لەگەڵ داواکاری زیاتر.

### باسکردنی کارەکە

کرداری پێشنیارکراو بریتیە لە دابینکردنی (٥٠) پاصی خێرا بۆ هەڵگرتنی ١٠.٠٠٠ نەفەر لە ڕۆژێکدا بە مەودای مەزەندەکراوی (١٠٠) کم. کاری سەرەکی بریتی دەبێت لە جەخت کردنەوە لەسەر دروست کردنی پاصی خێرا, بەلاّم پێش ئەوەراسپێرداوە بۆ دلّنیابوون کە کارەکە چارەسەری گونجاو دەبێت, پێویستە ئەو کردارە بنەڕەتیانەی خوارەوە بگیرێتەبەر پێش جێبەجێ کردن:

١. دامەزراندنی لیژنەی ئەنجوومەن بۆ بەدواداچوونی ئامادەکردنی کارەکە لەگەلّ نوێنەری ئاستی ناوخۆ و نیشتمانی وخاوەن بەرژەوەندان.

٢. پەرەپێدانی پێشنیار

- شیکردنەوەی خزمەتگوزاری- کۆکردنەوەی داتا لەسەر دانیشتوان و ناوچەیی پێش ئەوەی پلانی ڕێگا دابنرێت و دیاری بکرێت لە کوێ پاصی خێرا پێویستە یان گونجاوە بۆ ناوچەکە .
- بیرۆکە سەرەتاییەکان- دابینکردنی پلانی سەرەکی لەسەر نیشاندانی ڕێگاو خشتەی پێشنیارکراو. پێداچوونەوە بە هاوردەی کریار و کارپێکەر و تێبینیەکان بۆ دیاریکردنی ئایا هیچ داواکاریەك هەیە لە ناوچەیەکی دیاریکراو بۆ خزمەتگوزاری ئاستی خێرا. لەسەر بنەمای تێبینیەکان, باشترکردنیدیزاین و خشتەی کاتەکان, پێشخستنی تێچووی خزمەتگوزاری لەسەر بنەمای کاتژمێرەکانی خزمەتی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی ڕێگاکە.
- پێشنیارە سەرەتاییەکان- دیاریکردنی ڕێگە پێشنیارکراوەکان و خشتە (خشتەکان) لەگەلّ خاوەن بەرژەوەندە ناوخۆییەکان (بازاڕکردن- خشتەی کار و کردارەکان).
- بەردەوامبوون لەگەلّ کۆمەلّگە (ڕێبوار, جەماوەری گشتی, دەستەی ڕاوێژکاری.... هتد) بردنیپێشنیارەکان بۆ گروپی ڕاوێژکاریو خەلّکانی ئامانجدار, ڕێگا (ڕێگاکان) خزمەت دەکەن بۆ کۆکردنەوەی سەرنج و تێبینی. ئەنجامدانی کۆبوونەوە لە ناوەڕاستی ئەو شوێنەی کە بە ئاسانی لایەنی گواستنەوەی گشتی دەستی پێدەگا بۆ کۆکردنەوەی سەرنج و تێبینی زیاتر. پاشان پێداچوونەوە بە پێشنیارەکان لەسەر بنەمای هەموو زانیاریە کۆکراوەکان.

٣. پرۆسەی ئەنجوومەن

- پێداچوونەوەی لیژنەی ئەنجوومەن- پێشکەش کردنی پێشنیارە سەرەتاییەکان و سەرنج و تێبینی کۆمەلّگای وەرگیراوبۆدانیشتنی کاری ئەنجوومەن یان دەستەی لیژنەی پلاندانان.
- دانیشتنی گوێ گرتنی گشتی- دانیشتنی گوێ گرتنی گشتی بە جیا ڕێکدەخرێ بۆ خولّی کۆتایی تێبینیەکان.
- ڕاسپاردەکانی کۆتایی- پێشکەش کردنی پێشنیاری کۆتایی و ڕاسپاردەکانیدەربارەیخزمەتگوزاری گواستنەوەیدەستەی کارگێڕی بەڕێوەبەران.
- بڕیاری ئەنجوومەن : پەسند کردن یان پەسند نەکردنی خزمەتگوزاری گواستنەوەی دەستەی بەڕێوەبەران .

٤. ئامادەکردنی جێبەجێ کردن

- گەشەپێدانی خشتەی کات- ئەگەر خزمەتگوزایەکە پەسند کرا, خشتەکانی کات تاقیدەکرێنەوە و کۆتاییان پێ دێت.
- ئەرکەکانی کارپێکەر-دەکرێ ڕێگاکە نیشانبدرێ بۆ پیشاندانی نرخی کارپێکەر لە ماوەی ئەرکی کاری داهاتوو.
- کەلّوپەلەکانی بازاڕکردن و گواستنەوە - گەشەپێدان و دابەشکردنی کەلّوپەلەکانی بازاڕکردن و گواستنەوە بۆ ڕاگەیاندنی خزمەتگوزاری پێشکەشکراو.
- باشترکردنی سەرمایە (ئۆتۆمبێل, ئامرازەکان, وێستگەکان, هتد)- گەشەپێدان و بونیاتنانی وێستگەیەك کە بە ئاسانی پێی بگەی, قەنەفە, خانوو و وێستگەکانی پەیوەست بە ڕێگا. کرینی ئۆتۆمبیلی نوێ ئەگەر پێویستی کرد.




نوێکردنەوەی تەکنەلۆجیای زانیاری- نوێکردنەوە و باشترکردن بۆ مالّپەری ئاژانس, شوێنی ئۆتۆمبیلی ئۆتۆماتیك (ئەگەر کاری پێبکرێ) و پەرەکانی خشتەی کاتی کارپێکەر.

### ئامانجە گشتیەکان

ئەو ڕێبوارانەی کە لە ناوچەکانی قەراغ شار دەژین, بریتین لە کارمەندانی دەوڵەت, قوتابیان و ئەو کارمەندانەی لە ناوەڕاستی شار کاردەکەن بەکاربەری بەردەوامی ئەو خزمەتگوزاریەن. هەمیشە, ئەو ڕێبوارانەی کە ڕێگای خێرا بەکاردەهێنن بۆ گەشتکردن بۆ وە لە کارلە هەفتەی کارکردن وەکو بەکاربەری شاراوە وان, لەبەرئەوەی ئەو خزمەتگوزاریە دەتوانێ ڕێرەوەکانی ئۆتۆمبیل بەکاربهێنێ کە توانای هەڵگرتنی نەفەری زۆر هەیە وە پاڵەپەستۆت ناخاتە سەر وکەمتر تووشی ناخۆشیت دەکات لە گەشتدا.

سەرەڕای ئەوەش لەو شوینانەی خوارەوە دەوەستێت:

- زیاتر بەکارهێنانی گواستنەوە دەتوانێ ژمارەی ئۆتۆمبیلە تاکە کەسیەکانکەمبکاتەوە لەسەر زۆربەی ڕێگا خێراکان یان ڕێگا گشتیەکان.ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی داواکاری هاتووچۆ لەسەر زۆربەی ڕێگا خێراکانی شار و شەقامەکان.
- خزمەتگوزاری خێرا دەتوانێ وەك جێگرەوەیەك بۆ ئۆتۆمبیلی کەسی بەکاربێت. ڕێبوارانی قەراغ شار دەتوانن پشت ببەستن لەسەر ئەو خزمەتگوزاریە بۆ گواستنەوەیان بۆ ناوچەی پیشەسازی ناوەندی شار.
- گەشتیاران دەتوانن کاتەکانی خۆیان ڕێکبخەن لەناو پاس, کە بە شێوەیەکی ئاسایی پەیوەستکراوە بە خزمەتگوزاری وایفای (ئینتەرنێت). وە ڕێبوارەکان کاتی زۆرتریان لەبەردەستە بۆ چارەسەرکردنی کاروباری کەسی و کارەکانیان, لە جیاتی ئەوەی کاتی خۆیان بەفیرۆ بدەن لەسەر جەنجاڵی ڕێگای خێرا.
- کاتەکانی گەشتی ڕێگای خێرا پێویستە پێشبیرکێیی بێت بۆ هاژوشتنی ئۆتۆمبێلی کەسی بۆیە ئەوان دەتوانن ببنە چارەسەری بەردەوام بۆ کەمکردنەوەی جەنجاڵی.
- کەمکردنی دەردان لە شاردا.

| کەمکردنەوە | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە تەن $TCO_2/a$ | | | | میگاواتلەکاتژمێرێکدا MWh /a | | |
| ٢٦٧٦٧ | | | | ١٠٧٤٥٦ | | |
| بەشداری کردن بە ڕێژە ٪ | | | | | | |
| ٪ ١.٤ | | | | | | |
| خەرجی بە دۆلار $ | | | | | | |
| ٥٠.٠٠٠ | | | | | | |
| ساڵی جێبەجێ کردن | | | | | | |
| | | | | | | |
| نیشاندەری ئەنجامدانی سەرەکی | | | | | | |
| ژمارەی ئۆتۆمبیلەکان هەر ڕۆژێك | | | | | | |
| یەکەکانی پێوانە | | | | | | |
| ئۆتۆتۆمبێڵەکان | | | | | | |
| پێشینەی کار | | | | | | |
| | | | | | | |
| بواری دەستێوەردان | | | | | | |
| باشترکردنی گواستنەوە و کەمکردنەوەی جەنجاڵی | | | | | | |
| بنچینەی کار | | | | | | |
| دەسەڵاتی ناوخۆیی | | | | | | |
| ئامرازی پلانی کار | | | | | | |
| ڕێکخستنی پلاندانانی بەکارهێنانی زەوی | | | | | | |

## ڕێکخستنی خزمەتگوزاری تەکسی لە بنکە سەرەکیەکان

شاری سلێمانی شارێکی بچووکە لە پێوانەی نێودەوڵەتی ڕووبەری ١٥٠ کم٢ دادەپۆشێت. توانای فراوان بوونی نیە لەبەرئەوەی دەکەوێتە نێوان دوو چیا کە بوونەتە سنوری سروشتی بۆ شارەکە. بەپشت بەستن بە داتای پۆلیسی هاتووچۆ, ئەمڕۆ ١١٠.٠٠٠ ئۆتۆمبیلی تایبەت و ٥٠.٠٠٠پیکاب و ٢٠.٠٠٠ تەکسی و پاسی بچووك لە سلێمانی بوونیان هەیە. ئەمەش ڕوویدا لە ئەنجامی نەبوونی پلانی کار بۆ سنوردارکردنی ئۆتۆمبیلی تەکسی کە دەچنە ناو شار, لە کاتێکدا شارەکەدەناڵێنێت بە

This project is funded by the European Union

Covenant of Mayors for Climate & Energy

دەست ئالۆزبوونی کارپێکردنی ئۆتۆمبیلی تەکسی لەگەڵ سیستمی گەشەکردنی هەرەمەکی خۆیی لە خزمەتگوزاری تەکسی و بەدوایيدا بوونی ئۆتۆمبیلی کرێ لە ناو شار بۆ گەران بەدوای رێبواردا.

هاوسەنگی و رێکخستن لە بازاری ئۆتۆمبیلی تەکسی لە رێگای رەچاوکردنی دەرەوە بۆ جەنجاڵی و پشت بەستن بە رێنمایی نوێ بۆ خزمەتگوزاری ئۆتۆمبیلی کرێ لە ناوەندی بازاری سەرەکی مەسەلەکی گرنگە, بە رەچاوکردنی ئۆتۆمبیلی تەکسی دیاریکراو رێگا پێدراون بۆ کارکردن لە بازاری سەرەکی بە سیستمی پێکهاتەی تایبەت بە وەستان لە سەرە.

ژمارەی ئۆتۆمبیلی تەکسی بە بێ رێبوار دەسورێنەوە بریتین لە ٤٠ ٪ کۆی گشتی(٥٠٠٠) ئۆتۆمبیلی تەکسی لە بازاری پیاو بە مەودای گەشتکردن بۆ نزیکەی (٢٠ ) کم بە گەشتی چوون و هاتن نزیکەی چوار جار لە رۆژێکدا.

ئەوانە بە سوودن بۆ سەرپەرشتیاری تەکسی بۆ رێکخستنی سیستمی کارپێکردنی تەکسی شار بە شێوەیەکی چالاك و شوفێرانی تەکسی بۆ دابینکردنی خزمەتێکی باشتر.

## باسکردنی کارەکە

- دیاریکردنی لیژنەیەکی تەکنیکی پێکهاتبێت لە بەرێوەبەرایەتی هاتوچۆ, بەرێوەبەرایەتی پلاندانی پارێزگا و شارەوانی, یەکێتی گواستنەوە و هەندێکی تر پەیوەست بە خاوەن بەرژەوەندان بۆ پێداچوونەوەی گشت هەنگاوەکان بۆ جێبەجێکردنی سەرکەوتووانە.
- دیاریکردنی راوێژکارێك لە بواری گواستنەوە و پلان دانان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر شوێنە پێشنیارکراوەکان بۆ وێستگەکانی وەستانی تەکسی لە بازاری سەرەکی و گەشەپێدانی پلان بۆ جێبەجێ کردن بە رەچاوکردنی بیروڕای خاوەن بەرژەوەندان (خاوەن تەکسیەکان, خاوەن دوکانەکان, گەشتیاران و بازرگانان), شیکردنەوەی مەترسیەکان و بەربەستەکان و پێشنیارکردنی چارەسەر. لەگەڵ ئەوەشدا, پێداچوونەوە لە تێچووی جێبەجێ کردنی پرۆژە و پێشنیارکردنی چارەسەری دارایی جێگرەوە بۆ دابینکردنی پارە. هەروەها, بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا دەبێت بەشێك بێت لە چارەسەرکردن بۆ دەستەبەرکردنی ئەنجامی کاتی تەواو و بوونی داتای راست و دروست بۆ بەرێوەبردنی گونجاو و کارپێکردنی چالاك.لەخۆگرتنی لافیتە بۆ هاولاتیان بۆ رێ پیشاندانیان بۆ ناوچەی وەستانی تەکسی.
- پێداچوونەوەی نەخشەسازی پێشنیارکراو لە لایەن راوێژکار و بەدواداچوون لە راسپاردەکان پێش ئەنجامدان.
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەی هاوبەش لەگەڵ دەسەلاتی نیشتمانی بۆ بەدەستهێنانی قەبول بۆ جێبەجێ کردن و بەشداری کردنی کەرتی تایبەت لە دابین کردنی پارە, دامەزراندن, کارپێکردن و پاراستنی سیستەم لە رێگەی هاوبەشی لەگەڵ کەرتی تایبەت.
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەی هاوبەشی کۆمەلگایی بۆ دەستپێشخەری کردنی جێبەجێ کردنی پرۆە لەگەڵ پشتگیری لیژنەی راوێژکاری هاولاتی.
- ئامادەکردنی بەلگەنامەی تەندەر و ئەنجامدانی پرۆژە لەگەڵ کەرتی تایبەت.
- دیاریکردنی کۆمپانیا بۆ چارەکردنی چاودێریکردن و کارپێکردنی بەردەوام.
- چاودێریکردنی جێبەجێ کردن و کارپێکردن.

## ئامانجە گشتیەکان

ئەو پرۆژەیە ئامانجی دامەزراندنی شوێنی وەستانە (پارکینگ( بۆ تەکسی لە ناو سلێمانی بۆ ئەوەی:

- بوونی شوێنی وەستانی تەکسی, داهات پەیدا دەکات بۆ پارێزگا کە دەتوانرێ بەکاربهێنرێت لە باشترکردنی تایبەتمەندی رێگا لە ناوچە پێشنیارکراوەکان.
- هەروەها بوونی شوێنی وەستانی تەکسی دەرفەتی کاری نوێ بۆ هاولاتیان دەرەخسێنێ و فرۆشتن باشتر دەکات بۆ دوکان و نووسینگەکان.

- ڕێکخستنی تەکسی لە بازاڕی سەرەکی و دیاریکردنی ناوچەیەکی تایبەت بە وەستانی تەکسی بۆ کەمکردنەوەی جەنجاڵی هاتووچۆ و ئاسانکاری کردنی جموجۆڵی خەڵك لەناو شاردا.
- کەمکردنەوەی دەردانی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن $CO_2$ لە جەنجاڵی هاتووچۆ.
- پاراستنی ژینگە و تەندروستی بە خاوێنی بۆ پیادەرۆیان.

## خزمەتگوزاری تەکسی زیرەك لە ڕێگەی دابین کردنی نووسینگەی تەکسی لە ناوچە جۆراوجۆرەکان

| کەمکردنەوە | |
|---|---|
| دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە تەن $TCO_2/a$ | مێگاواتلەکاتژمێرێکدا MWh /a |
| ١٢١٩١ | ٤٨٩٦٠ |
| بەشداری کردن بە ڕێژە ٪ | |
| ٠.٦٤ ٪ | |
| خەرجی بە دۆلار $ | |
| ٣٠.٠٠٠ | |
| ساڵی جێبەجێ کردن | |
| نیشاندەری ئەنجامدانی سەرەکی | |
| ژمارەی ئۆتۆمبیلەکان هەر ڕۆژێك | |
| یەکەکانی پێوانە | |
| ئۆتۆتۆمبێڵەکان | |
| پێشینەی کار | |
| بواری دەستێوەردان | |
| باشترکردنی گواستنەوە و کەمکردنەوەی جەنجاڵی | |
| بنچینەی کار | |
| دەسەڵاتی ناوخۆیی | |
| ئامرازی پلانی کار | |
| ڕێکخستنی پلاندانانی بەکارهێنانی زەوی | |

شاری سلێمانی شارێکی بچووکە لە پێوانەی نێودەوڵەتی ڕووبەری ١٥٠ کم٢ دەگرێتەوە. توانای فراوان بوونی نیە لەبەرئەوەی دەکەوێتە نێوان دوو چیا کە بوونەتە سنوری سروشتی بۆ شارەکە. بەپشت بەستن بە داتای پۆلیسی هاتووچۆ, ئەمرۆ ١١٠.٠٠٠ ئۆتۆمبیلی تایبەت و ٥٠.٠٠٠ پیکاب و ٢٠.٠٠٠ تەکسی و پاصی بچووك لە سلێمانی بوونیان هەیە. ئەمەش ڕوویدا لە ئەنجامی نەبوونی پلانی کار بۆ سنورداركردنی ئۆتۆمبیلی تەکسی کە دەچنە ناو شار, لە کاتێکدا شارەکە دەناڵێنێت بە دەست ئالۆزبوونی کارپێکردنی ئۆتۆمبیلی تەکسی لەگەڵ سیستمی گەشەکردنی هەرەمەکی خۆیی لە خزمەتگوزاری تەکسی و بەدواییدا بوونی ئۆتۆمبیلی کرێ لە ناو شار بۆ گەران بەدوای ڕێبواردا.

هاوسەنگی و ڕێکخستن لە بازاڕی ئۆتۆمبیلی تەکسی لە ڕێگای ڕەچاوکردنی دەرەوە بۆ جەنجاڵی و پشت بەستن بە ڕێنمایی نوێ بۆ خزمەتگوزاری ئۆتۆمبیلی کرێ لە ناوەندی بازاڕی سەرەکی مەسەلەکی گرنگە, دیاریکردنی نووسینگەکانی تەکسی تەنیا ڕێگا پێدراون بۆ کارکردن لە ناو شاردا. ئەمەش یارمەتیدەر دەبێ بۆ سەرپەرشتی کردن و ڕێکخستنی سیستمی کارکردنی تەکسی شار زۆر چالاکانە و شوفێرانی تەکسی خزمەتگوزاری باشتر پێشکەش دەکەن, پارەکی کەمتر خەرج دەکەن و ناهێڵێت گەشت بکات بە بێ ڕێبوار.

### باسکردنی کارەکە

ژمارەی نووسینگەکانی تەکسی مەزندەکراو بریتیە لە (٣٠ ) نووسینگە و هەر نووسینگەیەك دەتوانێ (٥٠ ) ئۆتۆمبیلی تەکسی بەڕێوەببات لەگەڵ کۆی گشتی(١٥٠٠ ) ئۆتۆمبیلی تەکسی.

- دەستەبەرکردنی یاسا بۆ ڕێگاپێدانی کردنەوەی نووسینگەی تەکسی ئۆن کۆل (On call) لە ناو شارەکان.

- دابەشکردنی ناوچەکان بۆ هەرێم و دیاریکردنی ژمارەی نووسینگەکان کە توانای وەرگرتنی مۆڵەتی کاریان هەبێت لەگەڵ دیاریکردنی ژمارەی تەکسیەکان.
- باشترکردنیڕێکارەکان بۆ چاودێریکردنی گونجاوی کارپێکردن و دڵنیایی چالاکی خزمەتگوزارییەکان.
- دڵنیایی یەکخستنی تەکنەلۆجیا لە خزمەتگوزاری بۆ کەمکردنەوەی تێچووی کارپێکردن و چاککردنەوە ی خزمەتگوزاری بە شێوەیەکی هەرزان بۆ بەکاربەران.
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەی هاوبەش لەگەڵ دەسەڵاتی نیشتمانی بۆ بەدەستهێنانی قەبول بۆ جێبەجێ کردن و بەشداری کردنی کەرتی تایبەت لە دابین کردنی پارە، دامەزراندن، کارپێکردن و پاراستنی سیستەم لە ڕێگەی هاوبەشی لەگەڵ کەرتی تایبەت.
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەی هاوبەشی کۆمەڵگایی بۆ دەستپێشخەری کردنی جێبەجێ کردنی پرۆە لەگەڵ پشتگیری لیژنەی ڕاوێژکاری هاولاتی.
- ئامادەکردنی بەڵگەنامەی تەندەر و ئەنجامدانی پڕۆژە لەگەڵ کەرتی تایبەت.
- دیاریکردنی کۆمپانیا بۆ چارەکردنی چاودێریکردن و کارپێکردنی بەردەوام.
- بەردەوام بە لە چاودێریکردنی جێبەجێ کردن و کارپێکردن.

### ئامانجە گشتیەکان

ئەو پڕۆژەیە ئامانجی دامەزراندنی نووسینگەی تەکسیەلەناو سلێمانی بۆ ئەوەی:

- بوونی نووسینگەی تەکسی، داهات پەیدا دەکات بۆ پارێزگا کە دەتوانرێ بەکاربهێنرێت لە چاکترکردنی تایبەتمەندی ڕێگا لە ناوچە پێشنیارکراوەکان.
- بوونی نووسینگەی تەکسی،دەرفەتی کاری نوێ بۆ هاولاتیان دەرەخسێنێ و فرۆشتن باشتر دەکات بۆ دوکان و نووسینگەکان.
- ڕێکخستنی تەکسی لە ناو شار و کەمکردنەوەی جەنجاڵی هاتووچۆ و ئاسانکاری کردنی جموجۆڵی خەڵك لەناو شاردا و نەهێشتنی جموجۆڵی تەکسی بە بێ ڕێبوار.
- کەمکردنەوەی دەردانی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن $CO_2$ لە ئەنجامی جەنجاڵی هاتووچۆ.
- پاڕاستنی ژینگە و تەندروستی بە خاوێنی بۆ پیادەرۆیان.

## دروستکردنی پرۆژەی گەراجێکی یەکگرتوو (گواستنەوەی گشتی و تایبەت) لە قەزای چەمچەماڵ

هیچ گەراجێکی یەکگرتوو نیە بۆ کۆنترۆڵ کردنی گواستنەوەی گشتی لە قەزا، بۆیە ئەو پرۆژەیەسوودی دەبێت بۆ خزمەتگوزاری دەسەڵاتی ناوخۆیی و سوودە گشتیەکان و دانیشتوانی باڵەخانە ی نیشتەجێ بووەکان و زانکۆکان و ناوچە پیشەسازییەکان، کشتوکاڵ و گەشت و گوزار و هی تر.

This project is funded by the European Union

Covenant of Mayors for Climate & Energy

| کەمکردنەوە | |
|---|---|
| دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە تەن $TCO_2/a$ | میگاواتلەکاتژمێرێکدا MWh /a |
| 203814 | 51593 |
| بەشداری کردن بە ڕێژە ٪ | |
| 2 % | |
| خەرجی بە دۆلار $ | |
| 110000 | |
| ساڵی جێبەجێ کردن | |
| | |
| نیشاندەری ئەنجامدانی سەرەکی | |
| ژمارەی ئۆتۆمبیلەکان هەر ڕۆژێك | |
| یەکەکانی پێوانە | |
| ئۆتۆتۆمبێڵەکان | |
| پێشینەی کار | |
| | |
| بواری دەستێوەردان | |
| باشترکردنی گواستنەوە و کەمکردنەوەی جەنجاڵی | |
| بنچینەی کار | |
| دەسەڵاتی ناوخۆیی | |
| ئامرازی پلانی کار | |
| ڕێکخستنی پلاندانانی بەکارهێنانی زەوی | |

**باسکردنی کارەکە**

چەمچەماڵ قەزایەکی گەورەیە و ناوچەی فراوان وجیرانی جیاواز لەخۆدەگرێت. بۆیە, گەراجێکی شارستانی گشتی هەیە بۆ کۆکردنەوەی گواستنەوە لە یەك ناوچە کە خزمەت دەکات بە ئامادەکردنی ئەو ڕووداوە. ئەو پرۆژەیە هاوبەشی دەکات لە زیادکردنی چالاکی و زیادکردنی دەرفەتی کار بۆ دانیشتوانی ناوخۆیی.

بونیاتنانی پێکهاتەی کەرەستەکانی ناوخۆیی بە تێچووی کەم و خەسڵەتی بەرز, وە بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەرمکردنەوە (بەکارهێنانی ئاو گەرمکردن) و ڕێگاکانی ڕووناك کردنەوە بە ڕێگای ئابووری, هاوکارن بۆ ژینگە (ڕووناك کردنەوەی هەتاوی) و گاز (بۆ بە ئاسانی دەرهێنانی گاز لە ناوچەکە) و دابین کردنی بۆشایی تەواو بۆ پاراستنی ڕێگاکانی گواستنەوە و نەفەر لە بارودۆخی ژینگەیی جیاواز (هەتاو و باران).

وا باشترە پشت ببەستی بە ڕێگا کەم تێچوو و هەرزانەکان بۆ دامەزراندنی پرۆژەی وەك بەخشینەکان, یارمەتیەکان و پارە پێدان, وە وەبەرهێنان دەستی هەیە لەبەرئەوەی هاوکاری دەکات لە زیادکردنی گەیشتن بە سامان لە سەرچاوە جیاوازەکان.

**ئامانجە گشتیەکان**

١. کەمکردنەوەی پیس بوونی ژینگە.

٢. کەمکردنەوەی ڕوودانی ڕووداوی هاتووچۆ (جەنجاڵی هاتووچۆ).

| کەمکردنەوە | |
|---|---|
| دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە تەن | میگاواتلەکاتژمێرێکدا MWh /a |

| | |
|---|---|
| | $TCO_2/a$ |
| 1128 | 4533 |
| بەشداری کردن بە ڕێژە ٪ | |
| 0.04 % | |
| خەرجی بە دۆلار $ | |
| 368400 | |
| ساڵی جێبەجێ کردن | |
| | |
| نیشاندەری ئەنجامدانی سەرەکی | |
| ژمارەی ئۆتۆمبیلەکان هەر رۆژێك | |
| یەکەکانی پێوانە | |
| ئۆتۆتۆمبێلەکان | |
| پێشینەی کار | |
| | |
| بواری دەستێوەردان | |
| باشترکردنی گواستنەوە و کەمکردنەوەی جەنجاڵی | |
| بنچینەی کار | |
| دەسەڵاتی ناوخۆیی | |
| ئامرازی پلانی کار | |
| ڕێکخستنی پلاندانانی بەکارهێنانی زەوی | |

٣. باشترکردنی کارگێڕی گشتی گواستنەوە.

٤. پاراستنی ژینگە (پاك ڕاگرتنی ژینگە).

٥. زیادکردنی هەڵی کار بۆ هاوڵاتیان.

٦. پشگیری کردنی کەرتی تەندروستی.

**دەستەی بەرپرسیار**

وەزارەتی شارەوانی- بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی سلێمانی

ناو: بەرێز بهاو الدین ئیبراهیم فارس- شوێنی کار : بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانی پارێزگای سلێمانی

ناو: بەرێز نەوشێروان حەمە کەریم- شوێنی کار : بەرێوەبەری پلان دانان

## دابینکردنی شوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل لە ڕێگای دانانی (عداد) پێوەری‌زیرەکی وەستانی ئۆتۆمبێڵ لە ڕۆخ ڕێگاکان



شاری سلێمانی بەهۆی بوونی شوێنە جیاوازەکان،بە زیادبوونێکی زۆری خاوەنداریەتی ئۆتۆمبیل هاتووچۆی خەلکیان ئاسان کردووە لەسەرتاسەری شارەکە. سەرەڕای ئەوەش, ژمارەیەکی دیاریکراو شوێنی وەستانی ئۆتۆمبیل هەیە, کەوا لە شوفێر دەکات چەندەها جار بەو ڕێگایەدا بڕوات تاکو شوێنێکی وەستانی ئۆتۆمبێل دەدۆزێتەوە بۆ ئۆتۆمبیلەکەی, زۆربەی کات شوێنەکانی وەستانی تەنیشت شەقامەکانی پڕن لە ئۆتۆمبیل لە سەرتاسەری ڕۆژدا بە بێ دیاریکردنی کاتی دیاریکراو بۆ وەستانی ئۆتۆمبیلەکان.

ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی قەرەباڵغی و جەنجاڵی لە شەقامەکان و کاتی ئەو خەڵکانە بە فیڕۆدەدات کە بە دوای شوێندا دەگەڕێن بۆ وەستاندنی ئۆتۆمبێلەکانیان.

هەروەها, ئەمەش دەبێت هۆی دروست بوونی کێشە بۆ ناوچەکانی بازاڕکردن و شوێنی تر, دیاریکردنی کات بۆ وەستاندنی ئۆتۆمبێلەکان چارەسەرێکی گونجاوە بۆ دانانی کاتێکی دیاریکراو بۆ بەکارهێنانی لە شوێنی وەستاندنی ئۆتۆمبیلەکان, سەرەڕای ئەوەش, دابینکردنی شوێنی بەدیل بۆ وەستانی ئۆتۆمبیلەکان بۆ خاوەن دوکانەکان یان ئەو بۆ کەسانەی کە ئۆتۆمبیلەکانیان بۆ ماوەیەکی درێژ دەوەستێنن. وا هەڵسەنگێندراوە کە نزیکەی ٧٥٠ ئۆتۆمبیل دەتوانن شوێنەکانی وەستانی ڕۆخ شەقام بەکاربهێنن بە مەودای ٤.٥ کم. پێوەرەکانی (عداد) وەستانی ئۆتۆمبێل دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی

قەرەباڵغی و جەنجاڵی هاتووچۆ، هانی هاتووچۆی بازرگانی و ئابووری دەدات لە پایتەخت وە ڕێگا بە ژمارەیەکی زۆر لە ئۆتۆمبێل دەدات کە بە ڕێك و پێکی بوەستن لە شەقامەکان.

### باسکردنی کارەکە

دابینکردنی پێوەری زیرەکی وەستانی ئۆتۆمبیلەکان بۆ نزیکەی ٥٠٠ ئۆتۆمبیل بە درێژی نزیکەی ٣ کیلۆمەتر بەو ڕێکارانەی خوارەوە:

- دابینکردنی شوێنی داواکاری زۆر بۆ دامەزراندنی پێوەری وەستانی ئۆتۆمبیلەکان لە شاردا.
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەی هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی نیشتمانی بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی لەسەر جێ بە جێ کردن و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی بۆ بەشداریکردنی کەرتی تایبەت بۆ دابینکردنی پارە و بەستان و کارپێکردن و پاراستنی سیستەم لە ڕێگای هاوبەشی لەگەڵ کەرتی تایبەت.
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەی هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵگا بۆ بەرەو پێشبردنی جێ بە جێ کردنی پرۆژەکە بە پاڵپشتی لیژنەی ڕاوێژکاری هاوڵاتیان.
- دابینکردنی شوێنی بەدیل بۆ وەستانی ئەو ئۆتۆمبیلانەی بۆ ماوەیەکی درێژ دەوەستێنن/ بۆ خاوەن دوکانەکان، نووسینگەکان و فەرمانبەران.
- ئامادەکردنی دۆکیۆمێنی تەندەر و دەستپێکردنی پرۆژەکان لەگەڵ کەرتی تایبەت.
- دامەزراندنی پێوەرەکانی وەستانی ئۆتۆمبیل لەگەڵ پێوەرە ئەلیکترۆنیەکان کە پارەدان بە کارتی متمانە (کریدیت کارت) قبوڵ دەکات (سەرەڕای پارەدان لە ڕێگای تەلەفۆن، دراوی کانزایی، وە کارتی وەستانی ئۆتۆمبێل).
- جێ بە جێ کردنی بەرنامەی زیرەك لەسەر مۆبایل بۆ بە ئاسانی دۆزینەوەی شوێنی بەتاڵی وەستانی ئۆتۆمبیلەکان.
- وا لە شوێنەکانی ئۆتۆمبێل بکرێت کە زۆر گونجاو بێت لە ڕێگای ئاسانکاری پارەدان و دوورکەوتنەوە لە بەلگەهێنانەوە لەگەڵ کاتی دیاریکراو بۆ ماوەی لایەنی کەم دوو کاتژمێر.
- دامەزراندنی کۆمپانیا بۆ چاودێریکردن و بەردەوامی کارەکە.
- دیاریکردنی شوێنی وەستانی بەلاش بۆ ئۆتۆمبێلەکان کراوە پاش کاتژمێرەکانی کارکردن بۆ ڕێگادان بە هاوڵاتیانی ناوخۆیی بۆ وەستانی ئۆتۆمبێلەکانیان لەو شوێنە.

### ئامانجە گشتیەکان

ئامانجی ئەو پرۆژەیە بریتیە لە دروست کردنی شوێنی وەستانی ئۆتۆمبیلی بەکرێگیراوە لەناو شاری سلێمانی لەپێناو:

- دانانی ئامێری پێوەری وەستانی ئۆتۆمبیل، داهات پەیدادەکەن بۆ شارەوانی کە دەتوانێ بەکاری بهێنێت لە باشترکردنی کوالێتی ڕێگاکانی ئەو ناوچانە.
- هەروەها دانانی ئامێری پێوەری وەستانی ئۆتۆمبیل دەبێتە هۆی ڕەخساندنی دەرفەتی کاری نوێ بۆ هاوڵاتیان و باشترکردنی فرۆشتن بۆ دوکانەکان و نووسینگەکان.
- ئامێرەکانی پێوەری وەستانی ئۆتۆمبیل چارەسەرێکن بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵغی و جەنجاڵی هاتووچۆ وە ئاسانکاری دەکات بۆ هاتووچۆی خەڵك لەسەرتاسەری شاردا.
- کەمکردنەوەی دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە ئەنجامی جەنجاڵی هاتووچۆ.
- پاراستنی ژینگە و تەندروستی بە خاوێنی بۆ پیادەرۆیان.

## پوختەی کارەکانی پەیوەست بە گواستنەوە

| کەرتەکان و بواری کار | ژمارەی کار | پێوانە و ڕێکارە سەرەکیەکان | سیناریۆی کار هەر وەك هەموو کات (BAU) | | کەمکردنەوەی ووزە | | کەمکردنەوەی ووزە بە ٪ | تێچووی بە دۆلار $ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | مێگاوات لە کاتژمێرێکدا MWH | دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە تۆن $TCO_2$ | مێگاوات لە کاتژمێرێکدا MWH | دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە تۆن $TCO_2$ | | |
| | | **گواستنەوەی تایبەت و بازرگانی** | 10190681 | 2579641 | 1482182 | 375176 | 14.54% | 4,876,400 |
| | 29.00 | پێداچوونەوە, نوێکردنەوە و جێبەجێ کردنی ماستەر پلانی ئێستا بۆ شاری سلێمانی بۆ لەخۆگرتنی تایبەتمەندی بەردەوامی | | | 1019068 | 257964 | 10.00% | بۆ ئەوەی پێش بکەوێت |
| | 30.00 | پاسی گواستنەوە/ پاسی خێرا لە ڕێگاکانی قەرەباڵغی ئاسایی | | | 101907 | 25796 | 1.00% | 3,400,000 |
| | 31.00 | ڕێکخستنی خزمەتگوزاری تەکسی لە بنکە سەرەکیەکان | | | 101907 | 25796 | 1.00% | 5,000 |
| | 32.00 | خزمەتگوزاری تەکسی زیرەك لە ڕێگەی دابین کردنی نووسینگەی تەکسی لە ناوچە جۆراوجۆرەکان | | | 50953 | 12898 | 0.50% | 3,000 |
| | 33.00 | دروستکردنی پرۆژەی گەراجێکی یەکگرتوو (گواستنەوەی گشتی و تایبەت) لە قەزای چەمچەماڵ | | | 203814 | 51593 | 2.00% | 1,100,000 |
| | 34.00 | دابینکردنی شوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل لە ڕێگای دانانی (عداد) پێوەری زیرەکی وەستانی ئۆتۆمبێل لە ڕۆخ ڕێگاکان. | | | 4533 | 1128 | 0.04% | 368,400 |

## کشتوکاڵ

## دابینکردن و دامەزراندن و کارپێکردنی تاقیگە بۆ دانەوێڵەی کشتوکاڵی

### پێشینە

تاقیگەی دانەوێڵە و ژینگە بریتیە لە کۆمەڵگایەکی تایبەت کە تیایدا کۆمەڵێکی فراوان لە ئاسانکاری و خزمەتگوزاری دابین دەکرێت بۆ توێژینەوە لە زانستی ڕووەکی و ژینگەیی. لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی لە گۆڕانکاری ژینگەیی جۆراوجۆر, ئەوانیش بریتین لە: پلەی گەرمی, توندی و چۆنیەتی ڕوناکی, درێژی ڕۆژ, ڕێژەی شێ, ئاودێری, دابینکردنی خۆراك, و جەختکردنەوە لەسەر دووەم ئۆکسیدی کاربۆن.

تاقیگەکان پشکنیك و تاقیکردنەوەی کشتوکاڵی لەسەر هەموو شتێك دابین دەکەن لە تۆوەوە بگرە تاکو دروێنە بۆ ئەو کرپارانەی کە بە دوای زیادکردنی بەرهەمەکانیان دەگەڕێن. لە باخەوانەکانی باخچەی پشتەوە بۆ کێڵگەی خێزان بۆ جوتیاری بازرگانی, پشکنینەکان بریتین لە پشکنینی پاشەڕۆی مەڕو ماڵات, دانەوێڵە, میوە, بەرهەم, ڕەزی مێو, پەلەوەر, ئاو, خاك, وە شانە. تاقیکردنەوە لەخۆدەگرێت:

خاك:

| کەمکردنەوە |
|---|

| دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە تەن $TCO_2/a$ | مێگاواتەلەکاترمێرێکدا MWh /a |
|---|---|
| | |
| بەشداری کردن بە ڕێژە ٪ | |
| | |
| خەرجی بە دۆلار $ | |
| 4333300 | |
| ساڵی جێبەجێ کردن | |
| | |
| نیشاندەری ئەنجامدانی سەرەکی | |
| کێلانی ٢٥٠ دۆنم زەوی بە ڕووەکی جیاواز | |
| پەکەکانی پێوانە | |
| توێژینەوەی جۆرەکانی ڕووەك بوونی هەیە لە ناوچەکە | |
| پێشینەی کار | |
| | |
| بواری دەستیوەردان | |
| | |
| بنچینەی کار | |
| دەسەلاتی ناوخۆییLA | |
| ئامرازی پلانی کار | |
| | |

مەبەستی سەرەکی لە شیکرنەوەی خاك بریتیە لە لیستەکردنی یەدەکی خۆراك و پێکهاتەی کیمیایی, لەبەرئەوەی بوونی ناهاوسەنگی لە پێکهاتەی سەرەکی دەتوانێ بەرهەمی دانەوێڵە سنووردار بکات, ئەو زانیاریانە زیندەگین بۆ دیاریکردنی ئایا هیچ پاساوێك هەیە بۆ زیادکردنیخۆراك لە خاکدا تاکو بەرهەمی ئابووریی زۆرترین بەرهەمی هەبێت. شیکردنەوەی خاك باشترین ڕێگایە بۆ دڵنیابوون لە جێ بە جێ کردنی خۆراکی و پەیینی کیمیایی بە ڕێگایەکی بەرپرسانە لە لایەنی ئابووری و ژینگەیی.

پێویستە شیکردنەوەی خاك لە لایەن کیمیایی و توێژینەوە پشگیری بکرێن, وە بەشێك بێت لە کۆگای بەرهەمهێنەر بۆ کۆنترۆڵکردنی خەرجی, زیادکردنی داهات و پاراستنی ژینگە.

پلەی ترشی لەخاكpH یەکێکە لە باشترین فاکتەرەکانی کاردەکاتە سەر بەپیتی خاك. خۆراکی ڕووەك زۆرترین بوونی هەیە لە کاتی پاراستنی پلەی ترشی لەخاكpHلە ئاستی کەمتر لە (پلەی ترشی Ph 6.5 بۆ 6.8). زەوی بەردەقسڵی کشتوکاڵی دەتوانرێ بەکاربهێنرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستیترشی لە خاكpH بۆ ئاستی خوازراو.

## پەیینی کیمیایی

گشت کۆمپانیاکانی ماددەی خاوی پەیینی کیمیایی, دابینکەران, بازرگانان, وە جوتیاران بەرژەوەندی تەواوی خۆیان هەیە لە زانینی کە ئایان ئەو بەرهەمانەی ئەوان ڕەفتاری لەگەڵ دەکەن تایبەتمەندی جۆری و ناوەرۆك تێدەپەرێن یان دیدەنی دەکەن. تاکە ڕێگا بۆ ئەوەی دڵنیابیتلەو بەرهەمەی تۆ دروستی دەکەیت, دەیکڕی, یان دەیفرۆشی دیدەنی تایبەتمەندی جۆری و ناوەرۆك دەکەن بریتیە لە تاقیکردنەوە لە لایەن تاقیگە.

## شانەی ڕووەك

شیکردنەوەی شانەی ڕووەك ئامرازێکی دەستنیشان کردنە کەبەکارهێنراوە بۆ چەندەها ساڵ. پشگیری ئەوچەمکەیە دەکات کە, تا خاڵێکی گرنگی دیاریکراو, ناوەرۆکی خۆراك لە شانەی ڕووەك ڕاستەوخۆ پەیوەندارە بە بەرهەم. وە چرکردنەوەی خۆراك لە ڕووەکەکان ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە بری خۆراك لە خاکدا بوونی هەیە یان لە هەندێ لایەنەوە سنووردارە بۆ ڕووەك.بۆیە, شیکردنەوەی شانەی ڕووەك و تاقیکردنەوەی خاك دەست بە دەست دەڕوات.

## پەیینی گژوگیایی و پەیینی ئاژەڵی

پەیینی گژوگیا بە شێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرێت لە بێستانکاری و یارمەتیدەدات لە باشترکردنی پێکهاتەی خاك و دەوڵەمەندکردنی خۆراکی خاك. لە ئەنجامی ئەمەشدا, گرنگیەکی لەرادەبەر دەدرێ بە پەیینی گژوگیا.

پەیینی ئاژەڵی سەرچاوەیەکی بایەخدارە کە دەتوانێت خۆراکی دانەوێڵەی گرنگ دابین بکات بۆ شوێنگرتنەوەی پێویستیەکان بۆ پەیینی کیمیایی بازرگانی و بابەتی ئەندامی بۆ باشترکردنی پێکهاتەی خاك. بەکارهێنانی پەیین بە چالاکی دەتوانێ خەرجی بەرهەمهێنانت کەم بکاتەوە و ژینگەکەمان بپارێزێت. بەکارهێنانی سەلامەتی هەموارکردنی خاك لەسەرچاوەی مەڕ و ماڵات وەکو پەیینی گیایی, ووریایی سەلامەتیی دیاریکراوی پێویست دەبێت هەروەك ئەو داوا دەکات بۆ بەکارهێنانی بە گوێرەی یاسای نوێکردنەوەی سەلامەتی خۆراك (FSMA ) .

## ئاو

ئاو زۆر زیاتر لە گشت خۆراکەکانی تر بەکاردەهێنرێت. شیکردنەوەی ئاو بە شێوەیەکی گشتگر دەتوانرێ ئاماژە بە گونجاوی دابینکردنی ئاو بدرێ بۆ بەکارهێنانلە ماڵ یان ئاودان یان مەڕ و ماڵات. یاسای نوێکردنەوەی سەلامەتی خۆراك (FSMA ) و (GAP) داوای بەکارهێنانی ئەو ئاوی خواردنەوەیەی دەکەن کە شیکردنەوەی بۆ کراوە. هەلسەنگاندن و تۆمارکردنی جۆری ئاوی مایکرۆبی بەکارهاتووە لە کێڵگەی تۆ هەنگاوێکی پێویستە بۆ دەستەبەرکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی سەلامەت.

داخوا ئەوە چۆنیەتی ئاوە لە ماڵت, فوتابخانەت, ئیشت, مەڵەوانگە یان کێڵگە, زانینی مەترسیی تووشبوونی بە بەکتریا تەنها معقول دەبێت.

## ژینگەیی

تاقیگەکانی سەردەمی نوێ مەودای تەواو دابین دەکات لە خزمەتگوزاری تاقیکردنەوەی شیکاری ژینگەیی, وەك شیکاری خاك, پاشەڕۆ , ئاو, ماددەی پاکردنەوە, تۆز و هەوا. مەودای خزمەتگوزاری شیکاری دابین دەکرێ بۆ قاڵبی ناوبراوی سەرەوە ئەوانیش بریتین لەمەوادیئەندامیەتی ڕۆتینی, و بەدواداچوون, بەدواداچوونی وورد

This project is funded by the European Union

Covenant of Mayors for Climate & Energy

(ماددەی هەڵچوو،ماددەی نیمچە هەڵچوو،دەرمانی حەشەرات کوژ، هایدرۆکابۆنی کلۆری فرە شێوەPCBs، دەرمانی ڕووەك کوژ) و کانزاکان. ڕێگاکانی شیکاری پشت دەبەستن بە راییکاری باش دامەزراندن و نێودەوڵەتی ناسراو بن وەك ئەوانەی بلاًوکراونەتەوە لە لایەن ئاژانسی پاراستنی ژینگەیی ئەمریکا.

**باسکردنی کارەکە**

دەستەبەرکردن، دامەزراندن و کارپێکردنی تاقیگەیەك بۆ دابینکردنی کۆمەڵێکی جۆراوجۆر لە تاقیکردنەوەی کشتوکاڵی و ژینگەیی شیکاری و دەستنیشانکردن. ئەوەش خزمەتگوزاری زۆر دابین دەکات (درێژکردنەوە، مەشق و راهێنان، باشترکردنی کرداری کشتوکاڵی) بۆ جوتیاران و ڤوتابیانی ئەکادیمی و توێژەرەوان.

**خزمەتگوزاریی شیکەرەوەی سەرەکی:**

**تاقیکردنەوەیخاك**: وەکو ئامرازێکی بەڕێوەبردن بۆ یارمەتیدان لە بڕیارەکانی پەیوەست بە بەرنامەکانی پەیینی کیمیایی. بنەمایەکی زانستی دەستەبەر دەکات بۆ هێشتنەوەی ئاستی بە پیتیی خاکی باشترین و پاراستنی دژی خەرجی و مەترسیی ژینگەیی لە ئەنجامی بەکارهێنانی پەینی کیمیایی زیاد و کراری کشتوکاڵیی دیکە.

**شیکەرەوەی ئاوی خواردنەوە و ئاوەڕۆ**: بۆ هەڵسەنگاندنی جۆری ئاو لەسەر بنەمای پێکهاتە کیمیاییەکان و زانستی زیندەوەری گەردبینی.

**پەیینی کیمیایی**: کۆنترۆڵی جۆری و بڕی پەیینی کیمیایی هێنراو لە دەرەوە وەك خزمەتگوزاری فەرمی.

**شیکەرەوەی پاشەڕۆ ی گیانەوەر (پەیین)**: بۆ دیاریکردنی ناوەرۆکی خۆراك و ماددەی تری پاشەڕۆ ی گیانەوەر وەك هەنگاوی سەرەتایی لە سوود وەرگرتن لەخۆراکیەکان بۆ بەرهەمهێنانی دانەوێڵە.

**شیکەرەوەی خواردن پێدان و ئالیك** : خزمەتگوزاریی ڕێنیشاندان دابین دەکات بۆ پیشەسازی شیرەمەنی و پەلەوەر وەکو شیکردنەوەی نزیکی بۆ ئالیکی خۆراك و جەختکردنەوەی دارشتن.

**شیکەرەوەی قارچکی ژەهراوی** : کۆنترۆڵی جۆری خۆراك: دۆزینەوەی قارچکی ژەهراوی لە خۆراك، دۆزینەوەی ژەهری قارچکی، توێژینەوەی هۆکارەکانی ژەهراوی بوون هاندەدات لەسەر پیس بوونی قارچك بە ژەهری قارچکی.

**ئامانجە گشتیەکان**

ئامانجی ئەو تاقیگەیە بۆ یارمەتیدانە لە دروستکردنی ژیانێکی تەندروستر و خاوێنتر، وە بەشداری دەکات لە باشترکردنی بەرهەمی دانەوێڵەی خۆراك و بەرهەمداریی کشتوکاڵی.

تاقیگە کاردەکات لەپێناو پەرەسەندنی کەرەستەی کیمیایی کشتوکاڵی نوێ و پەیینی کیمیایی کردەیی، حەشەرات کوژی ناوماڵی سەلامەت و زۆر کاریگەر، وە تەکنەلۆجیا بۆ پاراستن لە نەخۆشیە درمەکان، هەروەها ڕێگاکانی دەستکردی کارا بۆ دەرمانە کیمیاییەکان.

**ئامرازی پلانی کار**

زیادکردنی هۆشیاریی گشتی و زانستی کشتوکاڵی / مەشق و راهێنان

**دەستەی بەرپرسیار**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکال لە پارێزگای سلێمانی/ بەڕێوەبەرایەتی بێستانە/ بەشی میوە و نەمامگە

ناو: رزگار محمد ئاغا قادر

ناو: جلیل شمس الدین حمید

## توێژینەوە و گەشەپێدانی بێستانی میوە و نەمامگەکان

کەمکردنەوە

| دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە تەن $TCO_2/a$ | دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە تەن $TCO_2/a$ |
|---|---|
| | |
| بەشداری کردن بە ڕێژە ٪ | |
| | |
| خەرجی بە دۆلار $ | |
| 4333300 | |
| ساڵی جێبەجێ کردن | |
| | |
| **نیشاندەری ئەنجامدانی سەرەکی** | |
| کێڵانی ٢٥٠ دۆنم زەوی بە ڕووەکی جیاواز | |
| **یەکەکانی پێوانە** | |
| توێژینەوەی جۆرەکانی ڕووەك بوونی هەیە لە ناوچەکە | |
| پێشینەی کار | |
| | |
| بواری دەستێوەردان | |
| | |
| بنچینەی کار | |
| دەسەڵاتی ناوخۆیی LA | |
| ئامرازی پلانی کار | |
| | |

لە پارێزگای سلێمانی و قەزاکانی, نزیکەی شەش بێستانە و دوو کارگەی تۆو هەیە. ئەو کێڵگانە پسپۆرن لە چاندنی دار و نەمامی میوەی جۆراوجۆر لە ٤٠٠,٠٠٠ تاکو ٥٠٠,٠٠٠ نەمام لەگەڵ زیادکردنی ژمارەی ناوچەی سەوزایی لە ناوچەکە بە تایبەتی زیادکردنی ئەو جۆرانەی کە گونجاون بۆ هەوا و خاکی ناوچەکە وەك داری زەیتون, ترێ, گوێز, ڕازیانە, قەیسی, فستەق ... هتد. ئەوانە کاریگەری ئەرێنیان هەیە لەسەر گۆڕانی کەش و هەوا و بە بیابانبوون. کێڵانی ئەو دارانە سەوزایی زیاد دەکات لە ناوچەکە دووەم ئۆکسیدی کاربۆن ($CO_2$) کەمدەکات, کە دەردانی ئۆکسجین لە بەرگی هەوا زیاد دەکات, پاشان بەرهەمهێنانی نەمامی میوە زیاد دەکات لە لایەن جوتیارانی کاردەکەن لەو کێڵگانە یان ئەو خەڵکانەی کە پرۆژەی کشتوکاڵی بەرێوە دەبەن. بێجگە لە جوتیاران, ئەو پرۆژانە دەرفەتی کار دروست دەکەن بۆ زۆربەی ئەو خەڵکانەی کە لە دەوروبەری شاردا دەژین ئەو ناوچەیەی کە بێستانی تێدا هەڵکەوتووە.

گرنگی ئەو بێستانانە ئەوەیە تاکە شوێنن کەتۆوی پێویست دابین دەکەن بۆ جێ بەجێ کردنیان بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانیناوچەکە و زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی. پاشان, جوتیارەکان داری میوەیان بۆ دابین دەکرێت, بە تایبەتی ئەو دارانەی پێویستن بۆ جوتیارەکان دەستەبەر بکرێت.

ئەو بێستانانە ساڵانە زیاتر لە ٥٠٠,٠٠٠ نەمام بەرهەم دەهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا, لەبەر دارمانی بارودۆخی ئابووری لە هەرێم, ئەو نەمامانەی کە بۆ جوتیارەکان پێویستن کەمن و بە تەواوی زەرەیان پێگەیشتووە بەهۆی کەمی پارە و چاودێری.

## باسکردنی کارەکە

پرۆژەکە بریتیە لە دابینکردنی پێداویستیەکانی کرێکار و بەرهەمهێنان لەگەڵ دابینکردنی هێزی کار, ئامێرکاری, میکانیزمی تەکنیکی بۆ بەرهەمهێنانی نەمام لەو شوێنانەی خوارەوە: (بازیان, کانی بانکی, باخار, نالەپارز و ساکد صایب). کێڵگەی زەیتون و فستەق لە سلێمانی و کانەروی , سەرچاوە سەرەکی تۆون لەگەڵ بەرهەمهێنانی تۆو وەکو کەرەستەی خام. ژمارەیەك لە چالاکیەکان لە خوارەوەن وە دابەشبوونە بۆ دوو جۆری سەرەکی:

١. جۆرەکانی کە زیاددەبن لەگەڵ تۆو, ئەو تۆوانە گەورە دەبن و دەبنە نەمام و پاشان پەروەردە دەکرێن و موتوربە دەکرێن لە لایەن پسپۆرانی ئەو بوارە پاش دوو ساڵی گەشەکردن بۆ جوتیاران و خاوەن پرۆژەی کشتوکاڵی.
٢. گرنگی دەدرێت بەوجۆرانەی کە بڵاودەبنەوە بەهۆی پێنووس, پاش بەدەستهێنانی پێنووس و کێڵگەیان, پاشان دابەش دەکرێن بەسەر جوتیاران و خاوەن پرۆژەکانی کشتوکاڵی.
٣. جێ بە جێ کردنی ئەو پرۆژەیە پێویستی بە تەرخان کردنی پارە و میزانیەی تایبەت هەیە, بۆ جێ بە جێ کردنی پرۆژەکە و دڵنیابوونی بەردەوامی و دەستەبەرکردنی تۆو و نەمام بە شێوەیەکی بەردەوام.

## ئامانجە گشتیەکان

ئامانجەکانی ئەو پرۆژەیە لەو خاڵانەی خوارەوە پوختکراوەتەوە:

١. دابینکردنی تۆوی پێویست بۆ ڕێگرتن لەو شوێنانەی کە دەبێت ئاو بدرێن, ئەمشە کاردەکاتە سەر ژینگە لە داهاتوودا بە شێوەیەکی ئەرێنی وە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دەردانی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە بەرگی هەوادا وە شوێنەواری خراپی دەبێت لەسەر ژینگە.

٢. دانانی سنورێك بۆ هێنانی تۆوی بیانی لە دەرەوە کە ئەمەش لە زۆربەی کاتەکاندا دەبێتە هۆی نەخۆشی تۆمارنەکراو وە پێشتریش تۆمارنەکراوە وە کاردەکاتە سەر دانەوێلە. بۆ چارەسەرکردنی ئافاتی کشتوکالی, پێویستمان بە بەکارهێنانی میکرۆب کوژ هەیە کە ژینگە پیس دەکات وە لە هەمان کاتدا خەرجی لەسەر دەولەت زیاد دەکات. کەمکردنەوەی هێنانی ئەو تۆوانە ژێرخان و ئابووری ولات بەهێز دەکات.

٣. زیادکردنی دەرفتی کار بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە چونکە پرۆژەی لەو جۆرانە پێویستی بە کرێکاری توند و تۆڵ هەیە وە داهاتی خێزان زیاد دەکات.

٤. زیادکردنی دەرفەتی کار بۆ ئەو ژنانەی کە لەو ناوچانە دەژین.

٥. بەرهەمهێنانی  ئەو تۆوانەی کە گونجاون بۆ بەرگی هەوای ئەو ناوچەیە.

٦.

## ئامرازی پلانی کار

زیادکردنی هۆشیاریی گشتی و زانستی کشتوکاڵی / مەشق و راهێنان

## دەستەی بەرپرسیار

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکال لە پارێزگای سلێمانی/ بەڕێوەبەرایەتی بێستانە/ بەشی میوە و نەمامگە

ناو: رزگار محمد ئاغا قادر

ناو: جلیل شمس الدین حمید

## باخچەی ڕووەکی



کەمکردنەوە

ئەو پرۆژەیە دەستپێدەکات بە تەرخانکردنی زەوی بە ڕووبەری ٢٥٠ دۆنم و کێڵانی ١٠,٠٠٠ دەوەنی جۆراوجۆر.

## باسکردنی کارەکە

دامەزراندنی باخچەیەکی تایبەت بە ڕووەك, پرۆژەی زانستی بۆ توێژینەوە لە ڕووەکی سروشتی ئەو ناوچەیە و چۆنیەتی سوود وەرگرتن لێیان.

## ئامانجە گشتیەکان

پرۆژەکە کاریگەری کۆمەلایەتی هەیە لەسەر چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە ڕووەکان و گیاکان لە ڕووی کشتوکاڵی, بەرهەمداری و پزیشکی,سەرەڕای ئەمەش هانی گەشتیار دەدات وە داهات زیاد دەکات.

## ناوچەی دەستێوەردان

تەواوی پرۆژەی باخچەی ڕووەکی.

## ئامرازی پلانی کار

**زیادکردنی هۆشیاریی گشتی و زانستی کشتوکاڵی / مەشق و راهێنان**

## دەستەی بەرپرسیار

بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکال- بەشی زەوی

ناو: فەرەیدون عمر حسین

ناو: جمال عزیز رەحمان

| دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە تەن $TCO_2/a$ | دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە تەن $TCO_2/a$ |
|---|---|
| | |
| بەشداری کردن بە ڕێژە ٪ | |
| | |
| خەرجی بە دۆلار $ | |
| 3720000 | |
| ساڵی جێبەجێ کردن | |
| | |
| **نیشاندەری ئەنجامدانی سەرەکی** | |
| کێڵانی ٢٥٠ دۆنم زەوی بە ڕووەکی جیاواز | |
| **یەکەکانی پێوانە** | |
| توێژینەوەی جۆرەکانی ڕووەك بوونی هەیە لە ناوچەکە | |
| پێشینەی کار | |
| | |
| بواری دەستێوەردان | |
| | |
| بنچینەی کار | |
| دەسەڵاتی ناوخۆییLA | |
| ئامرازی پلانی کار | |
| | |

## توێژینەوە لەسەر داتابەیسی بەکارهێنانی زەوی

| کەمکردنەوە | |
|---|---|
| دەردانی دووەم ئۆکسیدی | دەردانی دووەم ئۆکسیدی |

This project is funded by the European Union

Covenant of Mayors for Climate & Energy

| کاربۆن بە تەن $TCO_2/a$ | کاربۆن بە تەن $TCO_2/a$ |
|---|---|
| | |

| |
|---|
| بەشداری کردن بە رێژە ٪ |
| |
| خەرجی بە دۆلار $ |
| 500000 |
| ساڵی جێبەجێ کردن |
| |
| **نیشاندەری ئەنجامدانی سەرەکی** |
| |
| **یەکەکانی پێوانە** |
| |
| پێشینەی کار |
| |
| بواری دەستێوەردان |
| |
| بنچینەی کار |
| دەسەڵاتی ناوخۆییLA |
| ئامرازی پلانی کار |
| |

تۆماری کاغەزی بۆ جوتیارەکان و زەویەکانیان, مەزەندە دەکرێن بۆ سەدەها هەزار لە بەڵگەنامەی پەری کە بابەتە بۆ شی بوونەوە و تێکچوون لەبەرئەوەی دەگەرێنەوە بۆ زیاتر لە ٩٠ ساڵ. بەردەوامی کشتوکاڵی داوای داتابەیسی باوەرپێکراو دەکات بۆ بەکارهێنانی زەوی, زانیاری لەسەر جوتیارەکان, دانەوێلەکان... هتد, ئاسان پێ ی دەگەیت و کاریگەرە بۆ جوتیارەکان, وە دەبێتە هۆی باشترکردنی بەرهەمی خواردن بۆیە, گرنگە گۆرینی تۆماری کاغەزی بۆ ئەلیکترۆنی و کارکردن لە چوارچێوەی کاری بەردەوام.

## باسکردنی کارەکە

تۆمارەکانی بەڵگەنامەی ژمارەیی و گۆرینیان بۆ بەڵگەنامەی ئەلیکترۆنی کاری سەرەکیە کە دەبێت بگیرێتە بەر وەکو هەنگاوی یەکەمی پرۆسەکە بۆ دڵنیابوون لە پاراستنی مافی خاوەن زەویەکان و بوونی داتەبەیس لەسەر بەکارهێنانی زەوی و زانیاری تری پەیوەست بە کشتوکاڵ.

- پەرەدان بە پلانی کار و بە یاساکردنی کەرتی کشتوکاڵی بەردەوام بۆ لەخۆگرتنی ستراتیژی ماوە درێژ لەپێناو بەردەوامی لە بواری کشتوکاڵ لەگەڵ لایەنی چوارچێوەی کار و بکەرە سەرەکیەکان.
- دیاریکردن و دەستنیشانکردنی گروپی هەماهەنگی نیشتمان بۆ پشگیریکردنی گەشەپێدان لەگەڵ پشکدارە سەرەکیەکان.
- دیاریکردن و دەستنیشانکردنی تیمی کار بۆ کۆکردنەوەی زانیاری.
- گەشەپێدانی توانای تیمی کار لە ئەرشیف کردنی نەخشە,دارشتن و دروست کردنی داتەبەیس.
- ئامادەکردنی ژێرخانی ئامێر, نووسینگەکان, ئامێری تەکنیکی, هاوپێچەکان و تۆری گەیاندن لەگەڵ ستافی لێهاتووی تەکنیکی بۆ چاککردنەوە.
- کرین و دانانی بەرنامە لەگەڵ دابینکردنی سێرڤەر, کۆمپیوتەر, پرێنتەر بۆ بەشی کار و کارپێکردنی سیستەم.
- دیاریکردنی ستافی تەکنیکی بۆ گەشەپێدان و بەرنامەرێژکردن و بەرنامە بۆ بەیەکەوە بەستنیان لەگەڵ ئامێری تر.

## ئامانجە گشتیەکان

- پاراستنی تۆمارەکان لە تێچکوون و لەناوچوون.
- خێرایی تەواوکردنی کارابیەکانی جوتیاران.
- کۆنترۆڵکردنی تۆمارەکان و دەستکارینەکردنی کارابیەکان.
- دابینکردنی ئاماری تەواو لەسەر ژمارەی جوتیارەکان, گرێبەستەکان و شوێنەکانیان.
- کەمکردنەوەی ژمارەی فەرمانبەران.

## بواری دەستێوەردان

تەکنەلۆجیای گەیاندن و زانیاری.

## ئامرازی پلانی کار

کارگێری ووزە.

## دەستەی بەرپرسیار

بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ- بەشی زەوی

ناو: چالاو جمال ماسنجەر   شوێنی کار: بەرێوەبەری گشتی.

ناو: رزگار حمد خدر   شوێنی کار: یاریدەدەری بەرێوەبەری گشتی



## پارکی هەواری شار, بەکارهێنانی ووزەی کارا لە باخچە

پارکی هەواری شار نوێنەرایەتی سیەکانی هەناسەدانی شاری سلێمانی دەکات بەهۆی داپۆشینی ڕووبەری گەورەی سەوزایی, وە نزیکەیشە لە شار, کە نوێنەرایەتی جێی مەبەست دەکات بۆ ئەو هاوڵاتیانەی کە بەدوای شوێنی هێمن, هەوای پاك و ساردا دەگەڕێن. وە هەروەها یەکێکە لە گەورەترین پارکەکان لە جیهاندا. دروستکراوە لە شوێنێك کە ڕووبەرەکەی دەگاتە نزیکەی ٤.٤٠٠ هێکتەر (١٧.٨ مەتر چوارگۆشە).

بەڕێوەبردنی ڕووبەری لەو شێوە کارێکی ئاسان نیە. پێویستی بە شارەزایی زۆر و کاری بە کۆمەڵ هەیە سەرەڕای پێویستی بە بوونی بڕی بوودجەی پێویست بۆ پاڕاستن و هێشتنەوەیان بە سەوزی. جۆری لەو شێوە بەدی نایەت بە بێ بوونی پلانی بەردەوام بۆ پارك و پشگیریکرابێت بە ڕێکاریماوە درێژ و کورتەکان.

لەو ڕاپۆرتەی خوارەوە تیشك دەخەینە سەر دوو بەشی سەرەکی گەشەپێدانی پەیوەست بە ووزە , بەو شێوەی خوارەوە:

- باشترکردنی چاککردنەوە و گەشەپێدانی کار.
- کۆمەلێك لە ڕێکارەکانی پەیوەست بە بەکارهێنانی ووزەی نوێوەبوو و چالاکی ووزە بەو شێوەی خوارەوە:

  گشتیان پەیوەستن بە گەشەپێدانی بەردەوام بۆ پارکی هەواری شار کە دابەش بووە بۆ دوو بەشی سەرەکی.

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کەمکردنەوە | | | | | | |
| دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن<br>بە تەن<br>$TCO_2/a$ | | | | دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن<br>بە تەن<br>$TCO_2/a$ | | |
| 3908 | | | | 3204 | | |
| بەشداری کردن بە ڕێژە ٪ | | | | | | |
| 3% | | | | | | |
| خەرجی بە دۆلار $ | | | | | | |
| 2500000 | | | | | | |
|ساڵی جێبەجێ کردن | | | | | | |
| | | | | | | |
| نیشاندەری ئەنجامدانی سەرەکی | | | | | | |
| یەکەکانی پێوانە | | | | | | |
| پێشینەی کار | | | | | | |
| | | | | | | |
| بواری دەستێوەردان | | | | | | |
| توانایی ووزە (EE) و ووزەی نوێبار (RE) | | | | | | |
| | | | | | | مەشق پێدانی ستافی ئەکادیمی ناوخۆ و ئەندامانی زانکۆ لەو بوارە بۆ ووتنەوەی وانە لە پرۆگرامەکە. | 25.3 | |
| | | | | | | دابینکردنی سەرچاوەکانی کتێبخانەی چاپکراو و ئەلیکترۆنی لەم بوارە بۆ پرۆگرامی کتێبخانە بە ڕەچاوکردنی هەبوونی سنووردار لە ناوچەکە. | 25.4 | |
| | | | | | | دامەزراندنی تاقیگە و دابینکردنی ئامێر لەسەر بنەمای پێویستی پەیرە و پرۆگرامی وانە ووتنەوە | 25.5 | |
| 100,000 | | | | | | وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن-بەڕێوەبەرایەتی پۆستە و گەیاندن | | |
| 50,000 | | | | | | وێستگەی ڕپیتەری گەیاندن لە سەر چیای زمناکۆ | 26.0 | |
| 50,000 | | | | | | وێستگەی ڕپیتەری گەیاندن لە سەر چیای سارا | 27.0 | |
| 39.980.325 | % 67 | 54570 | 66549 | 99487 | 81580 | ڕوناکی گشتی شەقامەکان | | |
| | | | | 81580 | 99487 | نوێکردنەوە و گۆڕینی سیستمی ڕووناك کردنەوەی شەقام | 28.00 | |
| | | | | | | دانانی تیمی تەکنیکی | 28.01 | |
| 10,000 | | | | | | پەرەپێدان بە پلانی کارگێڕی و چاککردنەوە | 28.02 | |
| 10,000 | | | | | | پەرەپێدان بە ماستەر پلانی ڕووناك کردنەوەی شەقام | 28.03 | |
| 10,000 | | | | | | پەرەپێدان بە پرۆگرامی ڕاهێنان | 28.04 | |
| 10,000 | | | | | | پەرەپێدان بە تایبەتمەندی و پێوانە | 28.05 | |
| 10,000 | | | | | | ئەنجامدانی ڕاهێنان بە ستافی کردارەکانی کارپێکردن و چاککردنەوە | 28.06 | |
| | | | | | | جێبەجێ کردنی ماستەر پلانی ڕووناك کردنەوەی شەقام | 28.07 | |
| | | | | | | جێبەجێ کردنی پلانی بەڕێوەبردن و چاککردنەوە | 28.08 | |
| | | | | | | جێبەجێ کردنی نوێکردنەوە و گۆڕینی ی ڕوناکی گشتی بە قۆناغ. هەر قۆناغێك تازەکردنەوەی پێنج هەزار گلۆپی شەقام لە خۆدەگرێت بەو شێوەی خوارەوە: | 28.09 | |
| 39,277,470 | | 49872 | 60820 | | | گۆڕینی گلۆپی جیوە و سۆدیۆم (HPS) بە گلۆپی بەتوانای جۆری LED بە ئیشپێکەری زیرەك و پاراستنی بەرز و نزمی ووزە. | 28.10 | |
| 217,618 | | 4698 | 5729 | | | گۆڕینی خانەکانی ڕوناکی لە ستوونەکانی فیدەر بە کاتدانەرەوەی گەردووناسی | 28.11 | |
| 435,237 | | | | | | دابین کردنی پاراستنی بەرز و نزمی ووزە لە ستوونەکانی فیدەری سەرەکی | 28.12 | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | بەدواداچوونی گەشەپێدان و پێوانەکان لە کاتی خوڵی | 28.13 | |
| | | | | | | گۆڕینی گڵۆپی شەقام بە گڵۆپی LED لەسەر شەقامی بازنەیی ٦٠ مەتری (پردی ئەبو سەنا بۆ پردی وەلوبە) | 28.14 | |
| | | | | | | گۆڕینی گڵۆپی شەقام بە گڵۆپی LED لەسەر شەقامی بازنەیی ٦٠ مەتری (پردی چوارتا بۆ پردی وەلوبە) | 28.15 | |
| | | | | | | گۆڕینی گڵۆپی شەقام بە گڵۆپی LED لەسەر شەقامی بازنەیی ٦٠ مەتری (پردی چوارتا بۆ پردی ئەبو سەنا) | 28.16 | |
| 4,876,400 | 14.54% | 375176 | 1482182 | 2579641 | 10190681 | گواستنەوەی تایبەت و بازرگانی | | |
| بۆ ئەوەی پێش بکەوێت | 10.00% | 257964 | 1019068 | | | پێداچوونەوە, نوێکردنەوە و جێبەجێ کردنی ماستەر پلانی ئێستا بۆ شاری سلێمانی بۆ لەخۆگرتنی تایبەتمەندی بەردەوامی | 29.00 | |
| 3,400,000 | 1.00% | 25796 | 101907 | | | پاسی گواستنەوە/ پاسی خێرا لە ڕێگاکانی قەرەباڵغی ئاسایی | 30.00 | |
| 5,000 | 1.00% | 25796 | 101907 | | | ڕێکخستنی خزمەتگوزاری تەکسی لە بنکە سەرەکیەکان | 31.00 | |
| 3,000 | 0.50% | 12898 | 50953 | | | خزمەتگوزاری تەکسی زیرەك لە ڕێگەی دابین کردنی نووسینگەی تەکسی لە ناوچە جۆراوجۆرەکان | 32.00 | |
| 1,100,000 | 2.00% | 51593 | 203814 | | | دروستکردنی پرۆژەی گەراجێکی یەکگرتوو (گواستنەوەی گشتی و تایبەت) لە قەزای چەمچەماڵ | 33.00 | |
| 368,400 | 0.04% | 1128 | 4533 | | | دابینکردنی شوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل لە ڕێگای دانانی (عداد) پێوەری زیرەکی وەستانی ئۆتۆمبێل لە ڕۆخ ڕێگاکان. | 34.00 | |
| - | 0 | 0 | 0 | 169240 | 641285 | گواستنەوەی خێرای پارێزگا | | |
| 11,053,300 | 2.76% | 3204 | 3908 | 116018 | 141484 | کشتوکاڵ | | |
| | | | | | | دابینکردن و دامەزراندن و کارپێکردنی تاقیگە بۆ دانەوێڵەی کشتوکاڵی | 35.0 | |
| 4,333,300 | | | | | | توێژینەوە و گەشەپێدانی بێستانی میوە و نەمامگەکان | 36.0 | |
| 3,720,000 | | | | | | باخچەی ڕووەکی | 37.0 | |
| 500,000 | | | | | | توێژینەوە لەسەر داتابەیسی بەکارهێنانی زەوی | 38.0 | |
| 2,500,000 | 2.76% | 3204 | 3908 | | | پارکی هەواری شار, بەکارهێنانی ووزەی کارا لە باخچەکە | 39.0 | |
| - | 0% | 0 | 0 | 0 | | کارگێڕی ئاوی قورس | | |
| | | | | | | وێستگەی چارەسەرکردنی ئاوی زێراب بۆ ئاوی ڕەش لە ناو بەنداوی دەربەندیخان | 40.0 | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | کارگێڕی چاودێری تەندروستی ژینگەیی بۆ ئاوی قورسی مەترسیدار | 41.0 | |
| 22,000,000 | 0% | 0 | 0 | | | کارگێڕی خۆڵ و خاشاکی رەق | | |
| بۆ ئەوەی پێش بکەوێت | | | | | | گۆڕینی خۆڵ و خاشاکی رەق بۆ ووزە لە ڕێگای سووتاندنی خۆڵ و خاشاك | 42.0 | |
| 2,000,000 | | | | | | دیزاینکردن و دروستکردنی زبڵدان بۆ کارگەی خۆڵ و خاشاکی رەق لە قەزای کەلار | 43.0 | |
| 2,000,000 | | | | | | دیزاینکردن و دروستکردنی زبڵدان بۆ کارگەی خۆڵ و خاشاکی رەق لە قەزای چەمچەماڵ | 44.0 | |
| 2,000,000 | | | | | | دیزاینکردن و دروستکردنی زبڵدان بۆ کارگەی خۆڵ و خاشاکی رەق لە قەزای پشدەر | 45.0 | |
| 8,000,000 | | | | | | دیزاینکردن و دروستکردنی زبڵدان بۆ کارگەی خۆڵ و خاشاکی رەق لە قەزای سەید صادق | 46.0 | |
| 8,000,000 | | | | | | دیزاینکردن و دروستکردنی زبڵدان بۆ کارگەی خۆڵ و خاشاکی رەق لە قەزای چوارتا | 47.0 | |
| 12,000,000 | 0% | 0 | 0 | | | ئاو | | |
| 3,000,000 | | | | | | چاودێری کردنی تۆڕی ئاوی ژێرزەوی لە ڕێگای رووپێوی هایدرۆلۆجی و هایدرۆجیۆلۆجی فراوان | 48.0 | |
| 6,000,000 | | | | | | نۆژەنکردنەوەی وێستگەکانی پاڵنانی ئاوی دوکان ٢ | 49.0 | |
| | | | | | | دروستکردنی کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی دوکان- ٣ | 50.0 | |
| 3,000,000 | | 359160 | 438000 | | | توێژینەوەی شیان (دراسە الجدوی) بۆ دیزاینکردن و دروستکردنی بەنداوی خێوەتە | 51.0 | |
| - | 0.00% | 0 | 0 | | | کەرتی پیشەسازی | | |
| | | | | | | قۆناغی ١- پەرەسەندنی بیرۆکە و دیاریکردنی شوێن. دیاریکردنی شوێنە شاراوەکان , دابین کردنی پارە بۆ گەشەپێدانی پرۆژە , گەشەپێدانی چەمکی تەکنیکی زبر. | 55.2 | |
| | | | | | | قۆناغی ٢- تۆژینەوەی پێش شیان. هەڵسەنگاندنی بژاردەی تەکنیکی جیاواز , تێچووی نزیکی / سوودەکانی , ڕێگاپێدانی پێویست , هەڵسەنگاندنی بازاڕ. | 55.3 | |
| | | | | | | قۆناغی ٣- تۆژینەوەی شیان (دراسە الجدوی). هەڵسەنگاندنی تەکنیکی و ئابووری بۆ بژاردەی باشتر , هەڵسەنگاندنی بژاردەی دارایی , دەستپێکردن بە پرۆسەی ڕێگەپێدان , گەشەپێدانی چەمکی تەکنیکی زبر. | 55.4 | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | قۆناغی ٤- ڕێگاپێدان, گرێبەستەکان و پارە پێدان .<br>ڕێگاپێدان , ستراتیژی گرێبەستکردن.<br>دانوستانی گرێبەست و هەلبژاردنی بەلێندەر.<br>دابینکردنی پارە بۆ پڕۆژە. | 55.5 | |
| | | | | | | قۆناغی ٥- کرداری ئەندازەیی, دابینکردن, بونیاتنان و بازرگانی.<br>ئامادەکردنی نەخشەسازی وورد بۆ گشت لایەنی پەیوەندار.<br>ئامادەکردنی خشتەی کاتی جێبەجێ کردنی پڕۆژە.<br>کۆتای هێنان بە کرداری ڕێگادان , سەرپەرشتیکردنی بونیاتنان , تاقیکردنەوەی جێبەجێ کردن.<br>ئامادەکردنی نەخشەسازی باڵەخانە (ئەگەر پێویستی کرد).<br>بەرزکردنەوەی هۆشیاری هاولآتیان بۆ بەکارهێنانی ئەو تەکنیکانە بۆیە سیستمی خانەی ڕوناکی دەبێ دابمەزرێت لە باڵەخانەی بارزگانی , وەبەرهێنان و نیشتەجێ بوون, وا لە پارێزگا بکرێت ببێتە نموونەیەکی باش. | 55.6 | |
| | | | | | | بەرزکردنەوەی هۆشیاری هاولآتیان بۆ بەکارهێنانی ئەو تەکنیکانە بۆیە سیستمی خانەی ڕوناکی دەبێ دابمەزرێت لە باڵەخانەی بارزگانی, وەبەرهێنان و نیشتەجێ بوون, وا لە پارێزگا بکرێت ببێتە نموونە یەکی باش. | 55.7 | |
| | | | | | | قۆناغی کارپێکردن و چاککرنەوە بۆ دڵنیابوونی کارپێکردنی کارا و تەمەن درێژی پڕۆژە | 55.8 | |
| 19,500,000 | 0.2% | ٢٣٠٥٠ | ٢٨١١٠ | | | دامەزراندنی سێ یەکەی ووزەی کارۆئاوی بچووک ( Mini hydro) لە بەنداوی دوکان, نۆژەنکردنەوەی دوو یەکەی ووزەی کارۆئاوی بچووک (Mini hydro) لە بەنداوی دەربەندیخان | 56.0 | |
| | 0.2% | ١٨٨١٩ | ٢٢٩٥٠ | | | بەنداوی دوکان | | |
| | | | | | | دامەزراندنی سێ یەکەی کارۆئاوی بچووک بە توانای ٢.٥٥ مێگاوات بۆ هەر یەکەیەک. | 56.1 | |
| | | | | | | دابینکردنی پێداویستی تەنگانەی یەدەك بۆ كارپێکردنی خانوچکەکان بۆ ماوەی ٥ ساڵ. | 56.2 | |
| | | | | | | مەشق و ڕاهێنان پێکردن بە فەرمانبەری پێویست بۆ یەکەکانی کارپێکردن و چاککردنەوە. | 56.3 | |
| | 0.0% | ٤٢٣١.٢ | ٥١٦٠ | | | لە بەنداوی دەربەندیخان, | | |
| | | | | | | نۆژەنکردنەوەی ئەو دوو یەکەیەی بوونیان هەیە. | 56.4 | |
| | | | | | | دابینکردنی پارچەی یەدەکی پێویست بۆ کارپێکردن و چاککردنەوە. | 56.5 | |

This project is funded by the European Union

Covenant of Mayors for Climate & Energy

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | مەشق و راهێنان پێکردن بە فەرمانبەر بۆ کارپێکردنی ئەو دوو یەکەیە. | 56.6 | |
| 1,500,000 | 16.5% | ١٦٠٩٣١٢ | ١٩٦٢٥٧٦ | | | دابینکردنی کەرەستەی یەدەك بۆ هەردوو وێستگەی ووزەی کارۆئاوی دوکان و دەربەندیخان & گۆڕینی سیستمی ساردکردنەوەی هەردوو وێستگەی دوکان و دەربەندیخان | 57.0 | |
| 500,000 | 2.0% | ١٩٨٣٧٤ | ٢٤١٩٢٠ | | | گۆڕینی یەکەی دژە دزەکردنی ستوونی تۆڕباین بۆ یەکەی ٣ لە ئامێری کارۆئاوی شێ لە دوکان | 58.0 | |
| 149743510 | 48% | 4699095 | 6882439 | 9733219 | 21013172 | | | |

**یاداشتنامەی کاری لەپێشینە# ۱**

## کارگێڕی چاودێری تەندروستی ژینگەیی بۆ ئاوی قورسی مەترسیدار

### کاری لە پێشینەی ۱

ئاوی قورس لەنەخۆشخانەکان و بنکەکانی چاودێری تەندروستی پێکدێت لە جۆرەها شلەی ترسناك, بۆ نموونە, ماددەی کیمیایی کە پێکدێت لە مادەی سڕکردن, خاوێنکەرەوە (فورمالدهاید, گلوتارالدهید) ماددەی کیمیایی لە چالاکیەکانی تاقیگەیی, چارەسەری کیمیایی تیشکی (هیدروکینون), ڕێگای جیاواز ی تیشکی ئێکس -x ray پێکدێت لە پێکهاتەی هالۆجینی ئەندامی توانای مژتنی هەیە (AOX), جیوە لە تێکەڵەی ددان یان مادەی کیمیایی تاقیگەیی, خۆراك و خوێی نەتریکی ترشی زیاد, دەرمانەکان بریتین لە ئەنتیبایۆتیك (دژە زیندە) پاشەڕۆی تیشکاوەر, هۆکاری درم, ئەوانیش بریتین لە بەکتریا و ڤایرۆس و مشەخۆر, بۆیە ئاوی قورس درمە.

بە بێ نەبوونی سیستمی زێرابی تەندروست یان ئامێری ئاوبڕ لەگەڵ چاودێری تەندروستی وە لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئاوی قورس بە شێوەیەکی نارێك و پێك, ئاوی قورسدەتوانێ دزە بکات بۆ ناو ئاوی ژێر زەویی, ئەمەش دەبێتە هۆی پیس بوونی سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە یان پیس بوونی سامانی سروشتی.

**باسکردنی کارەکە:**

کارگێڕی خراپ و نەگونجاوی پاشەڕۆی تەندروستی ئەندامی لە شوێنەکانی چاودێری تەندروستی دەبێتە هۆی زیادبوونی مەترسی تەندروستی لەسەر کرێکارەکانی چاودێری تەندروستی و نەخۆشەکان و ژینگەکانیان و کۆمەڵگا بە گشتی.

کارگێڕی سەلامەت و کاریگەر بۆ پاشەڕۆی تەندروستی ئەندامی بە شێوازی جۆراوجۆری لە شێوەی ڕەق یان شل مەترسی لەسەر تەندروستی کەمدەکاتەوە. بۆیە,بە توندی ڕادەسپێردرێ بۆ گەشەدان بە کارگێڕی سەلامەت بۆ پاشەڕۆی تەندروستی ئەندامی لەپاڵ ڕەفتارکردن لەگەڵ پرۆتۆکۆلەکان, پلانی کار و پلانی دامەزراوەیی, بەرنامەی ڕاهێنان و کاردانەوەی گونجاو سەبارەت بە کارگێڕی سەلامەت بۆ پاشەڕۆیەکان وە ڕەفتارکردن لەگەڵ گشت کرێکارەکانی بواری چاودێری تەندروستی.

- پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی پلانی کار و پلانی دامەزراوەیی و یاسادانان بۆ کارگێڕی پاشەڕۆی شوێنە تەندروستیەکان بە شێوازی جیاواز و دیاریکردنی کەلێن و خاڵی لاوازی لە یاسادانان.
- دیاریکردن و دەستنیشان کردنی گروپی هەماهەنگیی نەتەوەیی بۆ پشگیریکردن لە گەشەپێدانی یاسادانانی کارگێڕی پاشەڕۆ بە پاڵپشتی خاوەن پشکە سەرەکیەکان.
- ئەنجامدانی نەخشەکێشان بۆ هەموو جۆرە پاشەڕۆیەك لە شوێنەکانی چاودێری تەندروستی و پێداچوونەوە بە کردارەکان و هاتووچۆی کار (سیر العمل) بۆ چارەسەرکردن.
- گەشەپێدان بە پرۆتۆکۆڵ و یاسادانانی کارگێڕی پاشەڕۆ بە پاڵپشتی ڕاوێژکارانی کارگێڕی پاشەڕۆی تەندروستی.
- جێبەجێ کردنی کردار لە شوێنەکانی چاودێری تەندروستی لە ڕێگای پلانی ماوە کورت و درێژ.

## ئامانجە گشتیەکان

تێبینی کراوە کە کارگێڕی سەلامەت و کاریگەر بۆ پاشەڕۆی تەندروستی ئەندامی زیاتر گرنگی پێدەدرێ لەوەی کارگێڕی خراپ و نەگونجاو کە پەیوەستە بە زیادبوونی مەترسی تەندروستی لەسەر کرێکارەکانی چاودێری تەندروستی و نەخۆشەکان و ژینگەکانیان و کۆمەڵگا بە گشتی. بۆیە, بە توندی رادەسپێردرێ گەشەبدرێ بە کارگێڕی سەلامەت بۆ پاشەڕۆی تەندروستی ئەندامی لەپاڵ ڕەفتارکردن لەگەڵ پرۆتۆکۆلەکان, پلانی کار و پلانی دامەزراوەیی, بەرنامەی راهێنان و کاردانەوەی گونجاو سەبارەت بە کارگێڕی سەلامەت بۆ پاشەڕۆیەکان وە ڕەفتارکردن لەگەڵ گشت کرێکارەکانی بواری چاودێری تەندروستی.

## پێناسەی تەکنیکی

### تەکنەلۆجیای سەرەکی بۆ جێبەجێ کردن و بەکارهێنانی ئامێر.

ئەو بەشە دەبێت گەشەی پێبدرێ لە لایەن ڕاوێژکاری بواری پاشەڕۆ ی ئاوی قورس لە شوێنەکانی چاودێری تەندروستی.

### توێژینەوەکانی پێشوو یان پەیوەندار.

### دەتوانێ پێداچوونەوەی ڕێساناسی بکەی کە دەستەبەرکراوە لە ڕاپۆرتی خوارەوە بۆ دیاریکردنی بەشی سەرەکی تێیدا

ئامرازی ژینگەی جیهانی (gef) بە و لینکەی خوارەوە

,http://www.who.int/water_sanitation_health/facilities/waste/module23.pdf

پێویستە پێداچوونەوە و کۆمێنتی زیاتر وەربگیرێت پێش دەستپێکردنی جێ بە جێ کردن.

## کارگێڕی ئاوی قورس

بۆ دڵنیابوون لە گونجاوی کارەکە, دەتوانرێ بنەمای کارگێڕی کارای ئاوی قورس بەو شێوەی خوارەوە پوخت بکرێتەوە:

- دانانی سنورێك لە دەردانی شلەی مەترسیدار بۆ زێرابەکان.
- جیاکردنەوە,بەلاوەنان, کەمکردنەوەی پاشەڕۆ و کۆکردنەوەی سەلامەت گرنگن بە هەمان شێوە بۆ پاشەڕۆ شلەکانی وەك پاشەڕۆ ڕەقەکان.
- پاشەرۆی کیمیایی و دەرمانسازی- وەکو فۆتۆگرافی کیمیایی, ئەلدهیدات, ڕەنگاورەنگان و دژە زیندەییەکان (ئەنتی بایۆتیك). نابێ ڕاستەوخۆ بەتاڵ بکرێن بۆ زێرابی پیسایی.

### جێ بە جێ کردنی کارگێڕی کۆکردنەوە لە دوو سیناریۆی ئەگەری بەگوێرەی حالەتی بینین:

- (سیستمی ناوەندی) (سیستەم مرکزی) بۆ بۆری پاشەرۆ کە ئاوی قورس دەگوازێتەوە لەسەرتاسەری دامەزراوە بۆ ناوەندی ژێرزەوی بۆ چارەسەرکردن و فرێدانی.
- (سیستمی نا ناوەندی) (سیستمی لا مرکزی) لە هەندێ ناوچەی تەندروستی بۆری پاشەڕۆ ی ئاوی قورسی بەناویدا تێپەر دەبێت بۆ تانکیە ژەهراویەکان یان زێرابەکان (ئەم بۆچوونەش بە باش دانانرێت) .

## دروستکردنی دوو سیستمی کۆکردنەوەی جیا

- سیستمی ئاوی زێراب بۆ ئاوی قورس.
- سیستمی ئاوی گەردەڵوول بۆ ئاوی باران، کە ئەمەش دەتوانرێ بەکاربهێنرێت بۆ باخچەکان، شوشتنی توالێت یان شوشتنی شوێنی بەردەرێژ.
- مەنهۆڵەکان بۆ ڕێگادان بە گەیشتن بۆ پاڕاستنی هەموو ٥٠ مەترێك یان کەمتر.
- بۆری ئاوی قورس و کردنەوەی مەنهۆڵەکان.
- چارەسەرکردنی پێشووەختە بۆ کەمکردنەوەی پیسبوونەکان یان رزگاربوون لە ئاوی قورسی دەرەکی، یان لە گۆڕینی سروشتیان پێش بەتاڵ کردنی بۆ ناو ئاوەرۆ.

## چارەسەرکردنی پێشووەختە بۆ شلە مەترسیدارەکان

- چارەسەرکردنی پێشووەختە بۆ تاقیگەی پزیشکی (داواکراوە) بریتیە لە بێلایەنی کردنی بنکەی ترشی، خاوێنکردنەوە، رامالین یان تعقیم کردن.
- چارەسەرکردنی پێشووەختە لە کاتی بەرپابوونی پیسایی یان رشانەوە وەك کولێرا (نەخۆشی رشانەوە) پاککردنەوەی پیسبوون لەخۆدەگرێت بە بەکارهێنانی شیری قسڵ (ئۆکسیدی کالسیۆمی ئاوی یان هایدرۆکسیدی کالسیۆم)- رێژەی ١:٢ بۆ پیسایی و رشانەوە بۆ ٦ کاتژمێر بە لایەنی کەم، رێژەی ١:١ بۆ میز لەگەڵ قسڵ بۆ ٢ کاتژمێر بە لایەنی کەم.
- دەتوانرێ خوێن لە ئاوەرۆ بەتاڵ بکرێت (بە بەکارهێنانی ئامرازی پشگیری کەسایەتی بۆ پاڕاستن لە خوێن پرژێنەر) ئەگەر هەڵسەنگاندنی مەترسی نیشانیدا کە بارکردنی ئەندامی (التحمیل العجوی) پێویستی بە چارەسەرکردنی پێشتر ناکات . ئەگەرنا، دەتوانرێ چارەسەری خوێنپێشووەختە بکرێت لە ڕێگای گەرمی یان خۆ رزگارکردن ڕاستەوخۆ بۆناو تانکی ئاوی قورس ئەگەر پێوەری سەلامەتی بەکارهێنرا. تێبینی: هایپۆکلۆریت کارا نیە بۆ باریئەندامی بەرزی وەك خوێن.
- چارەسەرکردنی پێشووەختە بۆ بەشی ددانسازی پێویستە جیاکەرەوەی ئەمەلگەم لە مەغسەلەکان دابمەزرێنێت بە تایبەتی لە لای کورسی چارەسەری نەخۆش، پێویستە پاشەڕۆ ی جیوەی جیاکەرەوە بە سەلامەتی کۆبکرێتەوە.
- چارەسەرکردنی پێشووەختە بۆ بەشی چاسەرکردن بە تیشك بریتیە لە کۆکردنەوەی جیاکراوە لە ئاوی قورسی تیشکاوەر (بۆ نموونە، میزی نەخۆشەکان لە چارەسەری لیکەرژێنی دەرەقی) و هەڵگرتن بۆ خراپ بوون لە حەوزی سەلامەت هەتا چڕی زەمینە کەمدەبێتەوە، پاش کاتی هەڵگرتنی داواکراو , ئاوی قورس دەتوانرێ بەتاڵ بکرێت بۆ سیستمی ئاوەرۆ.
- چارەسەرکردنی پێشووەختە بۆ چێشتخانەکان پێویستی بە تەڵەی چەوری هەیە بۆ لابردنی چەوری، رۆن و کەرەستەی تری سەرئاوکەوتن.

## ئەو کەرەستە شلانەی کە پێویستیان بە چارەسەری پێشوەختە نیە

- کەرەستەی کیمیایی ناترسناك وەك شروپ، ڤیتامینات و قەترەی چاو.
- بڕی بچووکی خوێن و شلەی پێ خاوێن دەکرێت لە شانۆی نەشتەرگەی دەتوانرێ بەتاڵ بکرێتە ناو سیستمی ئاوەرۆ بە بێ چارەسەری پێشوەختە.
- بڕی گەورەی خوێن لەوانەیە پێویستی بە چارەسەری پێشووەختە هەبێت ئەگەر لە لایەن هەڵسەنگاندنی مەترسی نیشانیدا.

- **سیستمی ئاوەڕۆی چاودێری تەندروستی**

- باشترین ڕێگا بریتیە لە بەستنەوەی سیستمی ئاوەڕۆی چاودێری تەندروستی بە سیستمی ئاوەڕۆی شارەوانی و بۆ فرێدانی ئاوی قورسی چاودێری تەندروستی پاش چارەسەری پێشوەختەی گونجاو بۆ ئاوەڕۆی شارەوانی ئەگەر وێستگەی چارەسەری ئاوەڕۆی شارەوانی ئەو داواکاریانەی خوارەوەی تێدا بەدیهات:
- بەکارهێنانی چارەسەری  سەرەتایی, ناوەندی و خزمەتگوزاری.
- لابردنی زیاتر لە ٩٥ ٪ ی بەکتریا.
- چارەسەرکردنی ئاوەڕۆی لیتە بۆ خاپورکردنی هێلکەی  دیدانی مشەخۆر بۆ > ١ هێلکە بۆ هەر لترێك.
- پابەند بوون بۆ پێداویستیەکانی ڕێکخراوەیی ناوخۆیی.

ئەگەر هیچ سیستەمێکی ئاوەڕۆی شارەوانی بوونی نەبوو, یان سیستمی ئاوەڕۆی شارەوانی داواکاری بنەرەتی تێدا بەدی نەها, یان ناوچەکە دووچاری نەخۆشی پەتای  ڕیخۆلەیی بێت یان نەخۆشی دیدانی ڕیخۆڵەیی مشەخۆر بێت ئەوا:

- هەلبژاردەی پێویست بریتی یە لە چارەسەری ئاوی قورس لە شوێنەکە.
- ئامانج بریتیە لە چارەسەری پاشەڕۆی شل کە بگونجێت بۆ دووبارە بەکارهێنان یان بەتاڵ بکرێت لە ژینگە, عادەتەن لەسەر ڕووی ئاو.

- **چارەسەری ئاوی قورس لە شوێنەکە بۆ شوێنی چاودێری تەندروستی مەزن**

چارەسەری کارای شوێنەکە بە (٣) قۆناغ ئەنجام دەدرێ.

- چارەسەری سەرەتایی: بۆ لابردنی کەرەستەی ڕەقی قورس.
- چارەسەری ناوەندی: بۆ لابردنی ماددەی بایۆلۆجی تواوە و هەلپەسێردراو بە بەکارهێنانی بەکتریای خۆرسك.
- چارەسەری سێیەم: بۆ زیاتر چارەسەرکردنی ئاوی قورس بۆ مەبەستی کەمکردنەوەی هۆکاری نەخۆشیەکان,  کەرەستەی ڕەقی هەلپەسێردراو, فوسفۆری زیاد و خۆراکی نایترۆجینی یان پیسکەری کیمیایی.

- **چارەسەری ئاوی قورس لە شوێنەکە**

- چارەسەری ئاوی قورس لیتە دروست دەکات کە پێکدێت لە چرکردنەوەی بەرزی هۆکاری نەخۆشیەکان.
- بژاردەکان بۆ چارەسەری لیتە:
  - هەرسکردنی بێ هەوایی.
  - هەرسکردنی هەوایی.
  - پەیینکردن.
  - شوێنی قامیش (زەلْ).
  - 

**بەکارهێنانی پرۆژەی کاتی ژیان یان ماوەی بەکارهێنان.**

٢٥ ساڵ

**توێژینەوە ئەندازەییەکان**

ڕاوێژکاران دەبێ ئەو بەشە لەخۆبگرن.

**بەردەست بوونی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی یان ڕێکارەکانی کەمکردنەوە بۆ پاراستنی ژینگە ئەگەر هەبێت**

ئەو کارە پەیوەستە بە کەمکردنەوەی کاریگەری ژینگە.

## یاداشتنامەی کاری لەپێشینە # ٢

## دابینکردن و دامەزراندن و کارپێکردنی تاقیگە بۆ دانەوێڵەی کشتوکاڵی

### کاری لە پێشینە ی ٢

تاقیگەی دانەوێڵە و ژینگە بریتیە لە کۆمەڵگایەکی تایبەت کە تیایدا کۆمەڵێکی فراوان لە ئاسانکاری و خزمەتگوزاری دابین دەکرێت بۆ توێژینەوە لە زانستی ڕووەکی و ژینگەیی. لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی لە گۆڕانکاری ژینگەیی جۆراوجۆر, ئەوانیش بریتین لە: پلەی گەرمی, توندی و چۆنیەتی ڕوناکی, درێژی ڕۆژ, ڕێژەی شێداری, ئاودێری, دابینکردنی پێکهاتەی خۆراک, و جەختکردنەوە لەسەر دووەم ئۆکسیدی کاربۆن.

تاقیگەکان پشکنیك و تاقیکردنەوەی کشتوکاڵی لەسەر هەموو شتێك دابین دەکەن لە تۆوەوە بگرە تاکو دروێنە بۆ ئەو کرپارانەی کە بە دوای زیادکردنی بەرهەمەکانیان دەگەرێن. لە باخەوانەکانی باخچەی پشتەوە بۆ کێڵگەی خێزان بۆ جوتیاری بازرگانی, پشکنینەکان بریتین لە پشکنینی پاشەرۆی مەڕو ماڵات, دانەوێڵە, میوە, بەرهەم, رەزی مێو, پەلەوەر, ئاو, خاك, وە شانە.

تاقیکردنەوە لەخۆدەگرێت:

### خاك:

مەبەستی سەرەکی لە شیکرنەوەی خاك بریتیە لە لیستەکردنی یەدەکی خۆراك و پێکهاتەی کیمیایی, لەبەرئەوەی بوونی ناهاوسەنگی لە پێکهاتەی سەرەکی دەتوانێ بەرهەمی دانەوێڵە سنووردار بکات, ئەو زانیاریانە زیندەگین بۆ دیاریکردنی ئایا هیچ پاساوێك هەیە بۆ زیادکردنی خۆراك لە خاکدا تاکو بەرهەمی ئابووریی زۆرترین بەرهەمی هەبێت. شیکردنەوەی خاك باشترین ڕێگایە بۆ دڵنیابوون لە جێ بە جێ کردنی خۆراکی و پەیینی کیمیایی بە ڕێگایەکی بەرپرسانە لە لایەنی ئابووری و ژینگەیی.

پێویستە شیکردنەوەی خاك لە لایەن کیمیایی و توێژینەوە پشگیری بکرێن, وە بەشێك بێت لە کۆگای بەرهەمهێنەر بۆ کۆنترۆڵکردنی خەرجی, زیادکردنی داهات و پاراستنی ژینگە.

پلەی ترشی لە خاك pH یەکێکە لە باشترین فاکتەرەکانی کاردەکاتە سەر بەپیتی خاك. خۆراکی ڕووەك زۆرترین بوونی هەیە لە کاتی پاراستنی پلەی ترشی لە خاك pH لە ئاستی کەمتر لە (پلەی ترشی Ph 6.5 بۆ 6.8). زەوی بەردەقسڵی کشتوکاڵی دەتوانرێ بەکاربهێنرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ترشی لە خاك pH بۆ ئاستی خوازراو.

### پەیینی کیمیایی

گشت کۆمپانیاکانی ماددەی خاوی پەیینی کیمیایی, دابینکەران, بازرگانان, وە جوتیاران بەرژەوەندی تەواوی خۆیان هەیە لە زانینی کە ئایان ئەو بەرهەمانەی ئەوان ڕەفتاری لەگەڵ دەکەن تایبەتمەندی جۆری و ناوەرۆك تێدەپەرێن یان دیدەنی دەکەن. تاکە ڕێگا بۆ ئەوەی دڵنیابیت لەو بەرهەمەی تۆ دروستی دەکەیت, دەیکڕی, یان دەیفرۆشی دیدەنی تایبەتمەندی جۆری و ناوەرۆك دەکەن بریتیە لە تاقیکردنەوە لە لایەن تاقیگە.

### شانەی ڕووەك

شیکردنەوەی شانەی ڕووەك ئامرازێکی دەستنیشان کردنە کە بەکارهێنراوە بۆ چەندەها ساڵ. پشگیری ئەو چەمکەیە دەکات کە, تا خاڵێکی گرنگی دیاریکراو, ناوەرۆکی خۆراك لە شانەی ڕووەك ڕاستەوخۆ پەیوەندارە بە بەرهەم. وە چرکردنەوەی خۆراك لە ڕووەکەکان ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە بڕی خۆراك لە خاکدا بوونی هەیە یان لە هەندێ لایەنەوە سنووردارە بۆ ڕووەك. بۆیە, شیکردنەوەی شانەی ڕووەك و تاقیکردنەوەی خاك دەست بە دەست دەڕوات.

**پەیینی گژوگیایی و پەیینی ئاژەڵی**

پەیینی گژوگیا بە شێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرێت لە بێستانکاری و یارمەتیدەدات لە باشترکردنی پێکهاتەی خاك و دەوڵەمەندکردنی خۆراکی خاك. لە ئەنجامی ئەمەشدا, گرنگیەکی لەرادەبەر دەدرێ بە پەیینی گژوگیا.

پەیینی ئاژەڵی سەرچاوەیەکی بایەخدارە کە دەتوانێت خۆراکی دانەوێڵەی گرنگ دابین بکات بۆ شوێنگرتنەوەی پێویستیەکان بۆ پەیینی کیمیایی بازرگانی و بابەتی ئەندامی بۆ باشترکردنی پێکهاتەی خاك. بەکارهێنانی پەیین بە چالاکی دەتوانێ خەرجی بەرهەمهێنانت کەم بکاتەوە و ژینگەکەمان بپارێزێت. بەکارهێنانی سەلامەتی هەموارکردنی خاك لەسەرچاوەی مەڕ و مالات وەکو پەیینی گیایی, ووریایی سەلامەتیی دیاریکراوی پێویست دەبێت هەروەك ئەو داوا دەکات بۆ بەکارهێنانی بە گوێرەی یاسای نوێکردنەوەی سەلامەتی خۆراك (FSMA ) .

**ئاو**

ئاو زۆر زیاتر لە گشت خۆراکەکانی تر بەکاردەهێنرێت. شیکردنەوەی ئاو بە شێوەیەکی گشتگر دەتوانرێ ئاماژە بە گونجاوی دابینکردنی ئاو بدرێ بۆ بەکارهێنان لە ماڵ یان ئاودان یان مەر و مالآت. یاسای نوێکردنەوەی سەلامەتی خۆراك (FSMA ) و (GAP) داوای بەکارهێنانی ئەو ئاوی خواردنەوەیەی دەکەن کە شیکردنەوەی بۆ کراوە. هەلسەنگاندن و تۆمارکردنی جۆری ئاوی مایکرۆبی بەکارهاتووە لە کێڵگەی تۆ هەنگاوێکی پێویستە بۆ دەستەبەرکردنی بەرهەمی کشتوکالی سەلامەت. داخوا ئەوە چۆنیەتی ئاوە لە ماڵت, قوتابخانەت, ئیشت, مەڵەوانگە یان کێڵگە, زانینی مەترسیی تووشبوونی بە بەکتریا تەنها معقول دەبێت.

**ژینگەیی**

تاقیگەکانی سەردەمی نوێ مەودای تەواو دابین دەکات لە خزمەتگوزاری تاقیکردنەوەی شیکاری ژینگەیی, وەك شیکاری خاك, پاشەڕۆ , ئاو, ماددەی پاکردنەوە, تۆز و هەوا. مەودای خزمەتگوزاری شیکاری دابین دەکرێ بۆ قاڵبی ناوبراوی سەرەوە ئەوانیش بریتین لە مەوادی ئەندامی ڕۆتینی, و بەدواداچوون, بەدواداچوونی وورد (ماددەی هەڵچوو, ماددەی نیمچە هەڵچوو, دەرمانی حەشەرات کوژ, هایدرۆکابۆنی کلۆری فرە شێوە PCBs, دەرمانی ڕووەك کوژ) و کانزاکان. ڕێگاکانی شیکاری پشت دەبەستن بە راییکاری باش دامەزراندن و نێودەوڵەتی ناسراو بن وەك ئەوانەی بلآوکراونەتەوە لە لایەن ئاژانسی پاڕاستنی ژینگەیی ئەمریکا.

**باسکردنی کارەکە**

دەستەبەرکردن, دامەزراندن و کارپێکردنی تاقیگەیەك بۆ دابینکردنی کۆمەڵێکی جۆراوجۆر لە تاقیکردنەوەی کشتوکاڵی و ژینگەیی شیکاری و دەستنیشانکردن. ئەوەش خزمەتگوزاری زۆر دابین دەکات (درێژکردنەوە, مەشق و راهێنان, باشترکردنی کرداری کشتوکاڵی) بۆ جوتیاران و قوتابیانی ئەکادیمی و توێژەرەوان.

**خزمەتگوزاریی شیکەرەوەی سەرەکی:**

**تاقیکردنەوەی خاك**: وەکو ئامرازێکی بەرێوەبردن بۆ یارمەتیدان لە بڕیارەکانی پەیوەست بە بەرنامەکانی پەیینی کیمیایی. بنەمایەکی زانستی دەستەبەر دەکات بۆ هێشتنەوەی ئاستی بە پیتیی خاکی باشترین و پاڕاستنی دژی خەرجی و مەترسیی  ژینگەیی لە ئەنجامی بەکارهێنانی پەینی کیمیایی زیاد و کراری کشتوکاڵیی دیکە.

**شیکەرەوەی ئاوی خواردنەوە و ئاوەرۆ**: بۆ هەڵسەنگاندنی جۆری ئاو لەسەر بنەمای پێکهاتە کیمیاییەکان و زانستی زیندەوەری گەردبینی.

**پەیینی کیمیایی**: کۆنترۆڵی جۆری و بڕی پەیینی کیمیایی هێنراو لە دەرەوە وەك خزمەتگوزاری فەرمی.

This project is funded by the European Union

Covenant of Mayors for Climate & Energy

**شیکەرەوەی پاشەڕۆ ی گیانەوەر (پەیین)**: بۆ دیاریکردنی ناوەڕۆکی خۆراك و ماددەی تری پاشەڕۆ ی گیانەوەر وەك هەنگاوی سەرەتایی لە سوود وەرگرتن لە خۆراکیەکان بۆ بەرهەمهێنانی دانەوێڵە.

**شیکەرەوەی خواردن پێدان و ئالیك** : خزمەتگوزاریی ڕێنیشاندان دابین دەکات بۆ پیشەسازی شیرەمەنی و پەلەوەر وەکو شیکردنەوەی نزیکی بۆ ئالیکی خۆراك و جەختکردنەوەی دارشتن.

**شیکەرەوەی قارچکی ژەهراوی** : کۆنترۆڵی جۆری خۆراك: دۆزینەوەی قارچکی ژەهراوی لە خۆراك, دۆزینەوەی ژەهری قارچکی, توێژینەوەی هۆکارەکانی ژەهراوی بوون هاندەدات لەسەر پیس بوونی قارچك بە ژەهری قارچکی.

## ئامانجە گشتیەکان

ئامانجی ئەو تاقیگەیە بۆ یارمەتیدانە لە دروستکردنی ژیانێکی تەندروستر و خاوێنتر, وە بەشداری دەکات لە باشترکردنی بەرهەمی دانەوێڵەی خۆراك و بەرهەمداریی کشتوکاڵی.

تاقیگە کاردەکات لەپێناو پەرەسەندنی کەرەستەی کیمیایی کشتوکاڵی نوێ و پەیینی کیمیایی کردەیی, حەشەرات کوژی ناوماڵی سەلامەت و زۆر کاریگەر, وە تەکنەلۆجیا بۆ پاراستن لە نەخۆشیە درمەکان, هەروەها ڕێگاکانی دەستکردی کارا بۆ دەرمانە کیمیاییەکان.

## پێناسەی تەکنیکی

### تەکنەلۆجیای سەرەکی بۆ جێبەجێ کردن و بەکارهێنانی ئامراز.

بۆ ئەوەی پێش بکەوێت(TBD)

### توێژینەوەکانی پەیوەندار یان پێشوو.

بۆ ئەوەی پێش بکەوێت(TBD)

### بەکارهێنانی پرۆژە بە درێژایی ژیان یان ماوەی بەکارهێنان.

ماوەی ژیان زیاتر لە ٤٠ ساڵ.

### توێژینەوە ئەندازەییەکان

بۆ ئەوەی پێش بکەوێت(TBD)

### بەردەست بوونی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی یان ڕێکارەکانی کەمکردنەوە بۆ پاراستنی ژینگە ئەگەر هەبێت

ئەو پرۆژیە بریتیە لە کەمکردنەوەی کاریگەری ژینگە و باشترکردنی تەندروستی ژیان.

**پوختەیەکی پەیوەست بە کردارەکانی بەرزکردنەوەی هۆشیاری.**

**پەیوەست بە کرداری بەرزکردنەوەی هۆشیاری**

مەبەستی جەماوەر: جوتیارەکان, کەرتی کشتوکاڵ, هاولاتی

پەیامی سەرەکی: خۆراکی تەندروست لەگەڵ ژینگەی تەندروست

ئامانجەکان: پاراستنی تەندروستی خۆمان و منداڵمان

**بەرزکردنەوەی هۆشیاری پەیوەست بە مەترسیەکان و مەزەندەکانی کۆمەڵگا.**

مەزەندەکان:

مەترسیەکان:

**هۆکارە سەرەکیەکانی سەرکەوتن**

**هەنگاوەکانی داهاتوو**

- گەڕان بەدوای دابینکردنی پارە بۆ دەستپێکردن بە باشترکردنی کارەکە.

## یاداشتنامەی کاری لەپێشینە# ٣

## پلان بۆ چاودێری کردنی تۆڕی ئاوی ژێرزەوی لە سلێمانی

بەهۆی ڕووپێوکردنی فراوانی هایدرۆلۆجیا و هایدرۆجیۆلۆجی بۆ داتای ئاوی ژێرزەوی بنەرەتی, داتای ئاستی ئاو و جۆری ئاو دەگرێتەوە, وە داتابەیسی باوەڕپێکراو دامەزراوە بۆ مەبەستی بەڕێوەبردنی گشتی سەرچاوەکانی ئاو .

### کاری لەپێشینەی ٣

لە هەرێمی کوردستانی عێراق گەشەکردنی ئابووریی خێرا, بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەران, وە گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵگەیی لەو ساڵانەی دواییدا بووە هۆی بوونی داواکاری زۆری دابینکردنی ئاو. بەهۆی بڕی جێگیری و چۆنیەتی, ئاوی ژێرزەوی ماوەیەکی درێژە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی ئاو بووە بۆ نیشتمان, کشتوکاڵی و بەکاربەری پیشەسازی.

زیادبوونی ترس و دڵەڕاوکێ سەبارەت بە سەرچاوەکانی ئاو و ژینگەیی, بووەتە گرنگیەکی بەرچاو بۆ ئاوی ژێرزەوی و ئاوی سەرزەوی وەك تاکە سەرچاوە بەشێوەیەکی زیاد ڕونە. زۆرجار ئاگادارکراونەتەوە سەبارەت بە بابەتی پەیوەنداری دابینکردنی ئاو, جۆری ئاو و تێکچوونی ژینگەی ئاوی. ڕوونکراوەتەوە کە تێکەڵ بوونی ئاوی ژێر زەوی و ئاوی سەرزەوی سەرچاوەی ترس و دڵەڕاوکێ ی گەورە دروست دەکات لە زۆربەی ئەو بابەتانە. چینی ئاوی قورس بووی ژێرزەوی کە دەردەدرێت بۆ ئاوەڕۆکان هۆکارە لە پیس بوونی ئاوی سەرزەوی بۆ ماوەیەکی درێژ, بە پێچەوانەوە, ئاوەڕۆکان سەرچاوەی سەرەکین بۆ پیس بوونی چینەکانی ئاوی ژێرزەوی, ئاوی سەرزەوی بەزۆری هایدرۆلیکیانە(بە شێوەی ئاویی) پەیوەستکراوە بە ئاوی ژێرزەوی, بەڵام سەختە بتوانرێ تێبینی کردن و پێوانەکردنی کارلێکردنەکان , وە بە زۆری لە پلانی کار و ڕەچاوکردنەکانی بەڕێوەبردنی ئاو فەرامۆش کراوە.

هەروەها زۆربەی کرداره سروشتیەکان و چالاکیەکانی مرۆڤ کاردەکاته سەر کارلێکردنەکانی ئاوی ژێر زەوی و ئاوی سەرزەوی. بەلأم له دامەزراندنی بەرنامەی بەرێوەبردن کە ئاوی ژێر زەوی و ئاوی سەرزەوی یەکدەخات کێشەی بۆ دروست بووه بەهۆی کەمی داتای ئاوی ژێرزەوی.

بەشی سەرچاوەکانی ئاوی سلێمانی دەستیان کردووه بە بەرنامەیەك بە ناونیشانی "پلانی تۆڕی چاودێری ئاوی ژێرزەوی لە سلێمانی". لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیە، داتای ئاوی ژێرزەوی بنەرەتی، داتای ئاستی ئاو و جۆری ئاو دەگرێتەوە، ئەژماردەکرێت و داتەبەیسەکی باوەرپێکراو دادەمەزرێت بۆ مەبەستی بەرێوەبردنی کۆی گشتی سەرچاوەکانی ئاو. ئامانجی پلانەکە بریتی لە دروست کردنی وێستگەکانی رووپێوکردنی هایدرۆلیکیانەیە و چاودێریکردنی ئاوی ژێرزەوی بیرەکان. لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیە، ئاستی ئاوی ناجێگیر بە بەردەوامی چاودێری دەکرێ، لە کاتێکدا نموونەی جۆری ئاو تەنیا بۆ شیکردنەوە وەردەگیرێ لە قۆناغی سەرەتایی کون کردن (دریلینگ)،وە پاشان ئەوکاتەی کە چاودێریکردنی بیر چاك کرایەوە.

**باسکردنی کارەکە**

شوێنی کار بریتیە لە پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەڵەبجە، سروشتی کار بریتیە لە ئەنجامدانی شارەزایی فراوان (جیۆلۆجی(زەوی ناسی)، هایدرۆلۆجی (زانستی ئاوی ژێرزەوی) و هایدرۆجیۆلۆجی (زەوی ناسی ژێرزەوی)) کەچی باشتروایە دەست پێ بکرێت بە گەشەپێدانی رێنماییەکان لەسەر کردارەکان بۆ هەڵسەنگاندن و چارەسەرکردنی جیۆلۆجی(زەوی ناسی)، هایدرۆلۆجی (زانستی ئاوی ژێرزەوی)، هایدرۆجیۆلۆجی (زەوی ناسی ژێرزەوی)) بۆ بەرێوەبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی لە کوردستان بە گشتی و لە سلێمانی بە تایبەتی. رێساکە دەبێت هاوشێوە بێت لەگەڵ ((رێنماییەکان لەسەر کردارەکان بۆ هەڵسەنگاندن و چارەسەرکردنی جیۆلۆجی(زەوی ناسی)، هایدرۆلۆجی (زانستی ئاوی ژێرزەوی)، هایدرۆجیۆلۆجی (زەوی ناسی ژێرزەوی) بۆ پلانەکانی رێگای نیشتمانی لە لایەن ((جۆن بارنت و هاوکاری سنوردار/ یوگین دالی و هاوکارانی وبە هاوکاری لەگەڵ دەسەلأتی رێگای نیشتمانی و بەرێز دیریك لوبی بەرێز یوجین دالی، وە دکتور جون کیلی، وە دکتور لی براون، وە بەرێز تیم مورگان" وە دیاریکردنی کارەکانی پەیوەست بە خوارەوە یان کرداری هاوشێوە:

- هەڵسەنگاندنی یاساداناني پەیوەندیداری ئێستا ئەمانە لەخۆ دەگرێت:
  - یاسای پلاندانان و گەشەپێدان
  - یاساداناني چۆنیەتی ئاو.
  - فەرمانی چوارچێوەی کاری ئاو
  - فەرمانی لافاو.
  - فەرمانی ئاوی ژێر زەوی
  - فەرمانی نیشتەجێ بوون/ یاساکانی نیشتەجێ بوون
  - یاسای کەلەپوور.
  - یاسای کانزاکان.

- دیاریکردنی راوێژکاران و خاوەن بەرژەوەندان
  - راوێژکاری یاسایی.
  - راوێژکاری نارێکخراو.
  - پێداویستیە جیۆلۆجیانە و هایدرۆلۆجیانە.
  - راوێژکاری هایدرۆلۆجیانە.
  - کارلێکردن لەگەڵ راوێژکاری ژینگەیی تر.

This project is funded by the European Union

Covenant of Mayors for Climate & Energy

توێژینەوەکە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

- لایەنی جیۆلۆجی, هایدرۆلۆجی و هایدرۆجیۆلۆجی بۆ ڕێکخستنی ڕێگا
  - لایەنی جیۆلۆجی
  - خاك.
  - جیۆلۆجی ئابووری.
  - مەترسی جوگرافی.
  - کەلەپووری جوگرافی.
  - جیۆمۆرفۆلۆجی.
  - زەوی دروستکراو / تێکدانی پەیین.
  - کەرەستەی بیناسازی.
  - لایەنەکانی قۆناغی بیناسازی.

- لایەنەکانی هایدرۆلۆجی.
  - خولی هایدرۆلۆجی.
  - گۆڕانی کەش و هەوا.
  - لافاو.
  - جۆری ئاوی سەرزەوی.
  - سەرچاوە و/ یان بەهای خۆشی.

- لایەنەکانی هایدرۆلۆجی.
  - چینی ئاوی ژێرزەوی.
  - دابینکردنی ئاوی ژێرزەوی.
  - سیستمی ئیکۆی ژێرزەوی
  - کارست (شوێنێکەپێکدێت لە بەرد وەك بەردی کلس کە داخوراوە بە ئاو دەبێتەهۆی دروست بوونی ئەشکەوت یان شێوەی لەو جۆرە).

- کۆکردنەوەی زانیاری سەرەکی

پێویستە دیاریکردنی سنوری توێژینەوەی هێڵی سەرەکی و پلانداڕێژراو لەسەر بنەمای زانیاری بەردەست لەسەر ژینگەی جیۆلۆجی, هایدرۆلۆجی یان هایدرۆجیۆلۆجی وە نەخشەسازی سەرەتایی بۆ سیستمی ڕێگای پێشنیارکراو. ئەو لێکۆلینەوانە بە زۆری هەندێ لەوانەی خوارەوە دەگرێتەئەستۆ یان هەموو ئەوانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

- پشکنینی ڕووپێوی و نەخشەکێشانی مەیدانی جیۆلۆجی.
- پشکنینی ناوچەکان.نیشانەکان و تایبەتمەندییە کاریگەرەکان.
- گرێبەستی (گرێبەستەکان) پشکنیکی زەوی , لێدانی بیر, لێدانی بیری خولاو, چاڵی ئەزمایش, ڕووپێوی جیۆفیزیکال, پشکنینی دینامیکی, تاقیکردنەوەی کونکردنی قوچەکی, تاقیکردنەوە لە ناوچەی جەرگەی زەوی و بەردەلانی ئاوی ژێر زەوی, چاودێری کردنی ئاستی ئاوی ژێرزەوی, تاقیکردنەوەی تاقیگەیی و ڕاگەیاندنی بە شێوازی کاغەزی و ژمارەییو.
- ڕووپێوی بیر.
- چاودێریکردنی ئاوی سەرزەوی (هەڵقولاو و ئاستەکان) و
- تاقیکردنەوەی جۆریی ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێرزەوی.

له پشكنین و پلاندانانی ئەو ڕووپێویە، زۆر زەحمەتە بۆ دڵنیابوون لەوەی كە ئەوان:

- بەسن بۆ تایبەتمەنی و هەڵسەنگاندنی ئەو ژینگەیەی كە وەردەگیرێ.
- بەسن بۆ دیاریكردن و هەڵسەنگاندنی كاریگەریانی سەر ژینگە و
- جەخت كردنەوە لەسەر كاریگەریەكان كە هەردوویان پێشبینی كراو و گرنگن.

ڕووپێوی زانستی لە لایەن ٨ تیم، پێكهاتوون لە ٣ جیۆلۆجی و ١ هایدرۆلۆجی (سەرپەرشتیار)، ڕووپێوی ڕۆژانە بەردەوامە لەوەتی ساڵی ئاو لە ٢٠١٨/٦/٢١ بۆ ٢٠١٩/٦/٢٠.

كارەكە پێویستی بە بارهەڵگر (لۆری، قەلاب) هەیە، بۆ سەرنج راكێشان، ئامێری GPS، قیبلەنما، (sounder)پێوەری قووڵی ئاوی دەریا، لاپتۆپ و بەرنامەكانی نەخشە كێشان. پرۆژەكە بۆ بەڕێوەبردنی پێویستی بە چەند فەرمانبەرێك هەیە لە چەند بەشی جیاواز كە كاردەكەن لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی سلێمانی وەك داتابەس كە كاردەكات بۆ كۆكردنەوە و شیكردنەوەی زانیاری وە هەروەها یەكەی تر ئەویش (GIS) كە پێویستە ئەو زانیاریانە بهێنێ و بیخاتە سەر نەخشەكان بكات.

- ڕاپۆرتەكان
  - پێكدێت لە ڕاپۆرتی توێژینەوەی پشكنینەكان (خاك و جیۆلۆجی).
  - پێكدێت لە ڕاپۆرتی توێژینەوەی پشكنینەكان (هایدرۆلۆجی).
  - پێكدێت لە ڕاپۆرتی توێژینەوەی پشكنینەكان (هایدرۆجیۆلۆجی).

- دیاریكردن و پۆلێن كردنی كاریگەرییەكان
  - كاریگەری ڕاستەوخۆ ژینگەی جیۆلۆجی، هایدرۆلۆجی یان هایدرۆجیۆلۆجی دەگۆڕێ كە بوونی هەیە لەگەڵ یان لە نزیك ڕارەوەكانی ڕێگا، هەمووی یان بەشێكی، لە ئەنجامی بونیاتنانی ڕێگا یان كارپێكردنی.
  - كاریگەری ناڕاستەوخۆ ژینگەی جیۆلۆجی، هایدرۆلۆجی یان هایدرۆجیۆلۆجی دەگۆڕێ كە بوونی هەیە لە دەرەوەی ڕارەوەكانی ڕێگای پێشنیاركراو لە ڕێگای چالاكیەكانی پەیوەست بە بونیاتنانی ڕێگا یان كارپێكردنی.
  - كاریگەری پێشبینی نەكراو: ڕارەوەكانی ڕێگای پێشنیاركراو نە كاریگەری ئەرێنی هەیەوە نە كاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر ژینگەی جیۆلۆجی، هایدرۆلۆجی یان هایدرۆجیۆلۆجی.

- ڕاگەیاندنی كاریگەری ژینگەیی
  - هەڵسەنگاندنی كاریگەری ژینگەیی- گشتی.
  - هەڵسەنگاندنی كاریگەری ژینگەیی- خاك و جیۆلۆجی.
- وەسفی ژینگەی جیۆلۆجی ئێستا.
- هەڵسەنگاندنی كاریگەری جیۆلۆجی
- پێوانەكانی كەمكردنەوەی جیۆلۆجی.
- ناوەڕۆكی ڕاپۆرتی ڕاگەیاندنی كاریگەری ژینگەیی جیۆلۆجی.
  - هەڵسەنگاندنی كاریگەری ژینگەیی- هایدرۆلۆجی.
- وەسفی ژینگەی هایدرۆلۆجی ئێستا.
- هەڵسەنگاندنی كاریگەری هایدرۆلۆجی
- پێوانەكانی كەمكردنەوەی هایدرۆلۆجی.
- ناوەڕۆكی ڕاپۆرتی ڕاگەیاندنی كاریگەری ژینگەیی هایدرۆلۆجی.

- هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی- هایدرۆجیۆلۆجی.

- وەسفی ژینگەی هایدرۆجیۆلۆجی ئێستا.
- هەڵسەنگاندنی کاریگەری هایدرۆجیۆلۆجی
- پێوانەکانی کەمکردنەوەی هایدرۆجیۆلۆجی.
- ناوەرۆکی ڕاپۆرتی ڕاگەیاندنی کاریگەری ژینگەیی هایدرۆجیۆلۆجی.

لەسەرەتای هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی بۆ هەر بابەتێك, پێویستە پێداچوونەیەوەك بە هەموو داتا بەدەستهاتووەکان بکرێت لە قۆناغی توێژینەوە و رارەوی هەلبژاردنی ڕێگا و کۆکردنەوەیان, وە هەروەها پێویستە توێژینەوە بکرێت لە هەر زانیاریەکی تر کە پەیوەندی هەیە بەو قۆناغە. پێویستە ووردەکاری نەخشەسازی ڕێگای سەرەتایی دەستەبەر بکرێت و نەخشە کێشانی تۆبۆگرافی لە لایەن تیمی نەخشەسازی ئەندازیاری.

- بۆ هەر بابەتێك لەو سێ بابەتانە, پێویستە وەسفی ژینگەی ئێستا وەربگرێ لە چوارچێوەی دەقی ڕاگەیاندنی کاریگەری ژینگەیی, سەبارەت بە داتای هەرێمی دەستەبەرکراو لە ڕاپۆرتی دیاریکردنی پشکنین و پلاندانانی رارەوی ڕێگا, پاش ئەوە, پێویستە زانیاری ڕوونتر لەسەر ناوچەی دیاریکراو بەکاربهێنرێ, دەتوانرێ لە ڕێگەی ڕووپێوی و کرداری پشکنین و پشکنینی زەوی و چاودێری کردن و تاقیکردنەوە بۆ ڕێکاری هەڵسەنگاندن بۆ ژینگەی ناوخۆیی بەدەست بهێنرێ لەسەر درێژی ڕێگای پێشنیارکراو بە ڕەچاوکردنی ئەمانەی خوارەوە :
  - کەسایەتی
  - گرنگی
  - هەستیاری

## ئامانجە گشتیەکان:

- ئەنجامدانی ڕووپێوی سەرچاوەی ئاو .
- دەست نیشان کردنی قەبارەی ئاوی بەردەست لە هەردوو پارێزگای (سلێمانی و هەڵەبجە).
- لەو داتایانە کە کۆکراونەتەوە, توێژینەوەی زیاتر بەدەست دێت.
- لەو توێژینەوانە دەتوانرێ ناوچەی شاراوەی ئاوی ژێرزەوی دەستنیشان بکرێ.
- پاش شیکردنەوە و لێکدانەوەی داتا, دەتوانین توێژینەوە بکەین لە بەڕێوەبردنی زانستی ئاو.
- نۆژەنکردنەوەی کەرتەکانی (کشتوکال, بازرگانی, کۆمەڵگا, .... هتد).

## دەستەی بەرپرسیار

بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی سلێمانی: ووردەکاری پەیوەندی کەسی: بەڕێز عباس علی احمد/ بەڕێوەبەر لە ئاوی ژێر زەوی سلێمانی

بەڕێز نەوروز محمد عومەر/ یەکەی توێژینەوەی زانستی.

تێچووی پرۆژە: ٣.٠٠٠.٠٠٠ $

## پێناسەی تەکنیکی

تەکنەلۆجیای سەرەکی بۆ جێبەجێ کردن و بەکارهێنانی ئامراز و پەیامی سەرەکی.

توێژینەوەکانی پێشوو یان پەیوەندار

بەکارهێنانی پرۆژەی کاتی ژیان یان ماوەی بەکارهێنان.

توێژینەوە ئەندازەییەکان

بەردەست بوونی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی یان ڕێکارەکانی کەمکردنەوە بۆ پاراستنی ژینگە ئەگەر هەبێت پوختەیەکی پەیوەست بە کردارەکانی بەرزکردنەوەی هۆشیاری و ئامادەبووی مەبەست .

ئامانجەکان:

بەرزکردنەوەی هۆشیاری پەیوەست بە مەترسیەکان و مەزەندەکانی کۆمەڵگا.

مەزەندەکان:

مەترسیەکان:

هۆکارە سەرەکیەکانی سەرکەوتن

هەنگاوەکانی داهاتوو

- گەران بەدوای دابینکردنی پارە بۆ دەستپێکردن بە باشترکردنی کارەکە.

<table>
<tr><th colspan="2">بەکارهێنانی ووزەی پێشبینیکراو لە ٢٠٣٠</th><th colspan="3">تێچووی جێبەجێ کردن</th><th colspan="2">سەرچاوەکانی پارەپێدانی بەردەست و چاوەڕوانکراو</th></tr>
<tr><td colspan="2">کەمکردنەوە</td><td colspan="2">گشت تێچووەکان</td><td></td><td>سەرچاوەکانی دسەلآتی ناوخۆیی</td><td>%20</td></tr>
<tr><td>MWh/a</td><td>t $CO_2$/a</td><td colspan="2">خەرجیە سەرەتاییەکان و دەستپێکردن</td><td></td><td>سندوق و بەرنامەی نیشتمانی</td><td>%10</td></tr>
<tr><td></td><td></td><td colspan="2">نرخی کرداریی بە نزیکی (چاککردنەوە دەگرێتەوە)</td><td></td><td>دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتیەکان</td><td>%70</td></tr>
<tr><td colspan="2">کەمکردنەوەی ئەژمارکراو بۆ هەرکەسێك</td><td colspan="2">داهاتی سالانە بە نزیکی بۆ پرۆژەی بەرهەمهێنانی ووزە</td><td></td><td>سندوقی ئەوروپی و بەرنامەکانیان و پارە دابینکەری دەرەکی تر</td><td></td></tr>
<tr><td>ڕەچاو کردنی مێگاوات لە کاتژمێرێکدا MWh/c</td><td>ڕەچاوکردنی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە تۆن $TCO_2$ /</td><td colspan="2">ڕەشنوسی ئەژمارکردنی تەواوی نرخی ئێستا NPV</td><td>کەمکردنەوە پەیوەستە بە سیناریۆی کار هەروەك هەموو کات BAU</td><td>بڕی/ پشکی هاوبەش لە نێوان کەرتی تایبەت و گشتی (بەردەست یان بۆ زیادکردن)</td><td></td></tr>
<tr><td></td><td></td><td colspan="2">نیشاندەری کرداری سەرەکی</td><td></td><td>هاوتای وەبەرهێنانی تایبەت</td><td></td></tr>
<tr><td>هاوبەشی دەکات بۆ</td><td>کەمکردنەوە پەیوەستە بە سیناریۆی کار هەروەك هەموو کات BAU</td><td colspan="2">یەکەکانی پێوانە</td><td></td><td>قەرزەکان و قەرداری بەتواناکان</td><td></td></tr>
<tr><td colspan="2">پلانی کار</td><td colspan="3">سالی جێبەجێ کردن</td><td>پاشەکەوت کردنی تێچووی سالآنەی پێشبینیکراو بۆ بوودجەی شار</td><td></td></tr>
<tr><td colspan="2"></td><td colspan="3">١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩ ١٠</td><td colspan="2">هی تر</td></tr>
<tr><td colspan="7">دامەزراوە و کردارەکانیان</td></tr>
<tr><td>بواری دەستێوەردان</td><td></td><td colspan="3" rowspan="3">بەشداریکردنی خاوەن بەرژەوەندان</td><td>دەسەلآتی ناوخۆیی LA</td><td>بەرز</td></tr>
<tr><td>ئامرازی پلانی کار</td><td></td><td>دەرەکی</td><td>بەرز</td></tr>
<tr><td>بنچینەی کار</td><td>دەسەلآتی ناوخۆیی</td><td>هی تر</td><td>بەرز</td></tr>
<tr><td colspan="2">توانایی فەرمانبەر</td><td>نزم</td><td>ناوەند</td><td>بەرز</td><td colspan="2">پێویستیەکانی یاریدەدەری تەکنیکی</td></tr>
<tr><td colspan="2"></td><td></td><td></td><td></td><td colspan="2"></td></tr>
</table>

## یاداشتنامەی کاری لەپێشینە# ٤

## ناونیشان: وێستگەی بەرهەمهێنانی ووزەی هەتاوی کارۆ ڕووناکی بە پێوەری ١٦ مێگاوات لە گەرمیان

### کاری لە پێشینەی ٤

کوردستانی عێراق زۆرترین خەرجی دارایی لەخۆگرت بۆ پشگیری کردنی خەڵکی ئاوارەی ناوخۆیی کە ڕێژەیان دەگاتە نزیکەی ٢ ملیۆن ئاوارە. ئەمەش بارگرانی دارایی و ئابووری خستە سەر شانی کۆمەڵگای ناوخۆیی کە بەشداری کردووە بۆ خەڵکی ئاوارە، بووە هۆی زیادبوونی خەرجیەکان و نەبوونی پلانی گەشەپێدانی پێشوو بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بە ناجێگیرو کتوپڕ. ئەم پێویستیەش چارەسەردەکرێ بە زیادکردنی ژمارەی پرۆژەکانی گەشەپێدان و وەبەرهێنان لە ژێرخان لە ئەنجامی زیاد بەکارهێنان وە نەبوونی توانا بۆ دابینکردنی هەموو پێویستیەکان لە داهاتووی نزیکدا.

لە ئەنجامی ئەممەشدا، زیادبوونی داواکاری لەسەر کارەبا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکرد بەهۆی گەشەکردن و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان دوابەدوای ئەوەی حکومەت پارەی تەرخان کرد بۆ پاڵپشتی کردنی کەرتی کارەبا کە بڕەکەی دەگاتە زیاتر لە ٣ ملیار دۆلاری ئەمریکی سالانە.

بە گوێرەی ئەو ڕاستیانە، پارێزگای سلێمانی پلانێکی بەرزیخوازی (گموح) هەیە بۆ بونیاتنانی یەکەی ووزەی هەتاوی زۆر گەورەی پەیوەست بە تۆڕی کارەبایی لە ناوچەکە، لەگەڵ زیادکردنی توانایی دامەزراوی دەگاتە ١٠ مێگاوات لە ساڵی ٢٠٢٦.

دامەزراندنی وێستگەیەکی ووزە بە بەکارهێنانی خانەکانی کارۆ ڕووناکی و بەکارهێنانی باشترین سیستمی خانەی هەتاوی لەسەر ڕووبەری ٥٠٠ دۆنم دەکەوێتە ناو گوندی ئەلخەناسری.

ئەو گوندە جیادەکرێتەوە بە بوونی ڕووناکی بەرز و تەکنیکی گونجاو بۆ دامەزراندنی ئەو وێستگەیە. کە لە ڕێگەی تۆڕی کارەبای نیشتمانی کارەبای پیادا دەگوازرێتەوە، بۆ زانین:

- ڕێگادان بۆ دامەزراندنی وێستگەی ووزەی هەتاوی ١٦ مێگاوات MW دەستەبەرکراوە و پەسندکراوە لە لایەن وەزارەتی ژینگە، وەزارەتی ووزە و سەرچاوە کانزاییەکان، وەزارەتی کاروباری شارەوانی، وەزارەتی ڕێکخستنی دەردان و کۆمپانیای ووزەی کارەبا.
- پەسندنکردنی گواستنەوەی کارەبای بەرهەمهاتوو بە تۆڕەکانی کارەبا دەستەبەرکراوە لە لایەن پیشەسازی ووزەی کارەبای نیشتمانی.
- توێژینەوەی تەواو بەدیهاتووە لە پسوولەی ووزە بۆ ساڵی ٢٠١٧.
- پارێزگا مەشق دەدات بە فەرمانبەرانی چاککردنەوە و بەردەوامیەتی وێستگە.

یەکەکان یان تەختەی ڕوناکی دروست دەکرێن لە نیمچە گەیەنەرەکان کە ڕێگا بە ڕوناکی ڕۆژ دەدات ڕاستەوخۆ بگۆڕێت بۆ کارەبا. وە دەتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ کارەبایەکی سەلامەت، جێی متمانە، چاککردنی بەلاش و براەدر بۆ ژینگە بۆت دابین بکات.

کاری چوارچێوەی کار دابینکراوە لە بلاوکراوەی دامەزراوەی پارەپێدانی نێودەوڵەتی (IFC) ٢٠١٥، ووردەکاری زیاتر دەتوانێ تەواوی ئەو ڕاپۆرتە لەو لینکەی خوارەوە ببینی.

*http://www.ifc.org/wps/wcm/connect/f05d3e00498e0841bb6fbbe54dl41794/IFC+Solar+Report_Web+_08+pdf?MOD=AJPERES*

زۆر گرنگە بۆگەشەپێدان، پارە دابینکردن، بونیاتنان و کارپێکردنی وێستگەی بەرهەمهێنانی ووزەی هەتاوی کارۆ ڕووناکیPV لەسەر بنەمای سوود، پێویستە یەکەم بەشی کار بریتی بێت لە کرداری گەشەپێدانی پرۆژە بەدیاریکردنی شوێن ،نەخشەسازی وێستگە، بەرهەمهێنانی ووزە، ڕێگاپێدان/ مۆڵەتەکان، ڕێکخستنەکانی گرێبەستەکان و پارە پێدان.

پێکهاتەی سەرەکی پرۆژە بە گوێرەی ڕاپۆرتی دامەزراوەی پارەپێدانی نێودەوڵەتی (IFC)- ٢٠١٥ ئەو کردارە پێویستە ئەوانەی خوارەو لەخۆ بگرێت:

١. **نەخشەسازی نموونەیی بۆ وێستگەی ووزە:** بەرەنگاری سەرەکی بۆ گەشەپێدانی نەخشەسازی وێستگەی ووزەی هەتاوی بریتیە لە هاوسەنگی نموونەیی لە رووی تێچوو و کارکردن بۆ شوێنێکی دیاریکراو.

٢. **جێبەجێ کردنی پڕۆژە:** خەمێکی سەرەکی تری بەڵێندەران بریتیە لە تەواوکردنی پڕۆژە لە کاتی خۆیدا و بەو بوودجەیە لەگەڵ وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی ووزە کە کاربکات بە چوست و چالاك و باوەرپێکراو, وەبەرهەم هێنانی داهات و ووزەی پێشبینی کراو. لایەنی سەرەکیەکانی جێبەجێ کردنی پڕۆژە ئەمانە لە

٣. خۆ دەگرێت: ڕێگاپێدان و مۆڵەت, دەستنیشان کردن و گرێبەستکردنی ئەندازیاری, ئەندازیاری, دەستکەوتن, بونیاتنانEPC, بونیاتنانی وێستگەی بەرهەمهێنانی ووزە و کارپێکردن و چاککردن. (O & M).

٤. **لایەنی بازرگانی و پارەپێدان:** ڕێکخستنی چوارچێوەی کاریخانەی کارۆ ڕووناکی PV پەیوەست بە ڕێکخستنەکانی فۆڵتیەی ڕوناکی و دیاریکردنی میکانیزمی پشگیری/ هاندەر بۆ پێشخستنی پڕۆژەی کارۆ ڕووناکیPV وەك گومرگە تایبەتیەکان و پشگیری تری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دارایی, کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر توانایی دارایی پڕۆژەکە دەبێت هەروەك کاریگەری دەبێت لە دەردانی داهات.

گرێبەستی کرینی ووزە (PPAs) مەرجەکانی بەڵێندەر دیاریدەکات لە کرینی ووزەی بەرهەم هاتوو لە لایەن وێستگەی کارۆ ڕووناکی,ئەمەش گرنگترین بەڵگەنامەیە بۆ دەستکەوتنی دارایی.

**باسکردنی کارەکە:**

کردارەکە پوخت کراوەتەوە بۆ گەشەپێدان, پارە پێدان, بونیاتنان, کارپێکردن و چاککردنی وێستگەی بەرهەمهێنانی ووزەی هەتاوی بە پێوەری ١٠ مێگاوات لە سلێمانی.

پێش دەستپێکردن, بۆ پڕۆژەی سەرکەوتوو گرنگە شارەزایی گونجاو لە ناو تیمی پڕۆژە بوونی هەبێت, ئەوە تەنیا جێبەجێ ناکرێت بۆ شارەزایی تەکنیکی بەڵکو بۆ دارایی, یاسایی و بواری تری پەیوەندار جێبەجێ دەکرێت. دەتوانرێ شارەزایی گونجاو یەکبخرێت بە ڕێگای جیاواز: لە ڕێگای دامەزراندنی فەرمانبەر, یان پەنابردن بۆ ڕاوێژکاران یان هاوبەشیکردن لەگەڵ دامەزراوەکانی تر.

**بیرۆکەیەکی گشتی لەسەر گەشەپێدانی پڕۆژە- بۆ ووردەکاری زیاتر بگەڕێوە بۆ پاشکۆ**

**قۆناغی ١- پەرەسەندنی بیرۆکە و دیاریکردنی شوێن.**

١. دیاریکردنی شوێنە شاراوەکان .
٢. دابین کردنی پارە بۆ گەشەپێدانی پڕۆژە.
٣. گەشەپێدانی چەمکی تەکنیکی زبر.

**قۆناغی ٢- تۆژینەوەی پێش شیان.**

١. هەڵسەنگاندنی بژاردەی تەکنیکی جیاواز.
٢. تێچووی نزیکی / سوودەکانی.
٣. ڕێگاپێدانی پێویست.
٤. هەڵسەنگاندنی بازاڕ.

**قۆناغی ٣- تۆژینەوەی شیان (دراسه الجدوی).**

٤. هەڵسەنگاندنی تەکنیکی و ئابووری بۆ بژاردەی باشتر .
٥. هەڵسەنگاندنی بژاردەی دارایی .
٦. دەستپێکردن بە پرۆسەی ڕێگەپێدان.
٧. گەشەپێدانیچەمکی تەکنیکی زبر.

**قۆناغی ٤- ڕێگاپێدان، گرێبەستەکان و پارە پێدان .**

٣ ڕێگاپێدان

٤ ستراتیژی گرێبەستکردن.

٥ دانوستانی گرێبەست و هەلبژاردنی بەلێندەر.

٦ دابینکردنی پارە بۆ پڕۆژە.

**قۆناغی ٥- کرداری ئەندازەیی، دابینکردن، بونیاتنان و بازرگانی.**

٨. ئامادەکردنی نەخشەسازی وورد بۆ گشت لایەنی پەیوەندار.

٩. ئامادەکردنی خشتەی کاتی جێبەجێ کردنی پڕۆژە.

١٠. کۆتایهێنان بە کرداری ڕێگادان.

١١. سەرپەرشتیکردنی بونیاتنان.

١٢. تاقیکردنەوەی جێبەجێ کردن.

١٣. ئامادەکردنی نەخشەسازی باڵەخانە (ئەگەر پێویستی کرد).

## ئامانجە گشتیەکان:

١. کەمکردنەوەی دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن.

٢. کەمکردنەوەی پسووڵەی ووزە.

٣. بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ووزەی نوێوەبوو و ووزەی خاوێنی هاورێ ی ژینگەیی.

٤. ووزەی بەرهەمهێنراو لە خانەکانی ڕوناکی گشت کردارەکان لەخۆ دەگرێت کە پێویستی بە بەکارهێنانی ووزەی کارەبا هەیە بە هەموو جۆرەکانی لە ڕوناکی شەقام، باڵەخانە و دامەزراوە جۆراوجۆرەکان، پارکەکان، نووسینگەکانی گەشتوگوزار و دامەزراوەکانی تری پارێزگا.

٥. بەرزکردنەوەی هۆشیاری هاوڵاتیان بۆ بەکارهێنانی ئەو تەکنیکانە بۆیە سیستمی خانەی ڕوناکی دەبێ دابمەزرێت لە باڵەخانە ی بازرگانی، وەبەرهێنان ونیشتەجێ بوون، وا لە پارێزگا بکرێت ببێتە نموونەیەکی باش.

| کردار | بەرهەمهێنانی ووزە کاتی جێبەجێ کردنی کردار بە مێگاوات لە کاتژمێرێکدا MHw | بری کەمکردنی دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە تۆن $TCO_2$ | تێچوو بە $ |
|---|---|---|---|
| دامەزراندنی یەکەم قۆناغی وێستگەی ١ مێگاوات لە کاتژمێرێکدا MHw | 1825 | 1496.5 | 640000 |
| دامەزراندنی دووەم قۆناغی وێستگەی ٣ مێگاوات لە کاتژمێرێکدا MHw | 5475 | 4489.5 | 1200000 |
| بونیاتنانی سێیەم قۆناغی وێستگەی ٣ مێگاوات لە کاتژمێرێکدا MHw | 5475 | 4489.5 | 1200000 |
| دامەزراندنی چوارەم قۆناغی وێستگەی ٣ مێگاوات لە کاتژمێرێکدا MHw | 5465 | 4489.5 | 1200000 |
| پەیوەست لەگەڵ ووزەی یاریدەری سەرەکی | | | 660000 |
| هۆشیاری | | | 100000 |
| کۆی گشتی | 18250 | 14965 | 5000000 |

## وەسفی تەکنیکی

## تەکنەلۆجیای سەرەکی بۆ جێبەجێ کردن و خزمەتگوزاری بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای هەتاوی کارۆ ڕووناکی بە شێوەیەکی گشتی




ئەو بەشە باسی یەکەکانی تەکنەلۆجیا, سیستەمەکانی دامەزراندن, وەرگێڕ (ئینڤێرتەر), ڕێگاکانی پێوانەکردنی ئادای وێستگە دەکات. بیرۆکەیەکی گشتی لەسەر تەکنەلۆجیای بازرگانی ئێستا پێشکەش دەکات وبەکاردێت لە چوارچێوەی پرۆژەکانی هەتاوی کارۆ ڕووناکیPV.

ئامانجی بریتیە لە دروستکردنی چوارچێوەیەکی لەیەك تێگەیشتن بۆ بەلێندەران و وەبەرهێنەران پێش پابەندبوونیان بە تەکنەلۆجیای دیاریکراو .

خانەی هەتاوی کارۆ ڕووناکی `PVبە شێوەیەکی گشتی پۆلێن دەکرێنبۆ شێوەی بلوری یان بۆ شێوە توێژال تەنك. خانەی بلوری سلیکۆنی (c-Si) یەکەی توانا بەرز دابین دەکات. ئەوانیش دابەش دەبن بۆ سیلیکۆنی یەك بلوری (یەك -c-Si ) یان سیلیکۆنی فرە بلوری (فرە -c-Si ). سیلیکۆنی یەك بلوری (یەك -c-Si ) بە 'گشتی زۆر چالاکە, بەلام زۆر گرانترە لە سیلیکۆنی فرە بلوری (فرە - c-Si). خانەکانی شێوە توێژال تەنك جێگرەوەی هەرزانتردەستەبەردەکاتبەلام توانای کەمترە.

خانەکانی شێوە توێژال تەنك سێ جۆری سەرەکی هەیە: کادمیۆم تیلوراید (CdTe) (ئاوێتەیەکە پێکدێت لە تیلوریوم و مەعدەن), مس ئیندیوم)(توخمێکی کانزایی دەگمەنە) (گالیوم) دی- سەلیندە و سیلیکۆنی نادیار (a-Si).

کارکردنی یەکەی کارۆ ڕووناکی لەگەڵ تێپەڕبوونی کات کەمدەبێت بەهۆی کرداری ناسراو بە پلە دابەزین. ڕێژەی پلە دابەزین پشت دەبەستێ بە بارودۆخی ژینگەیی و تەکنەلۆجیای تایبەت بە یەکە. یەکەکان دەبەسترێن چ لەسەر چوارچێوەی گۆشەی جێگیر بێت یان لەسەر چوارچێوەی ڕێچکەی ڕۆژ بێت. چوارچێوە جێگیرەکان ئاسانترن بۆ دامەزراندن و هەرزانترن وە کەمترپاراستنیدەوێ. هەرچەندە, سیستەمەکانی ڕێچکەی هەتاو ووزە زیاتر بەرهەم دەهێنێت هەتا ٤٥ ٪لە سەدا. ڕێچکەی هەتاو, بەتایبەتی بۆ ئەو ناوچانەیە کە ڕێژەی تیشکی ڕاستەوخۆ/ پەرت و بلاوی زۆرە, وە هەروەها دەتوانن ووزەکی ساف بەرهەم بهێنن.

ئامێری وەرگێڕ (ئینڤێرتەر) تەزووی ڕاستەوخۆی (DC) کارەبای بەرهەمهاتوو بە ڕێگای یەکەکانی کارۆ ڕووناکی دەگۆڕێت بۆ کارەبای تەزووی نۆرەکی (AC), بە شێوەیەکی نموونەیی گونجاوە لەگەڵ داواکاری تۆڕی ناوخۆیی. دەکرێ ڕێك بخرێت بە تەڵی کارەبا (String invertor) یان بە ڕێکخستنە ناوەندیەکان (central configurations). ئینڤێرتەریڕێکخستنی ناوەندی وا دادەنرێت کە زۆر شیاو بیت بۆ وێستگەکانی فرە مێگاواتیMW .

ئینڤێرتەری تەڵی کارەباڕێگادەدات بەیەك تەڵشوێنکەوتنی زۆرترین خاڵی ووزە بکات وە پێویستی کەمتر بە شارەزایی چاککردنەوە هەیە. ڕێکخستنەکانی تەڵ دیزاینی زۆر نەرم پێشکەش دەکات.

هەموو یەکەکانی کارۆ ڕووناکی و ئینڤێرتەرەکان پێویستیان بە گەرەنتی هەیە, بە تایبەتی لە لایەن کۆمسیۆنی تەکنیکی کارەبایی نێودەوڵەتی (IEC). پێوانە نوێیەکان ئێستاکە لە ژێر گەشەپێدانن بۆ هەڵسەنگاندنی پێکهاتەکان و کەرەستەکانی یەکەی کارۆ ڕووناکی.

ڕێژەی ئەنجامدانی دیزاینی تەواوی وێستگەی ووزەی کارۆ ڕووناکی بە شێوەیەکی نموونەییدەبێت لە نێوان ناوچەی ٧٧٪ لە سەدا بۆ ٨٦ ٪ لە سەد بێت (لەگەڵ تێکڕای ڕێژەی ئەنجامدانی سالانە ٨٢ ٪ لە سەد), ژیانی وێستگەکە کەمدەکاتەوە. بە گشتی, جۆری باشی یەکەکانی کارۆ ڕووناکی مەزەندە دەکرێت بۆ ماوەی ٢٥ تاکو ٣٠ ساڵ بەکاربهێنرێت.

**توێژینەوەکانی پێشوو یان پەیوەستکراو:**

دامەزراندنی کرداری کارۆ ڕووناکی بە سەرکەوتوویی پەسندکراوە لەسەرتاسەری جیهان وە لە سلێمانی, بۆ ماوەی نزیکەی ٥ ساڵ دەبێت وێستگەی بەرهەمهێنانی ووزەی کارۆ ڕووناکی بە توانای ١٠ مێگاوات دامەزراوە لە موفریك وە جێگیرکراوە و ئەنجامی باشی داوە کە دەتوانرێ وەك نموونە وەربگیرێت بۆ بابەتە فێربووەکان بۆ زانینی خاڵی لاواز و باشترکردنی دیزاینی نوێ.

**بەکارهێنانی پرۆژەی کاتی ژیان یان ماوەی بەکارهێنان.**

بە شێوەیەکی گشتی سیستەمەکانی کارۆ ڕووناکی دیزاین کراون بۆ ٢٥ تاکو ٣٠ ساڵ کارکردن.

**توێژینەوە ئەندازەییەکان**

کردارەکەپێنج قۆناغی ئامادەکردن و جێبەجێ کردن لەخۆ دەگرێت, لە هەموو قۆناغەکان ئەنجامدانی سەرکەوتووانەی دروست پێشبینیکراوە.

**جێبەجێ کردنی پلان یان پلانی بونیاتنانی پێویست بۆ جێبەجێ کردن و بەردەستبوونیان**

**بیرۆکەیەکی گشتی لەسەر گەشەپێدانی پرۆژە- بۆ زانیاری وورد بگەرێوە بۆ هاوپێچ**

١- پەرەسەندنی بیرۆکە و دیاریکردنی شوێن.
٢- تۆژینەوەی لایەنی پێش شیان.
٣- تۆژینەوەی شیان (دراسە الجدوی).
٤- ڕێگاپێدان, گرێبەستەکان و پارە پێدان .
٥- ئەندازیاری, دابینکردن, بونیاتنان و بازرگانی.

**بەردەست بوونی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی یان ڕێکارەکانی کەمکردنەوە بۆ پاراستنی ژینگە ئەگەر هەبێت**

پێشتر لە قۆناغەکانی ئامادەکردنی پرۆژە لەخۆی گرتووە.

**پوختەیەکی پەیوەست بە کردارەکانی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە**

پەیوەست بە کرداری بەرزکردنەوەی هۆشیاری

**مەبەستی جەماوەر**

- کۆمەڵگای شارستانی
- کارپێکەری گشتی و تایبەتی.
- پسپۆرانی کەرتی ووزە.

**پەیامی سەرەکی**

- کۆمەڵگای سەوز لەگەڵ  ووزەی نوێوەبووی باوەرپێکراو و بەرهەمهێنانی سەوزی کارەبا.

This project is funded by the European Union

Covenant of Mayors for Climate & Energy

**ئامانجەکان:**

- کەمکردنەوەی پسووڵەی ووزەی شار.
- سنوردارکردنی کاریگەری دەردانی گازی گەرمی وەستاو (Greenhouse gas).
- بەرەو پێشبردنی بەکارهێنانی ووزەی نوێوەبوو لە باڵەخانە کان.

**بەرزکردنەوەی هۆشیاری پەیوەست بە کۆمەڵگا.**

- ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگا بۆ بەرەوپێشبردنی کرداری گشتی و بەرەو پێشبردنی بەکارهێنانی ووزەی لە شاردا.
- دروستکردنی هۆشیاری بە پۆستەرات بۆ ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان لەسەر کاری پارێزگا. کردارەکە ئەنجام دەدرێت بە هەڵمەتێکی بەرچاوی بەهێز لە گشتی و ڕاگەیاندنی ناوخۆیی.
- هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە لەسەر بوون بە هاوڵاتیژینگەیی: ڕوونکردنەوەی لایەنی کاریگەری دەردانی گازیگەرمی وەستاو (Greenhouse gas) و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای ووزەی (کارەبا لە سەرچاوە سروشتیەکان) لە ڕێگەی پەیام بگوازرێتەوە لە تەلەفزیۆن، رادیۆ و نووسینی ڕۆژنامەگەری.
- دروستکردنی بنکەیەکی زانیار بۆ ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان دەربارەی تەکنەلۆجیای نوێ.
- مەشق پێکردنی قوتابیان (قوتابخانەی سەرەتایی و دواناوەندی) لەسەر بەکارهێنانی ووزە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست.

**مەزەندەکان ومەترسیەکان:**

بە گوێرەی ڕاپۆرتی دامەزراوەیپارەپێدانینێودەوڵەتی (IFC) ٢٠١٥ (( مەترسی سەرەکی پەیوەست لەگەڵ پرۆژەکانی کارۆرۆکانی PV):

- مەترسی کۆتایی کاری تێدەکات لە لایەن ڕێگاپێدان/ مۆڵەت پێدان و دواخستنی بونیاتنان.
- بەرهەمی ووزە: ئەو دامەزراوەیە چەند ووزە بەرهەم دەهێنێ پشت دەبەستێ بە سەرچاوەی ووزە و دیزاینی وێستگەی کارۆ ڕووناکی. پێشبینی کردنی نادروست لە سەرچاوەکانی ووزە، گۆڕانی پێشبینی نەکراو لە ڕێکخستنی ئاوو هەوا و ئەنجامدانی پلەدابەزاندن لە وێستگەی کارۆ ڕووناکی بە شێوەیەکی زۆر گەورە کاریگەری دەبێت لە سەر بەرهەمی پرۆژە.
- ڕێکخستەکانی ژینگە: گۆڕانی کاردەکاتە سەر بڕی ووزە، بەلێندەر پابەندە بە کرین وە ئەو نرخەی پێ ی دەدەن بە ڕوونی کاردەکاتە سەر پرۆژە، بە تایبەتی کاتێ پێش دەرچوونی یاسا جێبەجێ دەکرێ.
- بەهای سەرمایەی بەلێندەر: وا دادەنرێت چاودێری پێویستی بەلێندەر بۆ کرداری کرین هەنگاوێکی گرنگە پێش کۆتایی هێنانی پارەپێدان.
- ڕێکخستنی پارەدانی گونجاو پشت دەبەستێ لەسەر وردەکاری هەر پرۆژەیەکی کارۆ ڕووناکی، لەوانیش ئارەزووی مەترسی وەبەرهێنەر. باوترین ڕێکخستنە بۆ ئەو جۆرە پرۆژانە بە گشتی بۆ بەکارهێنانی ڕێکخستنی جۆری پارەدانانی پرۆژە، بە تایبەتی لەگەڵ بە لایەنی کەم ٣٠٪ وەك پشك و ئەوەی ماوە وەك قەرز.

**هۆکارە سەرەکیەکانی سەرکەوتن**

**هەنگاوەکانی داهاتوو**

**پاشکۆکان**

قۆناغی ١ - پەرەسەندنی بیرۆکە و دیاریکردنی شوێن.

قۆناغی ٢- تۆژینەوەی لایەنی پێش شیان.

قۆناغی ٣-تۆژینەوەی شیان (دراسە الجدوی).

قۆناغی ٤ - ڕێگاپێدان، گرێبەستەکان و پارە پێدان .

قۆناغی ٥- ئەندازیاری، دابینکردن، بونیاتنان و بازرگانی

## پاشکۆی کاری لەپێشینە-١

| بەکارهێنانی ووزەی پێشبینیکراو لە ٢٠٣٠ | | تێچووی جێبەجێ کردن | | سەرچاوەکانی پارەپێدانی بەردەست و چاوەڕوانکراو | |
|---|---|---|---|---|---|
| کەمکردنەوە | | گشت تێچووەکان | $20,760,000 | سەرچاوەکانی دەسەڵاتی ناوخۆیی | ٢٠ ٪ |
| MWh/a | t $CO_2$/a | خەرجیە سەرەتاییەکان و دەستپێکردن | $2,660,000 | سندوق و بەرنامەی نیشتمانی | ٢٠ ٪ |
| 18250 | 14965 | نرخی کرداریی بە نزیکی (چاککردنەوە دەگرێتەوە) | $266,000 | دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتیەکان | ١٠ ٪ |
| کەمکردنەوەی ئەژمار کراو بۆ هەر کەسێك | | داهاتی سالانە بە نزیکی بۆ پرۆژەی بەرهەمهێنانی ووزە | بۆ هەر یەکێك کیلۆوات لە کاتژمێرێکدا خەرجی بریتیە لە ١٨٠ دیناری عێراقی یەکسان بە ٠.١٥ دۆلار بۆیە, داهات ٢,٧٣٧,٥٠٠/ a $ | سندوقی ئەوروپی و بەرنامەکانیان و پارە دابینکەری دەرەکی تر | ٣٠ ٪ |
| ڕەچاو کردنی مێگاوات لە کاتژمێرێکدا MWh/c | ڕەچاوکردنی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە تۆن $TCO_2$ / | ڕەشنوسی ئەژمارکردنی تەواوی نرخی ئێستا.NPV | کەمکردنەوە ی پەیوەست بە سینارۆی کار هەروەك هەموو کات BAU | بڕی/ پشکی هاوبەش لە نێوان کەرتی تایبەت و گشتی (بەردەست یان بۆ زیادکردن) | ٢٠ ٪ |
| 0.009 | 0.0073 | نیشاندەری کرداری سەرەکی | توانای وەبەرهێنان | هاوتای وەبەرهێنانی تایبەت | |
| هاوبەشی دەکات بۆ | کەمکردنەوە پەیوەستە بە سینارۆی کار هەروەك هەموو کات BAU | یەکەکانی پێوانە | کیلۆوات لە کاتژمێرێکدا KWh/a | قەرزەکان و قەرداره بەتواناکان | |
| | 0.0015% | ساڵی جێبەجێ کردن | | پاشەکەوت کردنی تێچووی ساڵانەی پێشبینیکراو بۆ بوودجەی شار | |

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | هی تر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|

| دامەزراوە و کردارەکانیان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بواری دەستێوەردان | یەکەکانی کارۆهەتاوی | بەشداریکردنی خاوەن بەرژەوەندان | دەسەڵاتی ناوخۆیی LA | بەرز |
| ئامرازی پلانی کار | بەرپرسیاریەکانی دابینکەری ووزە | | دەرەکی | بەرز |
| بنچینەی کار | NA | | هی تر | بەرز |

| توانایی فەرمانبەر | نزم | ناوەند | بەرز | پێویستیەکانی یاریدەدەری تەکنیکی |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

## قۆناغی ١ –گەشەپێدانی بیرۆکە و دەستنیشان کردنی شوێن

قۆناغی گەشەپێدانی بیرۆکە, دیاریکردنی دەرفەتی وەبەرهێنان لە شوێنێکی دیاریکراو لەگەڵ دارشتنی ستراتیژی بۆ گەشەپێدانی پڕۆژە لەخۆدەگرێت.

ئەمانەش پێویستیان بە هەڵسەنگاندنی وورد هەیە بە ڕەچاوکردنی مەترسی – ئارەزووی پاداشت بۆ بەلێندەرانی پڕۆژە (پارێزگا) و وەبەرهێنەرانیووزە.

١. دیاریکردنی شوێن.
٢. پڕۆژەی هەتاوی کارۆ ڕووناکی.
٣. پوختەی پێکهاتەی پڕۆژە.
٤. چوارچێوەی کاری ڕێکخراوەیی‌و میکانیزمەکانی پشگیری.
٥. چاودێری پێویستی بەلێندەر.
٦. ستراتیژی پارەپێدان.

**لیستی پشکنینی قۆناغی بیرۆکە**

ئەو لیستەی خوارەوە پرسیار و هۆکارە سەرەکیەکان دەگرێتەوە کە بەلێندەران پێویستە رەچاوی بکەن کاتێ بریاردەدەن بۆ پێشکەوتنیان بۆ قۆناغی داهاتوودا,بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی پێش شیان.

- پوختەکراوی پێکهاتەی پرۆژە.
- ئایا ولات و کەرتی ووزە سوودی تایبەت دابین دەکەن بۆ پاداشت کردنی مەترسی بە وەبەرهێنەرانی کەرتی تایبەت؟
- پشگیری رێکخراوەیی و باجی گومرگ, بە تایبەتی ماوە و خشتەی کات بۆ هەر هاندەرێکی ووزەی هەتاوی.
- دیاریکردنی شوێنی گونجاو بە رەچاوکردنی شوێنی سنوردارکراو.
- گەیشتنی تۆر (نزیکی, توانایی و پلانی باسلێکراو بۆ گەیشتن).
- سامانی گونجاوی بەردەست بۆ جێبەجێ کردنی هەڵسەنگاندنی شیان.
- دیاریکردنی بەلێندەر و ژێرخانی بەردەست بۆ بەرهەمهێنانی ووزە.

## قۆناغی ٢: توێژینەوەی پێش شیان

گەشەپێدانی داواکاری نەخشەسازی سەرەتایی بۆ وێستگە و وەبەرهێنان,رێگە بە هەڵسەنگاندنی زیاتر دەدات بۆ جێبەجێکردنی کرداری بۆ پرۆژە. ئەو هەڵسەنگاندنە ووردەکاری زیاتر لە قۆناغی پێشوو لەخۆ دەگرێت وە دیاریدەکات کە ئایا زیاتر بەردەوام بێت لەگەڵ پرۆژە وە داواکاری سەرچاوە دارایی زیاتر.توێژینەوەی پێش شیان بوون پێویستە بە لایەنی کەم ئەو هەڵسەنگاندنە لەخۆ بگرێت:

- شوێنی پرۆژە و سنووری ناوچە, دڵنیایی گەیشتن بۆ شوێنەکە مسۆگەر دەکات, لە هەردوولایەنی یاسایی و تەکنیکی.
- نەخشەسازی بیرۆکەی پرۆژە هەڵبژاردەی جیاواز دەدات بە تەکنەلۆجیا (ئەگەر هەبێت) و کاریگەری دارایی, بریتی دەبێت لە مەزەندەی توانایی دامەزراو.
- تێچوو بە نزیکی بۆ زەوی, ئامێر, گەشەپێدان, بونیاتنان و کارپێکردنی پرۆژە, سەرەڕای داهاتی پێشبینیکراو.
- ووزەی خەملێندراوی داهاتی پرۆژە, لە کاتێکدا شیکردنەوەی دەستنیشانکردنی شوێن دەبێت لە قۆناغەکانی داهاتوو جێبەجێ بکرێت, بۆ مەبەستەکانی پێش شیان. بلاوکردنەوەی سەرچاوەی داتای هەتاوی ئاست بەرز و مەزەندەکردنی زیانەکانی وێستگە, یان دەتوانێ

**لیستی پێش شیان**

لە خوارەوە بریتی یە لە لیستی سەرنجدانە سەرەکیەکانی بەلێندەر لە قۆناغی پێش شیان:

هەڵسەنگاندنی شوێنەکە و سنوری ناوچەکان وەك رێگەپێدانی گەیشتن و سنوردارەکان.

- تەواوکردنی دیزاینی بیرۆکەیی کە بریتی یە لە تێرامانی بژاردەی تەکنەلۆجیاو و کاریگەرییە داراییەکانیان.
- دیاریکردنی خەرجی نزیکیی بۆ زەویەکان, ئامێرەکان, گەیاندن, دروست کردن و کارپێکردن لەگەل داهاتی پێشبینی کراو.
- تەواوکردنی بەرهەمی ووزەی هێمایی.
- دیاریکردنی باجی گومرگ پێشبینیکراو بۆ چەسپاندن, وە پێداچوونەوە بە بەند و/ مەرجەپێشبینیکراوەکانی گرێبەستی کرینی ووزە (PPA) لە بازاڕی پەیوەندیدار.
- کۆتایی پێهێنان بە شیکاری دارایی ئاست بەرز.
- تێچوو و ئەگەری بەدەستهێنانی پەیوەندی تۆڕ لە کاتی پێویستی دیاریکراو.
- سنورداری ژینگەیی سەرەکی دیاریکراو لەگەل "بەلێندەر" ی موحتەمەل تر .
- کۆتایی پێهێنان بە هەڵسەنگاندنی ژینگەیی رێکخراوەیی ئێستا و داهاتووی موحتەمەل.
- چەمکی سەرەتایی بۆ پێکهاتەی یاسایی/ رێکخراوەیی پرۆژە.
- دۆزینەوەی چارەسەر بۆ بەرەنگارییەکانی پرۆژە.
- رێگاپێدانی پێداویستیەکان/ تێچووە دیاریکراوەکان.
- ئەجیندای پرۆژەی سەرەتایی / ئەرك بەجێهێنان دیزاینی رەشنوسراوی چالاکیە سەرەکیەکان نیشاندەدا.

- ڕێژەی جێبەجێ کردنی مەزەندەکراو بەکاربهێنی (لەسەر بنەمای بەهای خاوەن ناوی بینراو لە پرۆژەکانی ئێستا)، پێویستە مەزەندەکانی بەرهەمی وەرزی لەبەرچاو بگیرێت.
- باجی گومرگی کارەبای پێشبینیکراوپێویستە بەدەستبهێنرێت لەسەر بنەمای شیکاری بازاڕ لە بازاڕی سەربەخۆ، وە بلاوکردنی گونجاو لە بازاڕ لەگەڵ هاندانە دیاریکراوەکان بۆ نوێوەبووەکان یان بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی پەیوەندیداری گومرگ لە بازاڕدا.
- نموونەی دارایی بۆ دیاریکردنی کرداری بازرگانی پرۆژە بۆ مەبەستی وەبەرهێنانی زیاتر.
- تێچووی پەیوەندی تۆر وئەگەری بەدەستهێنانی گەیاندن لە ناو پلانی کاتی داواکراو.
- لەبەرچاوگرتنی لایەنی کۆمەلایەتی و ژینگەیی سەرەکی و لایەنی شاراوەی تر (کشانەوە لە مامەڵە).
- ڕێگادان بە پێداویستیەکان، تێچووەکان و ئەگەرەکانی بەدەستهێنانی رەزامەندی. هەڵسەنگاندنی ژینگەی ڕێکخراوەیی ئێستا، وە هەڵسەنگاندنی سەقامگیری و مەترسی ئەگەری ڕوودانی گۆڕانکاری لە داهاتوودا (بۆ نموونە، ئەگەری گۆڕانکاری لە کاتی هەڵبژاردنی نیشتمانی / هەرێمی لە داهاتوودا).
- بیرۆکەی سەرەتایی لە پێکهاتەی یاسایی/ دامەزراوەیی پرۆژە، پێویستە دابرێژرێت بۆ سوودوەرگرتن لە هاندەری ئێستا/ داهاتوو. لە قۆناغی پێش شیان، بەلێندەر هەڵدەستێ بە دانانی مەزەندەکان دەربارەی کۆمپانیای پرۆژە، ئەگەر پرۆژەکە سەرکەوتوو بوو و بەرەو پێش ڕۆیشت، ئامادەی دەکات بۆ گەشەپێدان و بوون بە خاوەنی پرۆژە یان هەگبەی دیاری کراو.
- دۆزینەوەی چارەسەر بۆ بەرەنگاریە دیاریکراوەکان، لە ئەگەری دەرکەوتنی کێشە لەپرۆژەکە، دەستدەکرێت بە دیاریکردنی چارەسەری گونجاو. بۆ نموونە، ئەگەر بەلێندەری دابینکەری ووزە ئەو ووزەیەی پێشکەش دەکرد ڕێژەی متمانەی بەهێزی نەبوو، بەلێندەرلەوانەیە بیەوێت لە دۆزینەوەی ئەگەری بوونی متمانەی سەربەخۆ وە/ یان پشتگیری بکرێت لە لایەن برێکاری متمانەی ناردەنی یان دامەزراوەی فرەلایەن- بۆ نموونە، مسۆگەرکردنی مەترسی نیمچەیی لە بانکی جیهانی.
- خشتەی کاتی سەرەتایی بۆ چالاکیەکانی پرۆژە، لە کاتێکدا کە هاتوچۆی کاری دیاریکراو لەمەولا بە شێوەیەکی بەرچاو دەگۆڕێت، گرنگە لە سەرەتای قۆناغی زوو تێبگەی لە کرداری ڕێکخستن و کاتدانانەوەی چالاکیی بنچینەیی داواکراو.

### قۆناغی ٣: توێژینەوەی شیان

قۆناغی شیان پشت دەبەستێ لەسەر کاری جێبەجێکراو لە قۆناغی پێش شیان لە ڕێگای دووبارەکردنەوەی هەڵسەنگاندنی ووردەکاری زیاتر بە بەکارهێنانی داتای تایبەت بە شوێن، وەك پێوەرەکانی سەرچاوەی هەتاوی، وە پێویستە هەر سنوورداریەکی دیاری کراوی پێشتر بە ووردەکاری زیاتر لەبەرچاو بگیرێت.

ئەگەر فرە شوێنەکان هەڵسەنگێندران، پاشان دەبێت باشترین شوێن دەستیشان بکات. ئامانج لە توێژینەوەی شیان بریتیە لە دابین کردنی زانیاری زۆر ووردتر لە نەخشەسازی ئەگەری بۆ پرۆژە و داواکاری وەبەرهێنان، وە پلاندانان بۆ پارە پێدانو جێبەجێ کردن. ئەگەر ئەنجامەکانی توێژینەوەیان پێ باش بوو، پارێزگا دەبێت ئامادەبێت بۆ وەبەرهێنانی زیاتر بۆ پێشخستنی پرۆژە بۆ قۆناغی پارە پێدان.

**لیستی شیان**

**لە خوارەوە بریتی یە لە لیستی سەرنجدانە سەرەکیەکانی بەلێندەر کە پێویستە رەچاوی بکات لە قۆناغی شیان:**

**ووردەکاری پلانی شوێن (سایت پلان) ی پێکهاتوو.**

**هەڵسەنگاندنی سەرچاوەی هەتاو کە هەڵسەنگاندنی سێبەر لەخۆدەگرێت.**

- تایبەتمەندیی ژینگەیی کە کاردەکاتە سەر کارکردنی دیاریکراو.
- ئەنجامدانی ووردەکاری پێداچوونەوەی ژینگەیی وە تێرامانی کۆمەلایەتی.
- ئەنجامدانی ووردەکاری پێداچوونەوەی ڕێگاپێدان و مۆڵەتی داواکراو.
- هەڵسەنگاندنی خەرجی سەرمایە بۆ تەکنەلۆجیا و بژاردەکانی دابینکەر، تێچوو/ سوود بۆ بژاردنەکان وە شوێنی پرۆژەی تەواوکراو.
- ئەنجامدانی گفتوگۆکانی پێش داواکردن لەگەل دەسەڵاتی پەسندکردنی پەیوەندیدار.
- کۆتایی پێهێنان بە راوێژکاری سەرەتایی لەگەل پشکدارە سەرەکیەکانی کۆمەلگا.
- کۆتایی پێهێنان بە هەڵسەنگاندنی پەیوەندی تۆڕ.
- دامەزراندنی بەرهەمی ووزەی پێشبینیکراو.
- ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی زیاتر بۆ باجی گومرگی کارەبای پێشبینیکراو.
- شیکاری دارایی جێبەجێ کراو. دارایی سەرەتایی پلان بۆ دانراو.
- دانانی پلانی جێبەجێ کردنی پرۆژە.
- دەستەبەرکردنی گرێبەستی بژاردەکان بۆ گەیشتن بە زەوی (لە کاتی پێویستدا) .
- هەڵسەنگاندن و چەمکی پێکهاتەی بازرگانی پرۆژە وە کۆمپانیاکانی جێبەجێ کردنی پرۆژە.

### ١. سیستمی دیزاینی تەکنیکی

دیزاینی سیستمی پلان, بە شێوەیەکی بنچینەیی, بۆ گەشەپێدانی بیرۆکەی پرۆژەیە, کە پێکدێت لە نەخشەسازی, دیاریکردنی ئامراز و تێچووەکان, هتد, نەخشەسازی سیستەم بە زۆری پێویستی بە بەدەستهێنانی مۆڵەت / رازی بوونە.

بۆ دیاریکردنی دیزاینی بیرۆکەی سەرەتایی, کارێکی بەسوودەکە هەڵسەنگاندن بکەی بۆرێکخستنەجۆراوجۆرەکانی دیزاینو قەبارەی یەکەکان, بۆ ئەوەی دیزاینەکە وا هەلبژێردرێت کە نموونەیی بێت بۆ شوێنەکە.

- هەڵسەنگاندنی سێبەرکردن و پلانی سەرەتایی بۆ وێستگەی خانەی هەتاوی کارۆ ڕووناکی, توانای باشترکردن دەبەخشێ بە ڕەچاوکردنی:
  - گۆشەکانی سێبەرکردن.
  - پێویستیەکانی کارپێکردن و چاککردنەوە.
  - ستراتیژی خاوێنکردنەوەی یەکە.
  - لاریگۆشە, ئاڕاستە و ڕێچکە.
  - پلەی گەرمی و پرۆفایلی بای شوێنەکە.
  - کارکردنی کیبڵ و کەمکردنەوەی زیانی کارەبا.
  - دانانی پلانی وورد بۆ شوێنەکە,کە بریتین لەڕووپێوی شوێن, هێلە تۆپۆگرافیەکان, وێنەگرتنی ڕێگاکانی گەیشتن وە پێداویستی تری کاری شارستانی.
  - ئەژمارکردنی سەرچاوە هەتاوییەکان و تایبەتمەندییەکانی ژینگەیی, بە تایبەتی ئەوانەی کاردەکەنە سەر جێبەجێ کردنی داواکارییە تەکنییکیەکان (پلەی گەرمی و خێرایی باو و مەترسی جیۆلۆجی). لەگەڵ ئەوەی تەواوی داتای سەتەلایت لە زیادبوون دایە, وە لە زۆربەی کاتەکاندا پەسندکراوە, بە زۆری داواکراوە بۆ جێبەجێ کردنی ڕووپێوی تایبەتی تیشکەکان لە کاتی زوو لە کرداری پلاندانانی پرۆژە, وا دادەنرێت قۆناغی توێژینەوەی کرداری کاتی گونجاوە بۆ هێنانی ئەو جۆرە داتایە بۆ ناو کرداری پلاندانان. تێبینی بکە بەزۆری ئاستی تیشکدانەوە لە وەرزەکاندا جیاوازە, وە ئەمەش پێویستە ئەژماربکرێت لە یەکەی پارەپێدان.
  - دیزاینی کیبڵی کارەبایی و هێلکاری هێڵی تاک.
  - ئامرازی چاودێریکردن و بە یەکەوە بەستن کارەبایی.
  - دیزاینی پەیوەندی تۆڕ, ئەوانیش بریتین لە ترانسفۆرمەر و پێوان.. هتد.
  - شیکردنەوەی بەرهەمی تەواوی ووزە بە بەکارهێنانی داتای هەتاوی شاشەیی و پلاندانی نموونەیی.
  - هەڵسەنگاندنی هەموو بژاردەکانی تەکنەلۆجیا و شیکردنەوەی تێچوو/ سوود بۆ دابینکەرە ئەگەرەکان دەدرێتە ناوچەی پرۆژە, بریتین لە:

- هەلبژاردنی یەکە. ئەوە هەڵبژاردەی نموونەییە لەسەر بنەمای بەرهەمی قۆناغی شیان, بەدەستهێنانی ئێستا ودانانی نرخ لە بازاڕ. تێبینی بکە ئەو وڵاتانەی کە هێشتا پیشەسازی ووزەی هەتاوی لێیە لە سەرەتادان, لەوانەیە تووشی زەحمەتی ببنەوە کاتێیەکەی ووزەی هەتاوی لەگەڵ پێکهاتەی تری سەرەکی بۆ ژێرخانی وێستگە لە دەرەوە دەهێنرێتەوولات.نموونەکان بریتین لە دواخستن لە باجی گومرگ و دانوستانی زەحمەت لەسەر مەرجەکانی فرۆشتن لەگەڵ کۆمپانیا پیشەسازیەکان بەهۆی نەبوونی نوێنەری فرۆشیار یان دابەشکەری فرۆشتنی ناوخۆیی.
- هەلبژاردنی ئینڤێرتەر (وەرگێڕ). کۆمپانیا پیشەسازیەکان بە تایبەتی لە ئەوروپا و باکووری ئەمریکا دامەزراون, لەگەڵ ئەوەی کۆمپانیای تر لە صین و یابان بەدیارکەوتن. کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە, هێنانی کەلوپەل دەبێتە هۆی دواخستنی خشتەی کاری پرۆژە.
- جێگیرکردنی چوارچێوە یان هەڵبژاردنی سیستمی ڕێچکە, بە ڕەچاوکردنی مەرجەکانی شوێنی دیاریکراو.

١. داواكاری ڕێگاپێدان و تەندروستی وسەلامەتی ژینگەیی (EHS) ووردەكاری پێداچوونەوە و لیستەی گشت ڕێگاپێدان و مۆڵەتە پێویستیەكان بۆ بونیاتنان و كارپێكردنی وێستگەی ووزە. نموونە لەسەر ئەمانە بریتیە لە ڕێگاپێدانی ژینگەیی, ڕێگاپێدانی بەكارهێنانی زەوی و مۆڵەتی موەلیدەكان.

- گفتوگۆكانی پێش جێبەجێ كردن لەگەڵ دەسەڵاتی پەسندكردنی پەیوەندار دەربارەی خشتەی كار بۆ ڕێگاپێدان, بۆ تێگەیشتن لە كاریگەرییەكانی دارایی.
- پێداچوونەوەی تەواو بكرێبە ڕەچاوكردنی لایەنی كۆمەلایەتی و ژینگەیی, وەك پاراستنی سروشت یان هەندێ ناولێنانی تر كە كاردەكاتە سەر چالاكیە پەسندكراوەكانی شوێنەكانی پرۆژە, ئەوەش عادەتەن ئەنجامدەدرێ لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی نووسینی مەكتەبی, ئەگەر بكرێ ئەو كردارە دابین دەكرێت بە ئەنجامدانی ڕووپێوی سەرەتایی بۆ شوێنی پرۆژەكە.
- ڕاوێژكاری سەرەتایی لەگەڵ خاوەن بەرژەوەندە سەرەكیەكان, بریتین لە خاوەن بەرژەوەندی كۆمەڵگای ناوخۆیی, بە گوێرەی پەیوەندار.
- مەسەلەی بە یەكەوە بەستن تۆر. پێویستە هەڵسەنگاندنێكی زۆر ووردتر بكرێ بۆ ئەگەر, تێچوو وە كاتی بە یەكەوە بەستنی تۆر, سەرەڕایسنورداری و تواناكانی هێڵی گواستنەوە, هەروەهاپێكدێت لە پێشكەشكردنی داواكاری سەرەتاییبەرەوهێڵی بەیەكەوەبەستنی تۆر یان بەدەستهێنانی ((باجی گومرگی قۆناغی سوود))پەسندكراولە لایەنرێكخەر.

## ٢. سوودی دارایی پرۆژە

نیشاندانی دارایی بۆ دیاریكردنی سوودی بازرگانی و سەرنج راكێشانی بۆ پرۆژە, ئەو نیشاندانەش گشت خەرجی و داهاتەكان دەگرێتەوە. هەروەها پێویستە شیكردنەوەی هەستیار بگرێتەوە بۆ دەستكردنی بە هەڵسەنگاندنی مەترسیەكانی پرۆژە.

هەڵسەنگاندنی زیاتری باجی گومرگی كارەبای پێشبینیكراو. ئەوەش بە تایبەتی بوونی هەیە لە بازاڕەكاندا كە باجی گومرگی پێشبینیكراوە بۆ گۆران, چ بە ڕێگای:

- دیزاینی بە ئەنقەست, وەكو لە بازاڕی ووزە كە تیاید بەڵێندەری بەرهەمێنەری ووزە سەربەخۆیە لە فرۆشتنی ووزە بە كۆمەڵ یان ئالوگۆری ڕاستەوخۆ (IPP) .
- هێزی بازاڕ, وەكو بەكارهێنانی متمانەی ووزەی (RECs) یان بازاڕی تری پشتبەستوو بە ئامێر, كە دەتوانێ بەشداری بكات لە داهاتی بەلێندەر, یان
- توانایی بۆ پێداچوونەوەی باجی گومرگی دانوستان لەسەركراو, بۆ نموونە ئەگەر حكومەت بڕیار بدات بۆ پێداچوونەوە بە یاساكانی پێشوو (دەگمەنە بەس ڕوویداوە) یان بەڵێندەر داوای دووبارە دانوستانبكات.

## ٣. گەشەپێدانی پرۆژە/ لایەنە بازرگانیەكان

- پلانی جێبەجێ كردنی پرۆژە- ئاستی (١) (كەمترین) پلانی خشتەی كاتی پرۆژەی گانتGANT, پێداویستیەكانی سەرچاوە, بوودجەی گەشەپێدانی پرۆژە, بیرۆكەی دەستكەوتن (بۆ نموونە, بیرۆكەی فرە گرێبەستكردن یان ئامادەیی تەواو) وە بیرۆكەی كارپێكردن و چاككردنەوە.
- ڕێككەوتنی بژاردە بۆ ڕێگاپێدان بە بەكارهێنانی زەوی بۆ گشت زەویەكان بە تایبەتی زەوی دەست بەسەر داگیراو یان ڕێگاپێدان بە بەكارهێنانی ڕێگاكان, یان ڕێككەوتنی وازلێهێنان لەگەڵ دەسەڵاتی پەیوەندار.

- هەلسەنگاندنی پێکهاتەی بازرگانی پرۆژە. بریتی دەبێت لە هەڵسەنگاندنی کۆمپانیای پرۆژە یان کۆمپانیاکان, کە لەوانەیە بەشداری بکەن لە ئۆتۆمبیلی مەبەست تایبەت (SPV), پشت دەبەستێ بە پێکهاتەکانی کۆمپانیای ڕێگاپێدراو لەژێر یاسای ناوخۆیی. هەروەها بریتی دەبێت لە هەڵسەنگاندنی هەر پێکهاتەیەکی کۆمپانیای دایك و شوێنی دامەزراندن لەسەر بنەمای پێوەری یاسا, دارایی و باج بگونجێ لەگەڵ پرۆژە.
- پێداویستی وەبەرهێنان و پارە تەرخانکردن و بیرۆکەی وەبەرهێنان. ئەمە دەبێت بڕ و سەرچاوەی بەشداریی ڕەوا بگرێتەخۆی, پێداویستی هاوبەشی ڕەوا و مەزەندەکانی پارە تەرخانکردن لە نموونەی دارایی بگرێتەخۆی.
- پێکهاتەی پرۆژە و ستراتیژی کەمکردنەوەی مەترسی. لە زۆربەی بازاڕەکان دەردەکەوێت, بۆ ئەوەی وا لە پرۆژەکە بکرێت (توانای پارە پێدانی هەبێت) (واتە بتوانێ پارە قەرد بکات بە نرخێکی گونجاو) بە شێوەیەکی نموونەیی پێویستە بۆ باشتر بەدەستهێنانی متمانە, ئینجا چ بە شێوەی تایبەت بێت (نوسراوی متمانە, حسابیمتمانە) یان گەرەنتی حکومەت (بالاترین متمانە).
- دەستکەوتنی ئەندازیاری خاوەن پرۆژە لەگەڵ زیادبوونی ئامانج بۆ بەرەوپێش چوونی پرۆژە هەروەها مەودای تەکنیکی بۆئەندازیاری, دەستکەوتن, بونیاتنان EPC یان گرێبەستی دەستکەوتنی تەندەری تەکنیکی تر پێویستە لە لایەن ئەندازیاری خاوەن پرۆژە گەلآلە بکرێت و پێداچوونەوەی بۆ بکرێت.
- مەودای کاری ئەندازیاری خاوەن پرۆژە بۆ ئەندازیاری, دەستکەوتن, بونیاتنانEPCهەروەها لەوانەیە پشتگیری لەخۆبگرێت بۆ دستکەوتنی تەکنیکی (بۆ نموونە, پێکهاتەکانی کارگەی کارۆ ڕووناکی PV) وە پێداچوونەوەی دیزاینی تەکنیکی. هەمان کۆمپانیا زۆربەی کات بەدوای هەمان کردار دەچێت لە ڕێگای ئەندازیاری خاوەن پرۆژە لە قۆناغی بونیاتنان.
- تەندەر و بەخشینی ڕاوێژکاری خاوەن بۆ پشتگیری کردنی پێشخستنی گرێبەستەکان و دانوستاندن هەروەها پێویستیەکانی پێکهاتەی یاسایی پەیوەندار و ئامادەکردنی کۆمپانیا لە کاتی قۆناغی پێشخستن.

**قۆناغی ٤- ڕێگاپێدان, گرێبەستەکان و پارە پێدان**

پاش قۆناغی شیان و مەزەندەکردنی کە پرۆژە هێشتا دەتوانرێ جێبەجێ بکرێت لە ڕووی دارایی, پرۆژە دەگواسترێتەوە بۆ قۆناغی داهاتوو. کە دەستکەوتنی ڕێگاپێدانی کۆتایی و پاراستنی دارایی پرۆژە و چالاکیەکانی پێش جێبەجێ کردن (گرێبەستە بازرگانیەکان) دەگرێتەوە. کاتدانانەوە و ریزبەندیکردنی ئەو قۆناغە بە شێوەیەکی بەرچاو جیاواز دەبێت بە گوێرەی پرۆژە. بەلام ئەو قۆناغە عادەتەن ئەو چالاکیانەی خوارەوە دەگرێتەئەستۆ:

١. بەشداری کردنی کۆمەڵگای پەیوەندار یان خاوەن بەرژەوەندەکان.
٢. ئامادەکردن و پێشکەشکردنی داواکاری ڕێگاپێدان و مۆڵەتە پەیوەندارەکان و بەڵگەنامەی پەیوەندار بە پرۆژەی پێشنیارکراو.
٣. هەڵسەنگاندنی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی (لەسەری ڕێکەوتوون بە ڕاوێژکردن لەگەڵ دەستەی یاسایی تری ڕێگاپێدراو), کە لەوانەیە بتوانێ تەواوی هەڵسەنگاندنی ژینگەیی و کۆمەلایەتی لەخۆ بگرێت.
٤. ئامادەکردن و پێشکەشکردنی داواکاری پەیوەندیی تۆڕ.
٥. پێداچوونەوە بە دیزانین و هەر مەرجێکی ڕێگاپێدان/ رازی بوون, پێداچوونەوەی دیزاین یان رازی بوونی پێویست.
٦. پێش شیانەوەی بەلێندەر, پۆلێنکردن و دیاریکردنی دوا لیستە (شۆرت لیست).
٧. بڕیار لەسەر ڕێچکەی پارەپێدان (بۆ نموونە, سەرچاوەکان و ڕێژەی ڕەوا و قەرد, بونیاتنانی پارەپێدان دەگرێتەوە).
٨. مسۆگەرکردنی پارەپێدان بۆ پرۆژە.
٩. بڕیار لەسەر ستراتیژی گرێبەستکردن (بۆ نموونە, گرێبەستنی ئەندازیاری, دەستکەوتن, بونیاتنانEPCیان فرە گرێبەست).
١٠. ئامادەکردنی دۆکیومێنتی تەندەر و یەکەی کارۆ ڕووناکی هەتاوی, دابینکەر/ بەلێندەر دیاریکردنی گرێبەستی دانوستان.
١١. ئامادەکردنی دۆکیومێنتی بونیاتنان یان هاوسەنگی تەندەری وێستگە.

١٢. ئامادەکردنی دۆکیومێنتی گرێبەستی کرینی ووزە (PPA) و کۆتا دانوستانەکان.

١٣. ئامادەکردنی بیرۆکەی کارپێکردن و چاککردنەوە بە گوێرەی پەیوەندار.

١٤. ئامادەکردنی تەندەری ئەندازیاری خاوەن پرۆژە (ئەگەر ڕاوێژکاری تەکنیکیکاری بونیاتنانی تەواو نەکرد).

١٥. گرێبەستکردن و دەستکەوتنی دڵنیایی پەیوەندداریدار بە پرۆژە (بۆ نموونە, بونیاتنان, کارپێکردن, هتد).

١٦. ئامادەکردنی ئەندازیاری خاوەن قەرزی پرۆژە و تەندەری ئەنجوومەنی خاوەن قەرزی پرۆژە.

١٧. کۆتایی پێهێنانی گرێبەستی بەستنەوەی تۆڕ لەگەڵ کارپێکەری تۆڕ یان دەسەڵاتی پەیوەندیدار.

١٨. ئامادەکردنی نموونەی ووردەکاری دارایی پەسندکراو لە بانك و سوری ژیانی وێستگە بگرێتەوە. عادەتەن ئەو کارە تەواو دەکرێت تەنیا پاش دانوستانکردنی ئەندازیاری, دەستکەوتن, بونیاتنانEPCیان ئامرازەکان و گرێبەستەکانی وێستگەی هاوسەنگی (BOP), هەروەها گرێبەستەکانی کارپێکردن و چاککردنەوە, بە شێوەیەك نموونەی دارایی دەتوانێ تێچووی کۆتایی سەرمایە و کارپێکردن و چاککردنەوە یەکبخات.

١٩. تەواوکردنی شیکردنەوەی مەترسی پرۆژە.

٢٠. شیکردنەوەی گواستنەوە بە گوێرەی پێویست بۆ شوێنەکانی پرۆژە کە بە زەحمەت دەتوانێ پیێ ی بگەیت.

٢١. کۆتایی پێهێنان بە گشت زەویەکان, ڕووبەری ڕووکەشیبوون و گرێبەستەکانی گەیشتن- وە چالاك کردنی بژاردەکانی گرێبەستی زەوی بۆ گۆرینیان بۆ گرێبەستی بەکرێدان یان ئاسانکارییە درێژ خایەنەکان, بە گوێرەی پێویست.

٢٢. کۆتایی پێهێنان بە ووردەکاری پلانی جێبەجێ کردنی پرۆژە.

## ١. ڕێگاپێدان

پێش دەستپێکردنی پرۆژە پێویستە ڕێگاپێدانی پەسندکراو دەستەبەر بکرێت . داواکارییەکانی ڕێگاپێدان بە شێوەیەکی فراوان جیاوازە لە نێوان وولاتان و هەرێمەکان. بە شێوەیەکی گشتی, جۆری ڕێگاپێدان دەگرێتەوە, بەڵام سنوردار نیە بۆ:

١. گرێبەستی (گرێبەستەکان) بەکرێدانی زەوی.

٢. گرێبەستەکانی گەیشتن.

٣. پلان دانان/ رازی بوونی بەکارهێنانی زەوی.

٤. ڕێگاپێدانەکانی بونیاتنان/ دروستکردن.

٥. ڕێگاپێدانە ژینگەییەکان (دارستان, جۆرەکانی مەترسی لەناوچوونیان هەیە, هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی (EIA). هتد)

٦. کاریگەرییە کۆمەلایەتیەکان (بۆ نموونە, کەلەپوری کەلتووری/ ناوچە شوێنەواریەکان, ڕاوێژکردنی خاوەن بەرژەوەندان).

٧. ڕێگاپێدانی ووزە.

٨. داواکردنی پەیوەندی تۆڕ.

٩. مۆڵەتەکانی بەرهەمهێنان/ کارپێکردن.

**لیستی ڕێگاپێدان, پارە دابینکردن و گرێبەستەکان**

لە خوارەوە بریتی یە لە لیستی پێشهاتی گرنگ کە بەلێندەر پێویستە رەچاوی بکات لە قۆناغی گەشەپێدانی پرۆژە کە بەشداری دەکەن لە دەستەبەرکردنی ڕێگاپێدان, گرێبەستەکان و پارە دابینکردن:

ئامادەکردن و پێشکەشکردنی داواکاری ڕێگەپێدان و مۆڵەتی پەیوەندیدار.

- کۆتایی پێهێنان بە هەڵسەنگاندنی کۆمەلآیەتی و ژینگەیی (لە کاتی پێویست).
- ئامادەکردن و پێشکەشکردنی داواکاری پەیوەندی تۆڕ. واژووکردنی گرێبەستی پەیوەندی تۆڕ.
- کۆتایی پێهێنان بە پێداچوونەوەی مەرجەکانی ڕێگاپێدان و مۆڵەتی دیزاین.
- دیاریکردنی ڕێچکەی ستراتیژی گرێبەستکردن.
- بریاردانی پێکهاتەی دابین کردنی پارە. دەستەبەرکردنی پارە بۆ پرۆژە.
- تەواوکردنی بەشداری کردنی پشکدار و کۆمەڵگا.
- ئامادەکردنی دۆکیومێنتی تەندەری کارۆ ڕووناکی هەتاوی.
- دەست نیشان کردنی دابینکەر و ئەنجامدانی پۆلێنکردن.
- ئامادەکردنی دۆکیومێنتی گرێبەستی کرینی ووزە (PPA).
- چەمکی کارپێکردن و چاککردنەوە و ئامادەکردنی گرێبەستەکان.
- ئامادەکردنی تەندەری ئەندازیاری خاوەن پرۆژە.
- گرێبەستکردن و دەستکەوتنی بیمەی پەیوەندار.
- ئامادەکردنی تەندەری ئەندازیاری خاوەن پارەدەر و ئەنجوومەنی خاوەن پارەدەر.
- ئەنجامدانی تەندەرکردن و هەڵسەنگاندنی بەلێندەران بۆ گشت گرێبەستەکان.
- کۆتایی پێهێنان بە دانوستانی گرێبەست.
- کۆتایی پێهێنان بە بەرهەمی ووزە لەسەر ئاستی بانك.
- تەواوکردنی تەواوی نموونەی دارایی بانکی (تواناى وەرگرتنی هەبێ لە بانك).
- جێبەجێ کردنی شیکاری گواستنەوە (لە کاتی پێویست).
- کۆتایی پێهێنان بە گشت گرێبەستەکانی پەیوەستە بە زەوی و گەیشتن.
- تەواوکردنی شیکردنەوەی مەترسی پرۆژە.
- کۆتایی پێهێنان بە گرێبەستی کرینی ووزە (PPA) لەگەل بەلێندەر.
- کۆتایی پێهێنان بە ووردەکاری پلانی جێبەجێ کردنی پرۆژە.
- کۆتایی پێهێنان بە چاودێری یاسایی و تەکنیکی (لە کاتی پێویست).

## ٢. پارە پێدان

پارە پێدان بۆ پڕۆژەی کارۆ ڕووناکی ووزەی هەتاو هاوشێوەیە لە بنەما بۆ پارە پێدان بۆ پڕۆژەکانی جۆری ووزەی تر, هەروەها مەترسیە مسۆگەرەکان کە بێ هاوتان لەگەڵ پڕۆژەی کارۆ ڕووناکی ووزەی هەتاو دەبێت ئەژمار بکرێن لە پلانی پارە پێدان. مەترسیەکانی پەیوەندی هەیە بە تایبەتی لەگەڵ پڕۆژەکانی کارۆ ڕووناکی ووزەی هەتاو پەیوەندیدارن بۆ سەرچاوەی ووزە (تیشکدانەوە), دانان و ڕێگاپێدانی پڕۆژە, تەکنەلۆجی هەتاو (تا رادەیەك نوێ),ئەگەری دابەزاندنی پلەی یەکەکانی کارۆ ڕووناکی و متمانەیی کارکردنی وێستگە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن, هەروەها ئەگەری دوودڵی لە باجی گومرگی و کۆکردنەوەی داهات.

## ٣. ستراتیژی گرێبەستەکان

گرێبەستەکان لەگەڵ چەندین تێرامانی گرنگ پەرەپێدەران پێشکەش دەکەن. ئەگەری لەپێشینە بریتیە لە بونیاتنانی کۆمپانیای پڕۆژە یان ئۆتۆمبیل بۆ مەبەستی تایبەت (SPV), ئەگەر لە کاتی ئێستا دەستی پێنەکرد, دەبێت بە شێوەیەکی فەرمی ئۆتۆمبیل بۆ مەبەستی تایبەت (SPV) دابمەزرێنێت. عادەتەن بەلێندەر پڕۆژەی کۆمپانیای خۆی دادەمەزرێنێت, ئەگەر ئەنجامدانی ئەم کارە لە ڕێگای وەبەرهێنانی هاوبەش لە پشك بە پشگیری دارایی تر (لایەنی سپۆسنەر) وەك سندوقی ژێرخان.

هەموو گرێبەستەکان, گرێبەستەکانی زەوی,پارە دابینکردن و مۆڵەتەکان و ڕێگاپێدانەکانی پڕۆژەی دەستەبەرکراو دەبێت دەربچێت بە ناوی ئۆتۆمبیل بۆ مەبەستی تایبەت (SPV), پاشان گواستنەوەیان بۆ ئۆتۆمبیل بۆ مەبەستی تایبەت (SPV) زۆر ئەستەنگ دەبێت و کات بە فیڕۆدەدرێت. هەروەها, پارە پێدەران زۆربەی کات جەخت دەکەنەوە لەسەر مافەکانی گواستنەوە (بۆ نموونە, مافی سەرمایەکانی پڕۆژە و بەرپەرسیاریەتیەکان دەبێت بۆیان دیاری بکرێت لە کاتی دواکەوتن). ڕەچاوکردنی گواستنەوە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی بونیاتنان دەتوانرێ کاتێکی زۆر بگەڕێنێتەوە لە پرۆسەی گەشەپێدان.

### هەماهەنگی واژووکردنی گرێبەست

سەختە کە بەلێندەر یان سپۆنسەری پڕۆژە لە بە ووردی هەماهەنگی بکات لە پێکهاتە, مەرجەکان و ئەجینداکان (نەخشەی ئیشەکان) بۆ ئەنجامدانی بەڵگەنامەی ستراتیژی سەرەکی. بە بێ هەماهەنگی تەواو, وەکو ئەوە وایە ناکۆکی هەبێت یان دژایەتی هەبێت لە نێوان بەڵگەنامەکان, بەلێندەر دەتوانێ پابەندبوونی دارایی ساز بکات کە سنوری نەبێت.

شیکردنەوەی ڕێڕەوی رەخنەگرانە گرنگە بۆ دیاریکردنی پێکەوەبەستنەکان و چالاکیە سەرەکیەکان کە پێویستی بە چاودێریکردنی وورده بۆ ئەوەی پڕۆژە دوانەکەوێت.

پڕۆژەی ئەجینداکان (نەخشەی ئیشەکان) و واژووکردنی گرێبەستی هاوشێوە دەبێت بە هەماهەنگی بێت بۆ دوورکەوتنەوە لە شوێنیخراپترین سەوداکردن لە گەیشتنی دارایی تەواو. نموونەکانی هەماهەنگی خراپ ئەمانە دەگرێتەوە:

- واژووکردنی گرێبەستی کرینی ووزە (PPA) بە بێ زانینی داواکارییەکانی ئاژانسی یەکخستنی تۆر / یان بە بێ هەبوونی گرێبەستی بە یەکەوە بەستنی تۆڕ.
- واژووکردنی گرێبەستیئەندازیاری, دەستکەوتن, بونیاتنانEPC بە بێ راسپاردنی دارایی پێویست لە وەبەرهێنەران. ئەگەر پارە دابینکردن هەتا ئێستا لە شوێنی خۆی نەبوو, بەلێندەر پێویستە تەنیا داوای گرێبەستی ئەندازیاری, دەستکەوتن, بونیاتنانEPC بکات کە پێویست نیە هەتا دارایی تەواو نەگات.
- واژووکردنی گرێبەستی ئەندازیاری, دەستکەوتن, بونیاتنانEPC پێش بەدەستهێنانی ڕێگاپێدان و مۆڵەت.

## قۆناغی ٥- ئەندازیاری, دەستکەوتن, بونیاتنان و کرداری بازرگانی

### ٢.٦.١ ئەندازیاری و دەستکەوتن

### ٢.٦.٢ گەشەپێدانی ووردەکاری دیزاینی پرۆژەی کارۆ ڕووناکی هەتاوی.

بەڵێندەری ئەندازیاری, دەستکەوتن, بونیاتنان EPC هەڵدەستێ بە ئامادەکردنی بەڵگەنامەی تەواوی پێویست بۆ وێستگەی کارۆ ڕووناکی هەتاوی بۆ بە تەندەر کردن و بونیاتنان. ئەو بەڵگەنامانەی خوارەوە دەبێت ئامادە بکرێن:

- ووردەکاری دیزاینی نەخشە.
- ووردەکاری دیزاینی شارستانی (باڵەخانە کان, دامەزراوەکان, ئاوەرۆ, ڕێگای گەیشتن)
- ووردەکاری دیزاینی کارەبایی.
- بەرهەمی ووزەی چاککراو.
- پلانەکانی بونیاتنان.
- کاتدانانەوەی پرۆژە.
- ڕووکاری دەوروبەر.
- پلانەکانی داواکردن.

سیستەمە کارەباییە سەرەکیەکان دەبێت زۆر بە ووردی نەخشەسازی بۆ بکرێت.

ئەو سیستەمە ئامرازی پێویست بۆ پاراستن, چەسپاندن لە زەوی وەگەیاندنی تۆڕ دەگرێتەوە.

ئەو دیزاین و تایبەت مەندییانەی خوارەوە پێویستە ئامادە بکرێت:

- هێڵکاری سەر تاك هێڵەکان.
- هێڵکاری ڤۆڵتاجی مام ناوەند (MV) و ڤۆڵتاجی نزم (LV) و گۆڕینی هێڵی ئاراستەکراو.
- سیستەمەکانی پاراستن.
- دیزاین وسیستەمەکانی لە یەکتر بەستن.
- پێویستیەکانی هێزی یارمەتیدەر.
- سیستەمەکانی کۆنترۆڵ.

#### ٢.٦.١.٢ بەرهەمی ووزە

بەرهەمی ووزە پێویستە ئەمانە لەخۆ بگرێت:

- هەڵسەنگاندنی جیاوازی نێوان ساڵان و ئاستەکانی متمانەی داهات.
- ڕەچاوکردنی شوێن- هۆکاری شوێنی دیاریکراو, ئەمەش بریتی یە لە خاك یان بەفر, وە خاوێن کردنەوەی سیستەم دیاریکراوە لە گرێبەستی کارپێکردن و چاککردنەوە.
- پێداچوونەوە بە سێبەری تەواو لە بەرهەمهێنانی ووزەی کارۆ ڕووناکی ئەمیش سێبەری دوور و نزیك دەگرێتەوە.
- ووردەکاری زیانەکان و تێکدانی جێبەجێ کردن بە تێپەربوونی کات.
- پێداچوونەوە بە دیزاینی پێشنیارکراو بۆ دڵنیابوون کە پارامیتەرەکان بەشدارن لەناو دیزاینی ڕێپێدان.

### ٢.٦.١.٣ ووردەکاری بەڵگەنامەی پڕۆژە

ئەو زانیاریانە کە پێویستە لەخۆ بگرێت لە خوارەوە شیکراوەتەوە:

- نەخشەی شوێن,پیشاندانی شوێنی یەکەکان, ئینفێرتەرەکان (وەرگێڕ) و باڵەخانە کان.
- پیشاندانی پلانی ئاشکرا.
- فراوان کردنی چوارچێوە و نەخشەی یەکە.
- شوێنی ئینفێرتەرەکان (وەرگێڕ) و دامەزراوەکان/ خانووەکان.
- پێوەرەکانی دڵنیایی.
- نەخشەی کارەبایی سەرەتایی.
- هێلکاری یەکەی پەیوەندیەکان بەهۆی ئینفێرتەر (وەرگێڕ).
- هێلکاری تاك هێل رێچکەکانی کێبڵی مەزەندەکراو پیشاندەدا.
- بە یەکەوە بەستنی تۆر لەگەڵ پێداویستی شاراوەی وێستگەی دووەم.
- پسووڵەی کەڵ و پەلەکان بۆ زۆربەی ئامێرەکان.
- شیکاری بەرهەمی ووزە:
  - زیانی پێشبینکراوکەپەیوەندارە بە پێشبینی بەرهەمی ووزە.
- بەشداربووانی یەکەی دارایی لەخۆ دەگرێت:
  - تێچووەکانی کارپێکردن و پاراستنی مەودا درێژ و کتوپرەکان (هەتا کۆتایی دیزاینی ژیان وە/ یان مەرجی قەرز دانەوە).
  - پێشبینیە بەردەستەکان.
  - تێکدانی مەزەندەکانی جێبەجێ کردنی یەکە.
  - تێچووی لیستەی بەشە پاڵپشتەکان.
  - تێچووی بە یەکەوە بەستن بۆ کارەبا و خزمەتگوزاری.
  - نموونەی تێ رژانی پارەی کاش (نموۆجالتدفقاتالنقدية), پاراستنی رێژەی (٥) ی داپۆشینی خزمەتگوزاری قەرزی دیاریکراو دەگرێتەوە (DSCR) بە گوێرەی پێویست, وە یەدەکی لەناکاو تەرخان دەکات بۆ جێگرەوەی ئینفێرتەر (وەرگێڕ: ئامێرێکە کە تەزووی کارەبا دەگۆرێت), زیانی ئاووهەوا وە هەندێ خەرجی تری پێشبینی نەکراوی پەیوەست بە کارپێکردنی وێستگە.
  - کۆپی هەموو گرێبەستە گفتوگۆ لەسەرکراوەکان.
  - گرێبەستی کرینی ووزە (PPA).
  - گرێبەستی ئەندازیاری, دەستکەوتن, بونیاتنان EPC
  - گرێبەستی بەشداری کردنی دادپەروەرانە و بەلگەنامەکانی یەکخستن بۆ پرۆژەی کارۆ رووناکی هەتاوی.
  - کۆپی بیمەی جێبەجێکرا و کەمکردنەوەی مەترسی تر.
  - هەندێك بەلگەنامەی تر, وەکو گرێبەستەکانیدابینکردنی بیمە, هتد, بە گوێرەی پێویست.
  - ووردەکاری بارودۆخی پلاندانان و رێگاپێدان.
  - کاریگەری ژینگەیی, سنوردارەکان و پلانەکانی کەمکردنەوە.

## کرداری بازرگانی و بونیاتنان

کاتێ کە گرێبەستەکان بەخشران (ئینجا بە شێوەی فرە گرێبەست بێ یان تاك گرێبەستی ئەندازیاری، دەستکەوتن، بونیاتنان EPC)، رۆڵی بەلێندەر بریتی دەبێ لە سەرپەرشتیکردنی جێبەجێ کردنی پرۆژە. ئەم کارەش ئەنجام دەدرێت بەلێندەر ستافی خۆی بەکاربهێنێ، ئەگەر ئەوان شارەزایی و پسپۆریان هەبێ، یان بە بەکرێ گرتنی ئەندازیاری خاوەن پرۆژە. هەر دیزاینێکی بەلێندەر، دەستکەوتنەکان و دامەزراندنی پێکهاتەکانی وێستگەی کارۆ رووناکی لەژێر مەرجی گرێبەستدایە. ئەگەر فرە گرێبەستەکان بەخشران، هەماهەنگی خشتەی کات و رووکارەکان مەترسیدار دەبن.

ئەرکی مەترسیدار کە پێویستە بە تەنیا جێبەجێ بکرێ بۆ هەر گرێبەستێك ئەمانە دەگرێتەوە:

- ئەرکەکانی پلان دانان و بەرێوەبردن.
- بەڕێوەبردنی تێچوو.
- بەڕێوەبردنی مەترسی.
- هەماهەنگی لە نێوان گشت دامەزراوەکانی بەشدارن لە پرۆژە.

## یاداشتنامەی کاری لەپێشینە# ٥

## دروستکردنی وێستگەی ووزەی کارۆئاوی بچووك (Mini hydro) لە بەنداوی دەربەندیخان و دوکان

### کاری لەپێشینەی ٥

بەنداوی دەربەندیخان دەکەوێتە سەر ڕوباری دیالی، ڕاستەوخۆ دەکەوێتەنزیك شارۆچکەی دەربەندیخان. دەکەوێتە دووری نزیکەی ١٥٠ کم لە بەنداوی حەمرین. شوێنەکە دەکەوێتە دووری نزیکەی ٤٢ کم لەسەر ڕێگای باکووری ڕۆژهەلاتی بەغدا و دووری ٦٥ کم باشووری ڕۆژهەلاتی شاری سلێمانی. وە هەروەها دەکەوێتە دووری ١٥ کم لە سنووری ئێران بۆ باشووری ڕۆژئاوا.

مەبەست لەو بەنداوە بریتیە لە ئاودێری، کۆنترۆلکردنی لافاو، بەرهەمهێنانی ووزەی کارۆئاوی و خۆشی لێ وەرگرتن. ووزەی کارۆئاوی ئەو بەنداوە پێکدێت لە سەری ئاوی (سەری هایدرۆلیکی) ٨٠ م، تۆڕباین ٣ ×٨٣ مێگاوات، ووزەی دامەزراو بریتیە لە ٢٤٩ مێگاوات.

بەنداوی دوکان دەکەوێتە سەر ڕوباری زابی بچووك، دەکەوێتە نزیکەی ٢٢٠ کم لە بەیەك گەیشتن لەگەڵ ڕوباری دیجلە. شوێنەکە دەکەوێتە نزیك شارۆچکەی دوکان وە نزیکەی ٢٩٥ کم لە باکووری بەغدایە و ٦٥ کم باشووری ڕۆژئاوای شاری سلێمانیە لەگەڵ بوونی سەری ئاوی (سەری هایدرۆلیکی) ٩٥ م, , تۆڕباین ٥ ×٨٠ مێگاوات، ووزەی دامەزراو بریتیە لە ٤٠٠ مێگاوات.

بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان، بە توانای ٤٠٠ مێگاوات و ٢٤٩ مێگاوات یەك لە دوای یەك، بریتین لە دوو گەورەترین وێستگەی ووزە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان وە بەستراونەتەوە بە تۆڕی ووزەی نیشتمانی. هەریەکە لە وێستگەی ووزە بەشێکە لە پلانی فرە مەبەست بۆ بەرهەمهێنانی ووزە و ئاودێری لە هەر شوێنێك لە شوێنەکان.

## باسکردنی کارەکە

وزەی کارۆئاوی بچووك بریتیه له شێوەیەکی کارا و باوەرپێکراوی سەرچاوەی خاوێنی وزەی لەبەرئەوەی داوای ئاوی زۆر کەم دەکات له پێناو کارپێکردنی تۆربابن. ئاوەکە ڕاستەوخۆ کاردەکات له ڕێگای تۆربابن و دەگەڕێتەوە ناو ئاو یان هەڵدەقوڵێ بۆ بەکارهێنانی له مەبەستی تر.

یەکەکانی تۆربابن له بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان دیزاینکراون بۆ کارپێکردن له ڕێگای بەکارهێنانی ئاوی کەم, کاتێ یەکەکانی کارۆئاوی دادەخرێن (بۆ کۆنترۆڵکردنی کارەبا یان لەبەر هۆکاری تەکنیکی) نزیکه ٢٥ م٣/له چرکەیەکدا ئاو له بۆری (کەناڵ) بەتاڵ دەکرێت بۆ دابینکردنی پرۆژەی ئاو له خوارەوەی بەنداوی دوکان. له ڕێگای دامەزراندنی سێ یەکەی کارۆئاوی بچووك له خوارەوەی بەنداوی دوکان به توانای ٢.٥٥ مێگاوات بۆ هەر یەکەیەك, ١٠ م٣/له چرکەیەکدا ئاو دەتوانرێ بەتاڵ بکرێت بۆ پڕکردنەوەیبەشێك له پێویستیەکانی ئاودان.

له بەنداوی دەربەندیخان, دوو یەکەی کارۆئاوی (٠.٨٦ مێگاوات) دامەزراون بۆ هەر یەکەیەك بۆ دابینکردنی وزەی کارەبایی بۆ بەنداو وە ناوچەی نزیك بەنداو. ئەو دوو یەکانە لەکار کەوتوون بەهۆی نەبوونی پێداویستی و کەلوپەلی یەدەك بۆ چاککردنەوە.

کارەکە پوخت کراونەتەوە بەو شێوەی خوارەوە:

### له بەنداوی دوکان,

- دامەزراندنی سێ یەکەی کارۆئاوی بچووك به توانای ٢.٥٥ مێگاوات بۆ هەر یەکەیەك.
- دابینکردنی پێداویستی تەنگانەی یەدەك بۆ کارپێکردنی خانوچکەکان بۆ ماوەی ٥ ساڵ.
- مەشق و ڕاهێنان پێکردن به فەرمانبەری پێویست بۆ یەکەکانی کارپێکردن و چاککردنەوە.

### له بەنداوی دەربەندیخان,

- نۆژەنکردنەوەی ئەو دوو یەکەیەی بوونیان هەیە.
- دابینکردنی پارچەی یەدەکی پێویست بۆ کارپێکردن و چاککردنەوە.
- مەشق و ڕاهێنان پێکردن به فەرمانبەر بۆ کارپێکردنی ئەو دوو یەکەیە.

## ئامانجە گشتیەکان

له بەنداوی دوکان : بەکارهێنانی وزەی ئاو بەتاڵدەکرێتلەکاتی وێستگەی کارۆئاوی دوکان له کارکردن دەوەستێنرێت بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی سێرکی ئاوی له خوارەوەی بەنداوی دوکان, که دەتوانێ ٢٢.٩٥٠ مێگاوات له کاتژمێرێکدا ساڵانە وزەی کارەبایی بەرهەم بهێنێت.

له بەنداوی دەربەندیخان : دەتوانرێ ئەو یەکانه بەکاربخرێن له کاتی سێ یەکەکانی وزەی ئاو له وێستگەی دەربەندیخان بن. ئەو دوو یەکەیە دەتوانرێ بەتاڵ بکرێن له ئاو (٥ م٣/ له چرکەیەکدا) بۆ ژینگە و پرۆژە ئاوییەکانی ژێر بەنداو. ئەگەر ئێمە وێستگەی دەربەندیخان به تەواوی وەربگرین, به لایەنی کەم ٣٠٠٠ کاتژمێر له هەر ساڵێکدا وە (٥١٦٠ ) مێگاوات له کاتژمێریکدا دەتوانێ وزە بەرهەم بهێنێت بەو دوو یەکەیە له ساڵێکدا.

**باسکردنی تەکنیکی**

**تەکنەلۆجیای سەرەکی بۆ جێبەجێ کردن و بەکارهێنانی ئامێر.**

پڕۆژەکە پێویستە کۆمپانیایەکی پسپۆر دابمەزرێنێت لە بواری دیزاین و دامەزراندنی تۆڕباینی ووزەی ئاوی بچووك, ئەمەش تەکنەلۆجیایەکی بەناوبانگە.

**توێژینەوەکانی پەیوەندار یان پێشوو.**

توێژینەوەی پێشتر هەیە لە لایەن بانکی جیهانی.

**بەکارهێنانی پڕۆژە بە درێژایی ژیان یان ماوەی بەکارهێنان.**

مەزەندەکراوی ماوەی ژیان بریتی یە لە زیاتر لە ٢٥ ساڵ.

**توێژینەوە ئەندازەییەکان**

پڕۆژەکە پێویستی بە توێژینەوەی ئەندازیاری هەیە.

**بەردەست بوونی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی یان ڕێکارەکانی کەمکردنەوە بۆ پاراستنی ژینگە ئەگەر هەبێت**

پڕۆژەکە ووزەی بەکاردەهێنێ کە کاریگەری کەمتری دەبێت لەسەر ژینگە.

**پوختەیەکی پەیوەست بە کردارەکانی بەرزکردنەوەی هۆشیاری.**

**پەیوەست بە کرداری بەرزکردنەوەی هۆشیاری**

مەبەستی جەماوەر: ستافی کارگێڕی  دەسەڵاتی نیشتمانی و دەسەڵاتی ناوخۆیی

پەیامی سەرەکی: پاراستنی سامانی ئاو واتە سەلامەتی ژیان.

ئامانجەکان: بۆ دڵنیابوون لە بەکارهێنانی ئاو بە باشترین شێوە.

**بەرزکردنەوەی هۆشیاری پەیوەست بە کۆمەڵگا**

مەبەستی جەماوەر: کۆلێژی ئەندازیاری بە گشت بەشەکانیەوە, فوتابخانەکان, ئەندامانی ئەنجوومەنی دەسەڵاتی خۆجێی

پەیامی سەرەکی: پاراستنی سامانی ئاو واتە سەلامەتی ژیان.

ئامانجەکان: بۆ دڵنیابوون لە بەکارهێنانی ئاو بە باشترین شێوە.

**مەترسیەکان و مەزەندەکانی کۆمەڵگا.**

مەزەندەکان:

- سیستەمەکە بە ڕێك و پێکی دیزاین کراوە.
- پاراستنی ساڵانە و پارچەی یەدەك بەردەستە.
- کارپێکردن و چاککردنەوە بەرێوەدەبردرێت لەگەڵ  ستافی تەکنیکی لێهاتوو.

مەترسیەکان:

- کەمبوونەوەی تێچووی تاریفە.
- پێویستە وەبەرهێنانی ئایندەیی لە کارگەی SHP لەبەرچاو بگیرێت پێویستی بۆ کارکردن لە بازاڕی ئازاد وە بۆ پێشبرکێ کردن لەگەڵ  تەکنەلۆجیاکان لەسەر بنەمای سووتەمەنیی بەردینە یان ووزەی ئاوی گەورە.
- پێشبینی کردنی ووزەی ساڵانە لە سیستمی ووزەی ئاوی پشت دەبەستێ لەسەر بنەمای تێکڕای هەڵقوڵینی ئاو بۆ ماوەیەکی درێژ, بەڵام  هەڵقوڵینی ئاو ساڵ بۆ ساڵ دەتوانێ بە شێوەیەکی گەورە تێکڕاییەکەی بگۆڕێت: ئەوەش دەکرێ سوودی لێ ببینرێت ئەگەر زنجیرەیەك شێدارت هەبێت.

## هۆکارە سەرەکیەکانی سەرکەوتن

## هەنگاوەکانی داهاتوو

| بەکارهێنانی ووزەی پێشبینیکراو لە ٢٠٢٠ | | تێچووی جێبەجێ کردن | | سەرچاوەکانی پارەپێدانی بەردەست و چاوەروانکراو | |
|---|---|---|---|---|---|
| کەمکردنەوە | | گشت تێچووەکان | 195000000 | سەرچاوەکانی دەسەڵاتی ناوخۆیی | %20 |
| MWh/a | t $CO_2$/a | خەرجیە سەرەتاییەکان و دەستپێکردن | 5000000 | سندوق و بەرنامەی نیشتمانی | %10 |
| 28110 | 23050 | نرخی کرداریی بە نزیکی (چاککردنەوە دەگرێتەوە) | 975000 | دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتیەکان | %70 |
| کەمکردنەوەی ئەژمارکراو بۆ هەرکەسێك | | داهاتی سالانە بە نزیکی بۆ پرۆژەی بەرهەمهێنانی ووزە | 4,216500 | سندوقی ئەوروپی و بەرنامەکانیان و پارە دابینکەری دەرەکی تر | |
| ڕەچاو کردنی مێگاوات لە کاتژمێرێکدا MWh/considered | ڕەچاوکردنی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە تۆن $TCO_2$ / | ڕەشنوسی ئەژمارکردنی تەواوی نرخی ئێستا.NPV | کەمکردنەوە پەیوەست بە سیناروێ کار هەروەك هەموو کات BAU | بری/ پشکی هاوبەش لە نێوان کەرتی تایبەت و گشتی (بەردەست یان بۆ زیادکردن) | |
| 0.138 | 0.011 | نیشاندەری کرداری سەرەکی | دامەزراندنی تۆرباینی زۆر بچووکی نوێ و نۆژنکردنەوەی ئەوەی بوونی هەیە | هاوتای وەبەرهێنانی تایبەت | |
| هاوبەشی دەکات بۆ | کەمکردنەوەی پەیوەست بە سیناروێ کار هەروەك هەموو کات BAU | یەکەکانی پێوانە | دەستکردن بە بەرهەمهێنانی ووزە بە مێگاوات لە کاتژمێرێکدا MHW | قەرزەکان و قەرداره بەتواناکان | |
| | 0.2% | ساڵی جێبەجێ کردن | | پاشەکەوت کردنی تێچووی ساڵانەی پێشبینیکراو بۆ بوودجەی شار | |

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | هی تر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|

| دامەزراوە و کردارەکانیان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بواری دەستێوەردان | ووزەی ئاوی (هایدرۆپاوەر) | بەشداریکردنی خاوەن بەرژەوەندان | دەسەڵاتی ناوخۆیی LA | بەرز |
| ئامرازی پلانی کار | بەرپرسیاریەکانی دابینکەری ووزە | | دەرەکی | بەرز |
| بنچینەی کار | NA | | هی تر | بەرز |

| توانایی فەرمانبەر | نزم | ناوەند | بەرز | پێویستیەکانی یاریدەدەری تەکنیکی |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |